بارۆن ئیدوارد نۆڵد

# گەشتێک بە عەرەبستان و کوردستان و ئەرمەنستاندا

## ( بەشی دووەم )

د . حەمید عەزیز

لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بەکوردی

٩٥٦٦
٢٧٨

٩٥٦،٦٧
٦٨٧٨
٢٧٨٠

باڕۆن ئیدوارد نۆڵدە

# گەشتێک بە عەرەبستان و کوردستان و ئەرمەنستاندا

## (بەشی دووەم)

## * کوردستان و ئەرمەنستان
## گەشتە باسێکی جوگرافی- مێژووییە

د. حمید عزیز لە ئەڵمانییەوە کردوویەتی بە کوردی

Baxtyar M.


**وەزارەتی رۆشنبیری**


**بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر**

ت: ٢٢٣٠٢٧٣ ـ ٢٢٦١٥٩٧

- کتێب : گەشتێک بە عەرەبستان و کوردستان و ئەرمەنستاندا
- زنجیرەی کتێب : (١٨١)
- نووسەر : بارۆن ئێدوارد نۆڵدە
- وەرگێڕ: د.حەمید عەزیز
- چاپ : یەکەم
- ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی نیشتمانیی کوردستان : (٤٧٦) ساڵی ٢٠٠٤
- هونەرکاری بەرگ و ناوەڕۆک: جەلیل محەممەد
- سەرپەرشتی چاپ : محەممەد سەعید
- چاپ : بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی رۆشنبیری/ هەولێر
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە
- نرخ : ١٠٠٠ دینار



وێنەی نووسەر




نەخشەی گەشتەکەی بارۆن ئیدوارد نۆڵدە

# پێشەکی وەرگێڕ

خوێنەری خۆشەویست: ئەو بەرهەمە، وەک لەسەر بەرگەکەی نووسراوە گەشتە باسێکی جوگرافی - مێژوویییە نووسەرەکەی لەسەر شێوەی یادداشت بڵاوی کردۆتەوە. باسەکە لە دووبەش پێک هاتووەو لە بەرگێکدا بڵاوبۆتەوە. بەشی یەکەمی بەتێکرایی باسی عەرەبستانە هەر لە بەندەری بەیروتەوە بەرەو دیمەشق (شام) ئنجا رۆژئاوای ئەو وڵاتەی ئێستا بەعێراق ناودەبرێ ئادەگاتە نەجەفو حیجاز ئنجا دەگەڕێتەوە بە نەجەف و کەربەلا بەرەو بەغدا. هەر چەندی سەرم هێناو بردو بیرم لێ کردەوە سوودێکم لە وەرگێڕانەکەیدا بۆ خوێنەری کورد زمان نەبینی بۆیە پشت گوێم خست. بەشی دووەمی بەتایبەتی باسی کوردستان و ئەرمەنستانە ئەگەر ئەو بەشەی لێ دەرکەین کە دەربارەی شاری موسڵ نووسیویەتی.

ئەوی ڕاست بێ، لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم بەشەو ئنجا وەرگێڕانی بۆ کوردی بەردەوام بیروبۆچوونی سێ فیلمی کوردی لە مێشکم دا گەڵاڵە دەبوون.

یەکەمیان: گەشتەکە خۆیەتی وەک کاروانێکی هەمەرەنگ کە لە دیلی عەبباسەوە بەکوردستانی داناوە ئادەگاتە ئەوپەڕی کوردستانی باشوور.

دووەم شەڕی تورک و هەمەوەندو ئنجا ئێکانی هەمەوەند لە بەرزاییەکانی حەمرین و ڕاگواستن و دوورخستنەوەی زۆربەی پیاوەکانی خێڵی هەمەوەند بەرەو ئیستەمبوڵ و لەوێوە بۆ باکووری ئەفەریقاو ئەو دەردی سەری و کوێرەوەرییەی بەسەریان هاتووەو ئنجا چۆن چەند کەسانێکی لەخۆ بوردەو ئازاو چاپوک توانیویانە لە باکووری ئەفەریقا خۆیان دەرباز بکەن و بگەڕێنەوە بۆ سەر موڵک وماڵی خۆیان لە کوردستان.

سێ یەم: ئەو تاوانەی ئێران و تورکیا بەرامبەر سەرکردەیەکی کورد کردوویانەو لە خێوەتەکەی سەر سنوردا ناپیاوانە کوشتویانەو ئنجا چۆن ژنە کەڵەمێردەکەی بۆ تۆڵە سەندنەوەی مێردەکەی پیاوانی خێڵەکەی کۆکردۆتەوەو بەسواری ئەسپ تاوەکو شوورەکانی ئەوسای شاری بەغدا سەرکردە تورکەکەی ڕاوناوە.

دەربارەی وەرگێڕانەکە هەوڵم داوە ئەوەندەی لە توانا دایە ناوەکان بهێنمەوە سەرێنج و بناوانی خۆیان و ئەگەر هەڵەیەکیش کرابێ وەک خۆی و بێ دەستکاریی کردن بینووسمەوە.

هەر چۆنێک بێت لێرەدا چەمکێکی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی کورد دەخوێنرێتەوە سەرەڕای ئەو ئەخشەو باسەی دەربارەی کوردو ناوچە کوردنشینە کان کردوویەتی.

هیوام وایە ئەو وەرگێڕانە سوودێکی هەبێ و جێگای شیاوی خۆی لە کتێبخانەی کورددواریدا بۆ ببەرژێ.

**وەرگێڕ / قەڵادزێ**

## نۆهەم: درێژەی گەشتەکە

## • شەڕی تورک و هەمەوەند•

ڕۆژی ٥ی مایس بەغدام بەجێ هێشت. لەبەر ئەوەی ماوەیەکی دووروودرێژبوو لێرە بووم، کۆچ و کۆچ بار، بارلێکنان و ماڵ ئاوایی و خواحافیزی کردن لە دۆست و ئاشنایان زۆری پێ چوو، بۆیە ئەو ڕۆژە هەر ئەوەندەم بۆکرا شار بەجێ بهێڵم و لەبەردەم دەروازەی شاردا شەو بەسەربەرم، ڕۆژی دوای تر گەشتەکەم دەست پێ کرد.

لێرەوە تاوەکو موسڵ شارەزای ڕێگاکە بووم، چونکە پێشتریش پیایدا ڕۆیشتبووم. دوو ڕۆژ کاروانە ڕێگای سەرەتا، بەقۆناخی شەو بەسەربردنیشەوە، ناوچەیەکە من پە- پەتی سەعدو مەسەبەح- ناوی دەبەم، ناوچەیەکی بەرداوی جگە لە بەرزاییەکانی حەمرین، لەم لایەنانەوە باشوورە دەشتاییە بەرینەکەی کوردستان دەست پێ ئەکات.

لەنێوان ٢٠ تا ٥٠ کیلومەتر گوندێک یاخود نیشتەجێ یەک هەیە ناو بەناویش چەند کێڵگەیەک بەرچاو ئەکەوێ، بەڵام بەبۆچوونی مرۆڤی ئەورووپایی ئەم ناوچەیە ئاوەدانی نییەو هەر چۆڵ و بیابانە. بەسەرزەندەی من و پشت ئەستوور بەگەشتی پێشووم: لێرەوە تانەگاتە ئاڵتون کۆپری نزیکەی ٤ کیلومەتر دەبێ، تەنیا لەسەتا دوو تا لە سەتا سێ ی دەچێنرێ و سوودی کشتوکاڵیی لێ وەردەگیرێ. هەشتی مایس لە دیللی عەبباس شەوم بەسەربرد، ئێوارەکەشی هەر لەوێ سەرکەوتووانە ڕاوە بەرازی کێویم کرد. سەرەڕای چەند زیندەوەرێکی بچووک پێنج یەکانەی کێوی زەبەللاحم ڕاوکرد دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەسوڵمانن گۆشتی بەراز ناخۆن بۆیە لاشەوکەلاکی بەرازەکان بۆ سیسارک و کەمتیار بەجێ مان. ڕاوەکە لە ناوچەیەکی زەلکاویی چڕی کیلومەترو نیویدا بوو. بەراز لەم جۆرە زەلکاوانەدا دەژی. ئەم بەرازانە شەو زیانی گەورە بەکشت و کاڵی ئەم ناوچەیە دەگەیەنن. جوتیار لێرە چەک و تفاقێکی وایانیان نییە بتوانن ئەم بەرازانە بکوژن یاخود ڕاویکەن و بیان ڕەتێنن و لە ناوچەکە دووریان بخەنەوە هەر بۆیەشە بەرازی دۆڵ و نشێویی فورات و دیجلە زەبەللاح و بیسرو دڕو هارن. جێگای داخە لەکاتی ڕاوەکەدا یەکانەیەک (بەرازی نێر) جەندرمەیەکی چەرکەسی ڕاونا و بەخراپی بریندار کرد. ئیتر نازانم جەندرمەکە لە دواییدا چاک بۆوە یاخود بەبرینەکانی چوو.

بەرزاییەکانی حەمرین کەوتوونەتە نێوان دیلی عەبباس و گوندی قەرەتەپەوە، ۲۰ کیلومەترێکی رووتەنە، بێ دارو درەخت، زۆریش بڵند نین، بەرزاییەکانیان لەتاشە بەردو کەڤری درزدراوو تێکشکاوی زل و گەورە پێک هاتوون.

هەرچەندە لە باشووری باییشی ئەم بەرزاییانەو لە ناوەراستیشیاندا چەند پۆستێکی جەندرمەی تورک دانراون بۆ پاراستنی رێبوارو کاروان لە چەتەو رێگران، کەچی حەمرین هەر جێگایەکی ئەمین نییەو مەترسی لێ دەکرێ. کاروانچی شادمان دەبێ و دەستی نزخەی دەخاتە سەر دڵی ئەگەر هاتوو بەسەلامەتی بەحەمرین دا تێپەرێ و رووت نەکرێ.

بەرزاییەکانی حەمرین، لە دوو شەرە سەختەی ساڵی ۱۸۸۶-۱۸۸۷و ساڵی ۱۸۹۰-۱۸۹۱ لەشکری تورکی عوسمانی لەگەڵ خێڵی رێگری کوردی هەمەوەند کردی، سەنگەرو پشت و پەنای خێڵی هەمەوەند بوون. ئەم خێڵە زۆرجار رێگای هامووشۆی نێوان بەغداو موسڵیان گرتووەو چەکدارەکانیشی ئەم تاشە بەردە زەبەللاحانەیان وەک سەنگەرو پالپشت بەکارهێناوەو سوودیان لێ وەرگرتوون.

وابزانم خوێنەر بێزار نابێ ئەگەر بەکورتی ئەم رووداوانەی بۆ بگێرمەوە. رێگریی لەلای کوردو لە رۆژهەلاتدا نموونەیەکی تایبەتی گرنگە، بەڵگەو دەلیل و، قەباڵەیە ساخی نەکاتەوە، کە ئەگەر ئازایەتی و خواستی خۆراگریی و لە خۆبووردن و بڕیاری چارەی خۆنووسین لە ئارادابێ، ئەوا هێزێکی چاو نەترس و کۆڵنەدەری بچووک دەتوانێ ماوەیەکی دوورودرێژ بەگژ زل هێزێکدا بچێ و خۆی لەبەر دەمیدا رابگرێ:-

حەفتاو پێنج ساڵ لەمەوبەر کوردی هەمەوەند لە ئێرانەوە هاتووە لە ناوچەی سلێمانی ژێر دەستی عوسمانیدا جێگیربووەو ناوچەی بازیان و چەمچەماڵی ئاوەدان کردۆتەوە. هەمەوەندەکان نموونەیەکی ئاشکراو بەرچاوی رێگرو چەتە بوون لە کوردستان دا، بەدرێژایی دەیان ساڵ ئەمە کاروپیشەیان بووە.

هەروەک شارەزایان باسیان لێ کردووەو لەم دواییانەشدا وەک ئەنجامێکی کێشەی ئەرمەن کە لە ئەورووپادا بایەخی پێدراوە، پەیوەندی نێوان تورک و کورد ماوەیەکی زۆرو ساڵەهای ساڵ ئاسایی بووە. خۆ ئەگەر جاروبار تەقە لە چەند کەسێک کرابێ و کوژرابێ، یاخود رێگا لە چەند کاروانێک گیرابێ و رووتکرابێ، یاخود چەند گوندێک سوتابێ و تالان کرابێ ئەوا ئەمە ئەوەندە بەگرنگ دانەنراوەو پشت گوێ خراوەو چاویشی لێ پۆشراوە.

وا دەرنەکەوێ لە ناوەراستی سالانی هەشتا دا کاربەدەستە پێشوو درێژەکانی حکومەتی عوسمانی لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەدا لە خەلکەکە بێهیوون و لە توانایاندا نەماوە هیچی تر لە بەرامبەریدا بێ دەنگ بن. تەنانەت بارودۆخەکە بەجۆرێک چەواشەبووە پۆستەو کاروانی حکومەت بەیارمەتی هەزار پاسەوان و جەندرمەو چەکدارەوە نەیانتوانیوە بەسەلامەتی بگەنە موسل، جابۆیە سولتان(بابی عالی) بەتایبەتی خۆی بەم کێشەو دۆخەوە خەریک کردووە.

حسەین ئاغای سەرکردەی ناسراوی هەمەوەند، لەگەلم دابوو بۆ موسل لە رێگای تێپەربوونیاندا بەلای ئاشە بەردە قووچ و زلەکانی تاوخ(داقوق)دا بەشانازییەوە بۆی باسکردم چۆن سالی ۱۸۹۰ دوای شەڕێکی سەختی دەستەو یەخە لەگەل هەزار جەندرمەدا پۆستەو کاروانەکەی گرتووەو ۱۲۰ هەزار لیرەی زێری تورکی دەسکەوت بووە.

دوای چەندین رێگریی و رووتکردنی لەم جۆرە موشیر ئیسماعیل پاشا کوردی بە ۲۰ هەزار چەکدارەوە فرمانی پێ دراوە هەمەوەندەکان بشکێنێ و بەسەریاندا زال بێ و تەمبێیان بکات. لەو کاتەشدا هەمەوەندەکان ۲۲۰۰-۲٤۰۰ تفەنگچی یان هەبووە، بەلام کارامەیی و جوامێریی و ئازایەتی سەرۆکی هەمەوەند جوامێر ئاغا بۆتە مایەی یەکخستنی چەکدارانی خێلەکەو بەیەک دل و گیان هاتونەتە پێشەوە بۆ مەیدانی شەڕو بەرەنگاریی.

پتر لە سالێک شەڕ هەلگیرساوەو بەگژاچوون و بەیەکدادان درێژەی کێشاوە، ناوچەکە هەر لە سنووری ئێرانەوە لە خۆرهەلات تاوەکو ناوی دیجلە لە خۆرئاوا، لە بەرزاییەکانی حەمرینەوە لە باشوور تاوەکو دەروازەکانی موسل لە باکوور مەیدانی شەڕو بەرەنگاریی و بەگژداچوون بوون. دوای کوشتارێکی خوێناوی هەمەوەندەکان شکاون. لە ئەنجامی لێ بووردنە گشتییەکەوە کە بەفرمانی سولتان عەبدولحەمید دەرچووە، هەمەوەندەکان تەسلیمی ئیسماعیل پاشا بوون. بەلام جوامێر ئاغاو ئیو دەرزەن لە دلسۆزو دەست و پێوەندەکانی هەلاتوون و خۆیان بەدەستەوە نەداوە، سنووری ئێرانیان شکاندووەو خۆیان کردووە بەشاری تاران دا. لەوێ شاخودی خۆی ئاگاداریی و چاودێری ئەو سەرکردە کوردەی کردووە، بگرە لەوەش پتر بەهۆی ئازایی و جوامێرییەوە کە ئەم ئاغایە ناوبانگی پێ دەرکردووە، مووچەیەکی باشی بۆ براوەتەوەو لە ریزی پاسەوانی تایبەتی شا خۆیدا دانراوە.

کاسبکارو بازرگان و خەڵکی بێ لایەنی ئەم ناوچەیە کە ساڵەهای ساڵ بوو دووچاری دەستی ناهەمواروو بەڵای لابەلای هەمەوەندە زۆردارەکان بوبوون، دوای شکانی ئەم زۆردارو چەوسێنەرانە، دوای لێ بووردنە گشتی یەکە دەستیان لەوە شت ئەم زۆردارانە لەناو ببرێن و ناوچەکە لەبەڵاو ئەشقەڵەیان رزگاری ببێ. چونکە گیراوو شکاوەکان بەشێوەیەکی سادەو ساکارو هاکەزایی سزایان بۆ بڕدرایەوە. سوڵتان خۆشی پیاوی دلێرو رەشید و ئازای خوش ئەویست سەرەرای ئەمەش تکاو پارانەوەی گیراوەکانیش کاریان تێکرد. بۆیە لەم کێشەیە شتێک نەکەوتەوە سوودو قازانجی خەڵکی ناوچەکەو زیانی هەمەوەندە گیراوەکانی تیادابێ. هیچ کەسێک لە هەمەوەندە گیراوەکان گوللە باران نەکرا. جەندرمەو سەربازە کوژراوەکانی ئەم شەڕانە هیچ حسابێکیان بۆ نەکرا، تەنانەت ئەو کەسانەی بەهۆی تاوانی کوشتنەوە گیرابوون و دانیان بە ٢٠-٢٥ تاوانی کوشتن و و رووتکردنەوەدا نابوو، دادگای جەنگ سزای مردنی بۆ بڕیبوونەوە، ئەوانیش تیر باران نەکران! گیراوەکان بەخشران و رەوانەی ئەستەمبوڵ کران. سوڵتان نیازی وابووە ئەم گیراوانە بکات بە پاسەوانی تایبەتی خۆی. بەڵام ئەم ئاوات و نیازە نەهاتەدی چونکە تەتەرو پەیامبەرو نوێنەری وڵاتە ئەوروپاییەکان نارەزایی خۆیان بەرامبەر ئەم نیازەی سوڵتان دەربڕیوەو مەترسی خۆیان نیشان داوە کە گوایە نیشتەجێ بوون و جێگیربوونی چەند هەزار چەتەو رێگری دەست رەش وەک ئەمانە لەم شارەدا ئەوەندەی تر نائەمینی و ناناسایشی شاری ئەستەمبوڵ و ناوچەکە پتر دەکات. ئیتر ئەوەبوو سوڵتان لەم نیازەی پاشگەزبۆتەوەو گیراوەکانی رەوانەی تەرابلسی ئەفەریقا کردووە.

هەر لە سەرەتاوە لە ئەنجامی نارێک و پێکیی ئێشک گرتن و بەهۆی کەمتەرخەمیی پاسەوانەکانەوە زۆربەی زۆری خەڵکە گیراوەکان توانیویانە خۆیان بدزنەوەو تەرابلس بەجێ بهێڵن و بگەڕێنەوە وڵات و سەرجێگاو رێگای جارانی خۆیان دوای دوو ساڵ زۆربەی هەرە زۆریان توانیویانە جارێکی تر یەکبگرنەوەو لە ناوچەکەی جارانی خۆیان جێگیر ببنەوە. بەشی زۆری زەوی و زارو موڵک وماڵی ئەو خەڵکەی دوورخرابوونەوە، لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە زەوت کرابوون و دەستیان بەسەرداگیرابوو، یاخود بەخشرابوون بەخەڵکی تر، یان راستەوخۆ لەلایەن کاربەدەست و بەڕێوەبەرانی خەزێنەو موڵکی سوڵتانەوە(سینیە[1] (SeniYa رەنێوەدەهێنران.

هەمەوەندەکان لەو زەوت کردنەی موڵک و ماڵیان زۆر نارەحەت و هەراسان نەبوون چونکە بەو چەک و تفاقە جەنگییەی هەیانبوو بەو توانا کەمەی ئەوسایان نەیانتوانیوە کاربەدەستانی عوسمانی راوبنێن و لە ناوچەکە دووریان بخەنەوە، ئیتر تارادەیەک بەناچاری بەو بارودۆخە قایل بوون.

ناوبەناو خەڵکەکە شکایەتیان کردووەو نامەو ئەرزو حاڵیان نوسیوە بۆ ئەوەی موڵک و ماڵە زەوت کراوەکانیان بدرێتەوە، بەڵام ئەمە هیچی لێ پەیدانەبووەو بگرە بێ سوودبووە، چونکە کاربەدەستانی ئەستەمبوڵ سەرگەرمی چەند کێشەو بەرەیەکی تر بوون یاخود شەکەت و ماندووبوون و مەیلی ئەوەیان نەبووە جارێکی تر شەڕ لەگەڵ کەسانێکی سەرکێش و کەللە رەقدا بکەن.

سوڵتان لە جوامێر ئاغا خۆش نەبووە، چونکە ئەم ئاغایە نەیویستووە سەری بۆ شۆڕ بکات. کاربەدەستانی تورک دژی تاران کەوتونەتەخۆو کۆششیان کردوە ئێران ئەو پیاوەیان بداتەوە. چەند ساڵێک ئەم تەقەللاو کۆششە بێ بەربوون، چونکە دەوڵەتی فارسی نەیویستووە ئەم سەرەک رێگرە بەناوبانگە بداتە دەست. ئەم هەڵوێستەی تاران سوڵتانی نارەحەت کردووە.

بابی عالی هەر سوور بووە لەسەر داواکەی. پتر پێی داگرتووەو تینی پتر بۆ کاربەدەستانی فارس هێناوە. شا لەم هەراو هۆریاو و بگرەو بەردەیە بێزار بووە وبڕیاری داوە مل بدات. وەک باس کراوە ئێران قایل نەبووە راستەوخۆو بەشێوەیەکی رەسمی جوامێر ئاغا بداتە دەست، چونکە ئەم کارە شان و شکۆی شاه لەکەدار ئەکات. تاران بڕیاری داوە بەشێوەیەکی ناجوان ئەم ئاغا هەمەوەندە بفەوتێنن بەو بیانووەوە گوایە هەمەوەندەکانی ناوچەی سلێمانی گێرە شێوێنن و ئاژاوە بەرپا ئەکەن و دەڤەرەکەیان شێواندوو، چەند بەشێکی لەشکری عوسمانی بەسەرۆکایەتی محەمەد پاشا بەرەو سنوری ئێران هاتووەو لەوێ جێگیربووە. لەلای ئێرانەوە ئوستانداری ئەسفەهان ژەنراڵ سایە سوڵتان (کوڕە گەورەی نەسرەدین و جێنشینی شاه) لەناوچەکە پەیدابووە، ئنجا جوامێر ئاغا لەلایەن ئێرانەوە نێردراوە

---

(١) هەوڵێکی زۆرم دا لە خەڵکێکی زۆرم پرسی ئەو وشەیەم بۆ نەهاتەوە سەرێنج و بناوان وزە چەڵەکی خۆی. نووسەر ئەو وشەیەی بەکارهێناوە لەلایەوە وشەی موڵک و خەزێنەی نووسیوە.

بۆ ناوچەکە، بۆ ئەوەی، وەک بەخۆی وتراوە، لەنێوان هاوڵاتیەکانی خۆیدا ناوبژی بکات، کەچی وەک دەرکەوت ناوەکو ئەوکاتە هەمەوەندەکان هیچ گیروگرفت و ناشوبێکیان نەخولقاندبوو، ئیتر دیارە مەسەلەکە هەر لەسەرەتاوە رەنگی بۆ رێژراوە. جوامێر ئاغا هەر لەسەرەتاوە لەم نیازە ئاگادارکراوەتەوە بەڵام نەیتوانیوە سەرکێشی بکات و فرمانی ناردنەکەی بۆ ناوچەکە بشکێنێ. ئایا شاه بەوە قایل بووە کە لە دواییدا بەسەر جوامێر ئاغادا هات یاخود شاه خۆی بەشداری لەم پیلانەدا کردووە؟ ئەمە بابەتێکە لێرەدا وایهێنینەوە.

ئەوەی لێرەدا ئەقڵ نایبڕێ ئەمەیە: جوامێر ئاغا بەتەواوی لەسایەو لەژێردەستی شاهدا دابووە خۆ ئەگەر شاه خۆی ویستبایەی بیکوژێ ئەوا ئەمە وەک ئاو خواردنەوە وابووەو پێویستی بەم هەموو پرۆسە دوورودرێژو هێنان و بردن و شانۆیە نەکردووە. ئەمە بەڵگەیەکە بەسوودو قازانجی شا تەواو دەبێ و دەریدەخات شا راستەوخۆ دەستی لەم کوشتنەدا نەبووبێ. (لەوانەشە شاه ویستبێتی بەم کارەی قایل بوونی خۆی بەم کوشتنەی ئەم ئاغایە بەم شانۆیە بشارێتەوە) و رووداوەکەش لەلایەن ئەستەمبول، محەمەد پاشاو، سایە سولتانی ئێرانەوە رەنگی رێژرابێ! هەروەک دۆست و ناشنایانی جوامێرو هاوڵاتیان کە ئەوسا لەوێ کۆبوونەوە، پێشبینیان کردووە، کارەساتەکە هەروا قەوماوەو روویداوە.

بەشێوەیەکی خیانەتکارانە و، ناجوان و بەنامادەبوونی محەمەد پاشا، جوامێر لە خێوەتەکەی جێنشینی تەختی سەڵتەنەتی فارس دا کوژراوە. هەواڵی ئەم کارەساتە خوێناوییە دەست بەجێ بڵاوبۆتەوەو دەنگی داوەتەوە دەستبەجێ خەڵکەکە پێیان زانیوە. ژنی جوامێر ئاغا لە نزیکەوە چاودێری ی کردووە بزانێ دانیشتنی ناو خێوەتەکەی سایە سولتان و محەمەد پاشاو مێردەکەی چی لێ دەبێتەوە بەبیستنی هەواڵی کوژرانی مێردەکەی بووە بەفەرماندەی هەمەوەندەکان و لە محەمەد پاشا بێ بووەو دەماری گیراوەو بەرچاوی تاریک بووە، پاشا تورکەکەی بەهۆی بەرپرسی لەناوچوونی مێردەکەی داناوەو تۆڵەکەی خستۆتە ئەستۆی ئەم سەرکردە تورکە. کاتێک محەمەد پاشا گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا ئەم کەڵە ژنە بەپیاوەکانیەوە کەوتۆتە دوای و سوارە چەکدارەکانی پاشای عوسمانیان وەک ناردی ناو درک پەرش و بڵاوکردووەو وەک کەوی برابرایان لێ هاتووە، پاشا خۆیشی ئەگەر تیژرەویی و چاپووکی ئەسپە رەسەنەکەی نەبووایە (ئەسپەکەی ناوی مانیک بووە) ئەوا لەدەست

ئەم ژنە قـووتار نەدەبوو.پاش سێ ڕۆژ ڕاونان کـە نزیکەی ۳۰۰ کـیلۆمـەترە ڕێگا بووە، فـەرمـاندە تورکـەکـە بەهانکە هانک گـەیشـتـووەتە نزیک شـاری بەغـداو بەپەلەپرووزە خۆی بەدەروازەی شاردا کردووەو قـووتاری بووە. وەک بۆیان گێڕاوەتەوە ئەم بێوەژنەو پیاوە هەمەوەندەکان تادەروازەی شـاری بەغدا ئەو سەرکردە تورکەیان ڕاوناوەو ڕەتاندوویانە. لە دواییدا مانیک(ئەسپەکەی محەممەد پاشا) کەوتە دەست من.

لێرە بەدواوە هەمـەوەندەکان دەستیان کرد بەتیرۆرو تۆقاندن لە ناوچەکەدا. سالی ۱۸۹۰تا۱۸۹۱ هەمـوو ڕێگاوبانی ئەم ناوچەیە گیراون و ئەو کاروان و پۆستـەیەی دوو هەفـتـە جارێک لە بەغداوە هاتووە ئەبوایە ۱۲۰۰ جەندرمـە بیـپارێزن. بەڵام ئەمـەش هەتاسـەر سـەری نەگرتووە، چونکە هەمـەوەندەکان سێ جار ئەم کـاروان و پۆستەیان شکاندووەو دەستیان بەسەردا گرتووە. بێ گومان لە بارودۆخێکی ئاوەهادا ئەم کارانە شتێکی نائاسایی نین.

دیسـانەوە تورک لەشکری کردۆتەوەو بەسـەرکردایەتی مـارشـاڵ هیدایەت پاشا شەڕی خوێناوی لەگەڵ هەمـەوەندەکاندا کردۆتەوە. جێگای داخە ئەم مـارشـاڵە لەم دواییەدا مردووە. دوای ئەم شەڕە کراوە بە فـەرمـاندەی گـشـتی هەردوو ناوچەی بەرەو حەسـا. بێ پسانەوەو یەک لەدوای یەک شەڕی سـەخت لەگەڵ ئەم خێڵە سەرسـەختە ڕێگرە بەجۆرکانەهاتووە کراوە. ئەم خێڵە بۆتە مایەی بەستی و نارەحەتی سوڵتان. خوێنەگەر هەمەوەندەکان لەشەڕدا تییان بۆ هاتبێ ئەوا ناویەناو سنووری ئێـرانیـان بەزاندووەو خـۆیان کـردووە بەودیودا. یاخـود بەرەو دیجلەی چۆڵی میـسـۆپۆتامیا هەڵاتوون و لەلای خێڵی کۆچەریی شەممەری دۆستیان پەناو حەشار دراون. مـاوەیەک لەوێ پشوویان داوەو ئنجا سەر لە نوێ خۆیان چەکدار کردۆتەوەو هاتوونەتەوە مـەیدان و بەگژ لەشکری عوسـمـانیـدا چوونەتەوەو شـەڕیان لەگـەڵدا کردووە. دواجار هەمـەوەندەکان شکاون و پەکیان کەوتووە بەتایبەتی لەدوا شـەڕی باکووری نشێوی حەمرین دا کە لەشکری عوسـمانی بەسەرۆکایەتی هیدایەت پاشا بووە.

وەک هیدایەت پاشا خۆی بۆی گێڕامەوە لەشکری تورک لە دوو هەزار چەکدار پێک هاتووە هەمـەوەندیش تەنیا(٤۰۰) چەکداری هەبووەو شەڕەکەیان دۆڕاندووە. ئەوانەی نەکوژراون وتووتێیان لەگەڵ هیدایەتدا کردووە، ئەویش گفتی پێ داون بیان

بەخشی. ئەم تورکە لەو بارودۆخە ناهەموارەدا دوژمنەکانی دوێنێ ی خۆی بەخشیوەو لێ ی بووردوون و بگرە چەکیشی نەکردوون و هەر بە چەکداری وەک جاران ماونەتەوە، ئیتر بۆیە بارودۆخی پێش شەڕەکە جارێکی تر باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوەتەوە. سەرەڕای گلەیی و سەرزەنشت و نارەزایی فەرماندەکانی بەغداو موسڵ ئەم بڕیارو لێ بووردنە گشتییەی هیدایەت پاشا لە ئەستەمبۆل پەسندکراوە. لە دواییدا هەندێک لەسەرکردەکانی هەمەوەند کراون بەفەرماندەو سەرۆک جەندرمە ئەوانەیش ئەیانویستووە وەزیفەیان بدرێتێ و هیچ خێرو خۆشیەکیشیان لە ژیانی ئاسایی رۆژانە نەدیوە لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە موچەی خانەنشینی(تەقاویتی)یان بۆ بڕاوەتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر دوژمنایەتی سوڵتان نەکەنەوەو هەر بەدۆستیی دەوڵەتی تورک بمێننەوە روتبەو خەڵات و نیشانیان پێ بەخشراوە.

* * *

ئەتنیا ئەو تاقمەی هەمەوەند دووچاری ئەهامەتی و کوێرەوەری بوون کە ئەیانویستبوو یاخود بەهۆی ورداییی لەمەولای پاسەوانەکانەوە ئەیانتوانیوە ترابلس بەجێ بهێڵن و بگەڕێنەوە سەر جێگاورێگای خۆیان. ئەوی راست بێ ئەو تاقمە خەڵکەی لە ترابلس مابوونەوە هیچی تر لە دەوڵەت یاخی نەبوون و لەو شەڕە خوێناوی یەی دووەمیشدا، کە باسمان کرد، بەشدار نەبوون.

کەچی کاربەدەستانی دەوڵەت هیچ حسابێکیان بۆ ئەم هەڵوێستەی ئەو تاقمە هەمەوەندە نەکردبوو، بگرە پشت گوێ یان خستبوون و لەجیاتی بێ زانین و چاکەدانەوە پتر بەرەو قوڵایی ئەفەریقا رەوانەیان کردوون و بەهۆی ئاووهەوای ناخۆش و ناهەمواری ئەم دەڤەرەوە ئەم تاقمە هەمەوەندە دەست بەسەرە لەناوچوون و فەوتاون. ئەم هەڵوێستە نارەوایەی دەوڵەت کە ئەوپەری ناهەق و بێ دادیی و ناعادیلانە بووە بەرامبەر ئەو گرویەی هەمەوەند زۆر دڵگیری کردم زۆرجار بەسووربوون و پێداگرتنەوە سەرزەنشتی کاربەدەستانم کردو بەچاوم دادانەوەو پێم گوتن ئەم جۆرە کارە ئاوو ئاوڕیانگیان خراپ ئەکات و بەخراپی ناوتان دەزڕێ. هەروەها پێم وتن رەوا ئەوە بوو:- ئێوە هەموو هەمەوەندەکان بێ جیاوازیی ببەخشن و ئەوانەش کە لە ترابلس دەست بەسەربوون ئازاد بکەن و بیانهێننەوە سەر جێ و رێ ی خۆیان، یاخود ئەوانەی لە شەڕدا گیراون و ئەوانەی بەقاچاخی لە ترابلسەوە هاتونەتەوە بێ جیاوازیی رەوانەی ئەفەریقاو دوور وڵات بکرێن وەک ئەوانی تر.

هەواڵنامەی کتێب

ئەو هەوڵەی دام و ئەو کۆششەی کردم بێ بەربوو. هەستم پتر بەوە کرد هەوڵەکەم بەلایەکەی تریدا هەر بێ ئەنجام دەبوو، واتە ئەگەر ئەوکاتە لەجیاتی ئەوەی کردم وتم هەوڵم بۆ چەند کەسانێکی هەمەوەند دابایەو داوام بکردایە ئاسایش و هێمنی ڕەوا، ئەگەرچی بەکەمی لە ئازادابوون، جارێکی تر سەقامگیر بکرێتەوە. وابزانم ئەم داواکاریەی دوایم لە ئەستەمبوڵ باشتر قبوڵ وپیادەکرا.

لێرەدا نموونەیەک ئەهێنمەوە بۆ ئەوەی ئەوشتانە پتر روون بکەمەوە کە تائێستا باسم کردوون.

حسەین ئاغا کە پێشتر باسم کرد، خۆی بێ وتم کاروانێکی لە بەغداوە هاتووی دەوڵەتی گرتووەو ۱۲۰ هەزار لیرەی تورکی دەسکەوت بووە، پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتدا مۆرکردبوو کرابوو بەسەرۆک جەندرمەی کەرکوک، بەلام ئەم ئاغایە سەرەرای ئەو پۆستەی پێی درابوو پەیوەندی لەگەڵ کاربەدەستاندا خراپ بوو لەگەڵیاندا هەڵی نەئەکردو نەیئەکێلا. ئەم ئاغایە وای ئەزانی کە هەبوونی کاربەدەستانی عوسمانی و دەسەلاتیان لەم شارەدا مانای بێ دەسەلاتی و نائازادیی و نابەرەبستی خۆی ئەگەیەنێ. بەواتایەکی تر ئەم ئاغا هەمەوەندە لە دەست رۆیشتویی و هەبوونی کاربەدەستانی تورک لەم شارەدا بێ دەسەلاتی و نائازادی خۆی بەدی ئەکرد. بۆیە لە هەوڵی ئەوەدا بوو بگوێزرێتەوە بۆ هەولێرو لەوێ روتبەو نیشان و پۆستی تری بدرێتێ. پشت ئەستوور بەو دۆستایەتی یەی لەمەوبەر لەنێوانمان دروست ببوو داوای لێ کردم ئەگەر لە ئەستەمبوڵ باسی ئەو کرا، ئەوا وای بەباش دەزانی من لە ئەستەمبوڵ ئەمەی بۆ بکەم. سەرەرای نارەزایی والی کەرکوک(من لەگەڵیدا تێک چووبووم)و سەرەرای نارەزایی ئەزیف پاشای بەرێوەبەری مولک و ماڵی ئەمیریەی موسڵ، ئەم ئاواتەی ئاغای هەمەوەند هاتە دی. بەلام ئەمە چۆن روویدا؟

ئایا ئەم ئاواتەی ئەو هەمەوەندە شتێکی رەوابوو؟ یاخود هەوڵ و کۆشش و تەشەبوسەکەی من جێی خۆیان گرت و من لەلای کاربەدەستان قسە رۆیشتوو بووم؟ ئەمانە هیچ کامێکیان ئەبوون. بەڵکو پتر لەوەوەبوو من بەنووسین و بەقسە هەوڵم بۆ چەتەو رێگرێکی ناسراو دابوو، لەو شتانەشدا کە وتبووم لەسەر هەق بووم. ناهەقیش نیم ئەگەر ئێستا بەهۆی ئەم بەسەرهاتەوە سەرزەنشتی خۆم بکەم. چونکە هەرووک لە دواییدا بیستم و بۆیان باس کردم ئەم پیاوە سەرۆک رێگرو چەتەیە لە

هەولێری پڕ خێروبێرو بەفەردا بووە بەدەسەلات دارێکی زۆردارو بەزەبرووزەنگ و دەستی لە هیچ نەپاراستووە. ئەوەی لێرەدا دڵی خۆمی پێ ئەدەمەوە ئەمە: ئەگەرچی من ئەم ناوچەیەم دوچاری بەڵای دەستی ئەم پیاوە کردووەو ئۆباڵی ئەمەش دەچێتە ئەستۆم، بەڵام بەگواستنەوەو دوورخستنەوەی ئەم پیاوە لێرە، ناوچەیەکی پان و بەرین و گەورە لە تەشقەڵەکەی رزگاری بوو بێ گومان ئەو هەوڵەی من دام بۆ گواستنەوەکەی تەشقەڵەو بەڵای لایەلای ئەم پیاوەم کەمتر کردەوە، کاربەدەستانی تورکیاش هەروا بیریان دەکردەوە.

## بەشی دەیەم:

## • لە قەرەتەپەوە بۆ کەرکووک •

ئێوارەی ٩ی مایس گەیشتمە قەرەتەپە، ئەم ناوچەیە هیچ گومانی لێ ناکرێ کە ناوچەیەکی کوردییە. من لەلایەن دانیشتوانەوە وەک دۆست و ناشنایەکی ناسراو بەگەرمی ی پێشوازی کرام، هەروەک بۆیان باسکردم، هەموو کوردەکان لەلایەن سەرۆک و ئاغاکانەوە راسپاردرابوون هیچ جۆرە دیاری و بەخششێک لەمن وەرنەگرن، چونکە من دۆست و میوانی هەموو خێڵەکانم هەروەها تکایان لەمن کرد هیچ دیاری یەک نەدەم بەکەس، چونکە ئەم جۆرە کارە فێری شتی ناڕەوایان ئەکات. دووسەعات پێش ئەوەی بگەمە قەرەتەپە لەسەر پردی ئارین سوو دەئەسپ سواری هەمەوەند لەناویاندا کوڕە بچووکەکەی جوامێر ئاغا دەرکەوتن. خدر ئاغا ئەم خۆشەویستە بچکۆلەیە کە ١٣ ساڵی تەمەنی تەواونەکردبوو سواری ئەسپێکی چەمووش و سەرکێش بوو بوو شانازیی و خانەدانیی لەناو چاوانیا بەدی دەکران. تفەنگێکی سەربازیی قورسی لەشان کردبوو لەبەریدا پشتی چەمابۆوە. بەداخەوە ئەم سوارە گچکە مێر منداڵە دەسەلاتی بەسەر ئەسپە سەرکێشەکەیدا نەدەشکا بۆیە چەند رۆژێک دواتر ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕوویداوە. ئەم ئەسپە سڵی لە سوارەکەی ئەکردۆتەوەو سواریش ئەسپەکەی پێ نەگەڕاوەتەوە بۆیە ئەسپی تایێن گورەسازی داوەو پڕ بەدەم قەپی لەسمتی سوارێکی ئەسپێکی تەنیشتی یەوە گرتووەو تاوەکو چەند ئەسپ سوارێکی تر فریای کەوتوون و ئەسپی تایێنیان دوورخستۆتەوەو کابرای قەپ لێ گیراویان قووتار کردووە بەڵام پاش چی؟ ئەسپە چەمووشەکە پارچە گۆشتی زلی لەپشت و سمتی سوارەکە کردبۆوەو ئەمەش تووشی خوێن بەربوونی

کردبوو پاش چەند سەعاتێک بەوبرینانەی چووەو گیانی لەدەست داوە. زۆرم هەوڵدا یارمەتییەکی بریندارەکە بدەم هیچم بۆ نەکرا برینێکی گەورەو خوێنێکی قوارە ئاسایی تیمار نەدەکران، ئەو کەرەستە کەمەی من پێم بوو بەشی ئەوەی نەدەکرد خوێنەکە بگرم و برینەکانی بپێچم. من لەو باوەڕەدام ئەگەر برینپێچێکی پسپۆڕیشی لێ بایە هەر هیچی بۆ نەدەکرا. ئەم جۆرە بەسەرهاتانە لە ڕۆژهەڵاتدا شتێکی ئاساییێ و ڕۆژانە ڕوو ئەدەن.

لەبەشی باکووری قەرەتەپە کێشەیەکی بچوکی سروشت تایبەت پەیدا بوو بوو. هەردوو خێلی زەنگەنەو جافی دانیشووی ئەم دەوروبەرە لەنێو خۆیاندا بەشەر هاتبوون هەوڵ و تەقەللای والی کەرکووک و نوێنەری هەردوو خێلی بێ لایەنی هەمەوەندو داوودەیی بۆ ئاشت کردنەوەیان هیچ ئەنجامی نەبووە.

هەموو ئەو خێڵانەی ناوم هێنان بانگهێشتیان کردم سەریان لێ بدەم و میوانیان بم بەڵام ئەم بانگهێشتە لەگەڵ مەبەستی گەشتەکەمدا نەدەگونجا.

هەردوو خێڵە بەشەڕهاتووەکە هەریەکەی دە ئەسپ سواری خستە بەردەستم بۆ ئەوەی پێنج ڕۆژ ڕێگا تاوەکو ئالتون کۆپری لەگەڵمدا بێن. ئەوکاتە لە بارەگاکەی من ئاشت بوونەوەو ئاگر بەست و دەستەبەربوونی بەردەوامی شەڕ وەستان و تەقەنەکردن زەحمەت نەبوون. بەڵام ئەم کارە هەوڵ و کۆششێکی زۆری ئەویست چونکە ئەم ڕێککەوتنە دەبوو بەتەواوەتی پیادەبکرێ و هەردوولا پەیڕەوی بکەن و گفت بدەن کە ڕێککەوتنەکە نەشکێنن. جگە لەوەش دەبوو دەستەبەریی ئەوە بێن کە ئەو دەکەسەی لەگەڵمدا دێن بۆ ئالتون کۆپری (پردێ) ژیانیان بپارێزرێ و لەکاتی گەڕانەوەیاندا لەگەڵ یەکتری بە شەڕنەیەن، نەکەونە کەمین و بۆسەی یەکترییەوە، بەدڵنیایی و بێ ترس و خەم بچنەوە سەر جێ و ڕێ ی خۆیان.

وردە وردە خەڵکەکە لە قەرەتەپە لەگەڵ یەکتری ڕێککەوتنەوەو ئاگری شەڕو ناخۆشیی دامرکایەوە، منیش توانیم خەم ڕەستەو بەدڵنیاییەوە درێژە بەگەشتەکەم بدەم.

ڕاستە لە مێژبوو من خووم بە بارەگای ڕەنگین و ڕازاوەو کاروانی هەمەڕەنگ و قەرەباڵغەوە گرتبوو، بەڵام دەبووایە لەم گەشتەم دا بگەمە ئەنجام و مەبەستم، سەرەڕای ئەمەش ناچاربووم خەمخۆرو سەرقاڵ و سەرگەرمی ئەمانە بم و مشووریان بخۆم:

هەواڵنامەی کتێب

١- کاروانێکی جوان و قەشەنگ و رازاوەی کەژاوە ئاسایی کە تایبەت بوو بەمن.

٢- دوانزە سەربازی تورکی عوسمانی کە لە یەمەن لە خزمەتی سەربازیی هەڵاتبوون و پەنایان بۆ من هێنابوو، دەبوایە من لەگەڵ خۆمدا بیانبەمەوە بۆ ماڵ و بۆ سەر جێگاو رێگای خۆیان.

٣- پاسەوانەکان ژمارەیان ٣٠ سەرباز بوو لەگەڵمدا بوون.

٤- پەنجا ئەسپ سواری کورد کە هەر دەکەسیان سەر بەخێڵێک بوون، داوودی، هەمەوەند، زەنگەنە، شارەزووریی و جاف.

٥- بیست کۆچەری عەرەب(بەدوو).

٦- ژنێکەی دەرزەنێک چەرکەس و ئنجا،

٧- جووتە دەرزەنێک کەسانی هەمە جۆرو هەمە تۆو وەک بازرگان، فرۆشیارو ئەوانەی ناو بەناو سەفەر دەکەن. خێوەتی تایبەتی خۆیان هەبوو دەست و پێوەندو خزمەتچی خۆیانیان لەگەڵدا بوو. خۆیان خزاندبۆ پاڵ کاروانەکەی من و لەمنیان ئەویست بەدرێژایی سەفەرەکە خەمخۆریان بم و بیان پارێزم. هیچ ئەرکی سەرشانی من نەبوو بگرە پێویست نەبوو من لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە سەفەر بکەم چونکە لە خەم و سەریەشەو هەراوهۆریا بەولاوە هیچی تریان لێ شین نەدەبووە. بەڵام بەپێ ی داب و دەستوور نەدەکرا تکاکەیان قبووڵ نەکەم و نەیانپارێزم. چونکە خەڵکی ئاسایی ئەم تکا ئەگرتنە بەجۆرێک لێک ئەدەنەوە کە هیچ جیاوازیی نەبێ لەگەڵ رووتکردن و تاڵان کردنی ئەو خەڵکەی تکاکەیان ناگرێت. هەرچۆنێک بێت لە دڵی خۆمدا گاڵتەم بەوکەسانە دەهات کە داوایان لێ دەکردم ناویان بنووسم و لەگەڵمدا سەفەر بکەن و بیانپارێزم. ئەم خەڵکە لە کۆڵم نەبوونەوەو ئەو جۆرە تکاو داواکاری یانە لە یەخەم نەبوونەوە تا لە بتلیسەوە چووم بۆ ئەرزەرۆم.

حاجی سالح چێشتکەری من بوو، سوودێکی باشی لە بارودۆخە وەرگرت.

ئەم چێشتکەرەی من پیاوێکی بازرگانی پارەدارو دوو خزمەتچیەکەی کردبوون بەخزمەتکاری و خۆی و داروچیلەکەی پێ کۆنەکردنەوەو ناوی پێ ئەهێنان و کەسکی پێ ئەدان بەرامبەر بەوەی کابرای بازرگان لە خێوەتەکەیدا بەدڵنیاییەوە شەو ئەخەوێ. ئەوی من بیزانم حاجی سالح جاروبار دیاریشی لە کابرای بازرگان ئەستاندو پێ ی ئەوت مەترسە من ئەتپارێزم. .کابرای بازرگان

دەوڵەمەندبوو(٥٠٠٠) لیرەی زێڕی لە باخەڵدا بوو ئەیویست بۆ شت کڕین بچێ بۆ تەرابزۆن. بەوە دڵخۆش بوو کە ترسی لەسەر نییەو ڕووتناکرێ و حاجی سالح ئەیپارێزێ. شەویش بێ خەم و خەیاڵ لە خێوەتەکەیدا ئەخەوێ!

لە ڕێگای ڕۆیشتن دا، لە هەر شوێنێک بۆنی بێگانە کرابایەو ترسی ڕووتکردن لە خەڵکەکە نیشتبایە، یەکسەر ئەهاتنە لام و پارەو ماڵ و پاشەکەوتەکەیان دەدایە دەست من بۆ ئەوەی لە سنوقەکانی ناو خێوەتەکەی من دا بۆیان تاقەت بکەم، چونکە ئەوان وای بۆ ئەچوون، لەمەشدا ناهەقی نەبوون، سنوقەکانی نێو خێوەتەکەی من دواشت دەبێ بکەونە دەست دوژمن و ڕێگران. هەر لەبەر ئەم هۆیە بوو هەندێ نهێنی سەیرو سەرنج ڕاکێشم بۆ ئاشکرابوو، بەتایبەتی بۆم دەرکەوت کە ئەو خەڵکە چ پارەو ماڵ و سامانێکیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەو لە پرتەکەو باخەڵیاندا حەشاریان داوە. لەکاتی ترس و لێ قەوماندا وەک ئەمانەت ئەو پارانەیان ئەدایە دەست من و تکایان لێ ئەکردم باسیان نەکەم و بەکەسی تر نەڵێم ئەو پارەو ماڵە هی چ کەسێکە. بەڵام ئێستاکە من هیچ بەپێویستی نازانم بێ دەنگ بم و ئەم شتە وەک نهێنی لە خوێنەری ئەورووپایی بشارمەوە.

کاتێک ئەو خەڵکە ئەم هەموو پارەو زێڕو ماڵەیان پێ ئەسپاردم سەرم سوڕئەماو ئەحەپەسام، ئەم جۆرە خەڵکەو ئەو ماڵە زۆرە کوجا مەرحەبا! ئێستاش بێ سێ و دوو لێ کردن ئەڵێم:-

بیروبۆچوونی زاناو نابوری ناسان لە جێگای خۆیدا بووە کەوتوویانە:- لە وڵاتە دەست کورت هەژارەکاندا، وەک وڵاتانی ڕۆژهەڵات و هیندستان و چین، پارەو پوڵ و ماڵێکی ئەختینەی زۆرو زەبەند بەدەست میللەت و خەڵکەوەیە بەڵام بەشێوەیەک کە دەتوانرێ بەشاردراوەی ناوببرێ! ئەوشتەی من لە گەشتەکەمدا بەچاوی خۆم دیتم ڕاستی ی بیروبۆچوونی ئەم زاناو شارەزایانەساخ ئەکاتەوە. لێرەداو هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوێ چەند ڕستەیەکی ناو دەفتەری یادداشتەکانم، کە کاتی خۆی تۆمارم کردبوون ئێستا بخەمە بەردەست خوێنەر:

«لە ٦ی ئەمڕۆ ئەم پارەو ماڵانەم پێ سپێردران و لە باوڵی ژمرە چوارو پێنج دا تاقەتم کردن و هەڵم گرتن:-

١- ئەسروڵڵا شامیر(تەرجومانی منە) ئەم پارەو ماڵەی تەسلیم کردووم: ١٣٢ لیرەی زێڕی ئینگلیزی، ٣٦ لیرەی زێڕی تورکی، ١٧ لیرەی زێڕی ناپۆلیۆنی و ٦٢

مەجیدی یەی زیوو.

٢- گیو دوون:- ١١٠ لیرەی زێڕی ئینگلیزی، ٤٠ لیرەی ئاڵتونی تورکی، ٢٠ لیرەی ناپۆلیۆنی و ٩٠ مەجیدی یەی زیو.

٣- حاجی سالح(چێشتکەرەکەی من مانگانە ١٦٠ مارک مووچەکەی بوو): ٩٠ لیرەی زێڕی ئینگلیزی ٥٠ لیرەی ئاڵتونی تورکی ٦٢ لیرەی ناپۆلیۆنی، پسوولەیەکی(قەبالەیەکی) بانکی حەلەب تیایدا نووسراوە خاوەنەکەی ١٨٠ لیرەی زێڕی تورکی بەبانک سپاردوە.

قەبالەیەکی تر تیایدا نووسراوە کە حاجی ٨٥ لیرەی ڕەشادی لەبانکی عوسمانی ئەستەمبول داناوە.

٤- محەمەد سەعید(مەیتەر مانگانەکەی ٤٠ مارک بوو) ١٣٤ لیرەی زێڕی ئینگلیزی قەبالەیەکی بانکی دیمەشق تیایدا نووسراوە خاوەنەکەی ١٢٠ لیرەی زێڕی تورکی داناوە.

٥- سەید ئەحمەد(مەیتەر مانگی ٤٠ مارک مووچەیەتی) واباسیان ئەکرد گوایە بەدرێژایی ساڵ بەپیشە چەتەو ڕێگرێکی سەرکەوتوو بووە):- ١٣٠ لیرەی زێڕی ئینگلیزی ٦٠ لیرەی ئاڵتون ناپۆلیۆنی،.

٦- سەلیم(خزمەتچیم بوو خیوەتەکەمی هەڵئەدا مانگی ٣٥ مارکم ئەدایە):- ٤٥ لیرە زێڕی ئینگلیزی ٥٠ لیرە زێڕی ناپۆلیۆنی و دوو قەبالەی بانکی قاهیرەو بەغدا تیایاندا نووسراوە، خاوەنەکەی لەهەر بانکێکی ٣٠ لیرەی زێڕی تورکی سپاردووە.

وەک لێرەدا دەرئەکەوێ سامانی هەر یەکێک لەمانە ٣٠٠٠تا ٤٠٠٠ مارکەو پتر، بۆیە مرۆڤ ئەپرسێ: ئەم پارەو ماڵەیان چۆن و بەچی پەیداکردوە؟ پێویست ناکات ئەوە باس بکەم کە چەند کەسێکی تر لەگەڵمدا سەفەر ئەکەن ئەوەندە ئەدارو هەژارو دەست کورت و رووت و رەجاڵن هەر ئەڵێی مشکی کلێسان. ناشکرێ بڵێم ئەوانەی من پارەکانیانم باسکرد چەند نموونەیەکی ناناسایین، لەگەڵ ئەمەدا ئەم پرسیارە هەر چاوەڕوانی وەڵام ئەکات:-

کەسانێکی زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا، کە بەوڵاتانی ئەدارو هەژار ناو دەبرێن، لەوانەیە ماڵ و سامان و پارەیەکی باشیان هەبێ بەڵام شاردوویانەتەوە، وەک گریمانەیەک، ئەگەر حکومەتی باوەڕ پێ کراوی خۆیان هەبێ دوور نییە ئەو خەڵکە

پارە شاردراوەکانیان بە دامەزراوو دەزگاکانی دەوڵەت بسپێرن، وەئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی عوسمانی لەناوبچێ و لەم وڵاتانەدا حکومەتی سەربەخۆی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن و ئەو ماڵ و پارە شاردراوانە سوودیان لێ وەربگیرێ و رەنیز بهێنرێن دەبێ چ گەشەکردن و پەرەسەندنێکی بەرچاوو سەرتاپاگیر بێتەدی و ئایا ژیانی ئەم خەڵکە باشتر نابێ و میللەت و هاووڵاتیان تێروتەسەل نابن؟

لە ١٠ی مایس لە کفری و لە ١١ی مایس لە توزخورماتوو بارم لێ خست و خێوەتم هەڵدا لە ١٢ی مانگ ئەوێشم بەجێ هێشت و بەرەو تاوخ(داقوق) کەوتە رێ. لێرە ڕووداوێکی خۆشی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا:

هەواڵەکان وایان ڕاگەیاند کە ڕێگاکە دڵنیایی لێ ناکرێ و ئەمین نییە. ئەمە هیچ کارێکی لە من نەکردو ترسم نەبوو چونکە من پەیوەندی دۆستانەم لەگەڵ هەموو خێڵە کوردەکانی ئەم ناوچەیەدا هەبوو. بەڵام ئەم هەواڵە بۆ خەڵکی تر باش نەبوو بگرە ترس دایگرتن.

سەرەڕای ئەو دوو دەروێشە خەڵکە نەناسراوەی لەگەڵ کاروانەکەی من دا سەفەریان ئەکرد، کاروانێکی تر کە لە بەغداوە دەچوو بۆ موسڵ خۆی بە ئێمەوە هەڵواسیبوو پەخەی بەرنەئەداین و زۆر لێمان دوورنەئەکەوتەوە چونکە کاروانچییەکان وایان دائەنا کە ئێمە ئەتوانین لە چەتەو لە رێگر بیانپارێزین.

بۆ ئەم مەبەستە کاروانی ناوبراو لە دیللی عەبباسەوە کیلۆمەترێک لە پێشمانەوە یاخود لە پشتمانەوە دەڕۆیشت، ئەگەر ناوبەناو لەگەڵ ئێمە بڕی نەکردبایە ئەوا بەیانیان زوو بەر لە ئێمە باروبارگەی لێ ئەناو ئەکەوتە ڕێ، بۆ ئەوەی ئێمە زۆر لێ ی دوورنەکەوینەوە، بێ گومان لە توانای هیچ کامێکمان دا نەبوو ٤٠-٥٠ کیلۆمەترە لە یەکتری دووربکەوینەوە، بەڵام جاری واهەبوو مەسافەیەک لە یەکتری دوور ئەکەوتینەوەو کاروانی ناوبراو دەیتوانی بەشێوەیەک لە شێوەکان بگاتە مەنزڵ. دوور نەبوو دوای دوو ڕۆژ ڕێگابڕین ئەم کاروانە بەساغ و سەلامەتی بگاتە کەرکووک. بەڵام کەمتەرخەمی ی خەڵکی ڕۆژهەڵات زۆرجار زەرەرو زیانی گەورەی لێ دەکەوێتەوەو لەوانەیە سەروماڵیان تیایدا بچێ کەچی ئەوان ئەم ڕووداوە ئەوەنە پاڵ ئەنێن بە ئیرادەی خواوە. ئەم کاروانە لە باکووری شاری پڕ لە باخ و ڕەزی جوان توزخورماتوو هەڵی داو ئێمەیش لە باشووری ئەم شارە بارمان خست. مەنزڵی هەردوو کاروانەکە نزیکەی شەش کیلۆمەتر لە یەکتری یەوە دووربوون، بۆیە ئەو

هەواڵ و دەنگ و باسەی لە هەوارێکەوە بۆ هەوارەکەی تر ئەچوو کۆن بوون یاخود ناتەواوبوون، ئەمەش بوو بەمایەی ئەو ئەهامەتییەی لەمەودوا هاتە پێشەوە. کاروانی ناوبراو وای بیستبو کە ئێمە سەعات حەوتی سەر لە بەیانی بار لێ ئەنێین و ئەکەوینە رێ و منیش سەعات هەشت سواری ئەسپەکەم ئەبم و ئەکەومە شوێنیان. بۆ بەدبەختی، ئەوشتە هاتە پێشەوە کە ئەهامەتیەکەی لێ کەوتەوە ئێوارەی پێش رۆژی بارکردنەکە خزمەتچیەکی من خۆزە هەتاو بردبوی و بووراببۆوە و لە هۆش خۆی چووبوو هەرچۆنێک بێ بەو داوودەرمان و کەرەستەیەی لەبەردەستمدابوو توانیم بیهێنمەوە هۆش خۆی، ئەمە بووە هۆی ئەوەی سەر لە بەیانی رۆژی بارکردنەکە سەعات دەی پێش نیوەرۆ واتە دوو سەعات دواتر من بکەومە رێ. کاروانی ناوبراو بەمەی ئەزانیبو بۆیە رۆژی ١٢ی مایس سەر لە بەیانی زوو بەر لە خۆرهەڵات لە توزخورماتووەوە کەوتبووە رێ! دوای دووکیلومەترە رێگا بڕین هەواڵێکی دڵتەزێنی بیستبوو، کاروانێک لە موسڵەوە هاتووە چەتەو رێگر رێ یان لێ گرتووەو دووکەسیان لێ کوشتووەو سێ حوشتریش بەر تەقە کەوتوون و کوژراون، کاروانچییەکان دەستیان کرۆتەوەو خۆشبەختانە جەندرمەی ناوچەکە گوێ یان لە تەقەکە دەبێ و بەرەو دەنگی دێن و کاروانەکەیان رزگارکردووە. مەیتی کوژراوەکان و کەلاکی حوشترەکان لەسەر رێگا ترسیان دەخستە دڵەوەو دیمەنێکی خەمناک بوون، ناچاربووم لێرە هەڵوێستەیەک بکەم و چاوەڕێ بم تا پاشەنگی کاروانەکەم ئەگاتە جێ.

پاش ماوەیەک کاروانەکەم هیچ دەنگ و رەنگی نەبوو لە ناسۆشدا هیچ رێگری یەک بەدی نەئەکرا، بۆیە بڕیارم دا هیچی تر چاوەڕێ نەکەم و چەند کیلومەترەیەکی تر بەرەوپێش بچم. هەرچەندە ئاووهەوا گەرم و ناهەمواربوو بەڵام کاروانچییەکان بەتایبەتی خاوەن هێسترو بارگیرەکان دەربایست نەئەهاتن.

باشتر وابوو من تەتەرێک بۆ لای کاروانەکەم رەوانە بکەم بۆ ئەوەی لێم بگێڕنەوە، کەی دەست بەرۆیشتنی بکەینەوە، ئەمەش بە دوو سەعات ئەکرا، بەڵام وەک پێشتر وتم ئەم جۆرە خەم خۆریی و مشوور خواردنە لە بارودۆخێکی نائەمینی پڕ لە ترسی ئاوەهادا وابەئاسانی پیادەناکرێت،، ئەگەر لێرەدا بێ گوێی و کەمتەرخەمی ی رۆژهەڵاتییەکان بهێنینە بەرچاوی خۆمان.

ئەو کاروانەی لەگەڵ ئێمەدا ئەهات، چەند کیلۆمەترێک لە ئێمە دوور کەوتبۆوە

لەبەر ڕێگرو چەتەکان دەرفەتیان لێ دیوەو ڕێ یان پێ گرتووەو ڕایان وەستاندوە کاروانی تایبەتی بێ دەست کردنەوە خۆی داوە بەدەستەوەو چەتەکانیشی بێ سێ و دووکردن لە هێستروە(1) حوشترو بارگیرەکان بەولاوە هەرچی پێ یان بووە لێ یان ستاندوون تەنانەت لە کراسی بەرێی بەولاوە هیچیان پێ نەهێشتوون. بۆ نموونە ئەفسەرێکی تورک ئەسپێکی ڕەسەنی بۆ سوڵتان بردبوو بۆ ئەستەمبوڵ و لەوێوە بەسوێس و بۆمبای و بەسرەدا گەڕابۆوە دەویست بچێتەوە سەرجێگاو ڕێگای خۆی و لەگەڵ ئەم کاروانەدا هاتبوو، بەیەکجاریی ڕووتکرابوو ٣٠٠ لیرەی زێڕی تورکی و هەرچی دیاریی و شت و مەکی گرانبەهای پێ بوو کە لە ئەستەمبوڵ کڕیبووی لێ یان ستاندبوو. لەمەش نا لەبارتر پزیشکێکی لەهستانی(پۆڵۆنیایی) لەنێو لەشکری تورکدا کاری کردووەو ئەو پارەو ماڵەی ساڵەهای ساڵ پاشەکەوتی کردبوو لێرە هەموویان لێ ستاندبوو.

ئەوی ڕاست بێ نەمویست پتر ئەم کارەساتە دڵتەزێنە بگێڕمەوە، بەڵام ئەمە لە مەبەستی گەشتەکەم زیاتر دوورم نەخاتەوە. هەرچۆنێک بێ ملی ڕێگام گرت و پاش چەند سەعاتێک ڕێگا چەند لاشەیەکی کوژراوم هاتنە بەرچاو و کاتێک گەیشتمە تاوخ(داقوق) بەتەواوەتی هەرچی ڕوویدابوو بۆم باسکرا.

چەند سەعاتێکی تر ڕێگامان بڕی، ئەمڕۆش وەک جاران ئاسایی خۆم دواخست بۆ ئەوەی بکەومە پشت کاروان و بۆ قاوە خواردنەوەو جگەرە کێشانێک پشوویەک بەدم دابەزیم و قاوەم خواردەوەو لەکاتی پشوودانەدا خەویردمیەوە، لە پڕ دەنگێکی زل ڕای پەڕاندم، چەند سوارێک بەرەو ڕوومان دێن! خێرا دەرپەڕیم و سواری ئەسپەکەم بوومەوە بۆ ئەوەی پێش کاروانەکەم بکەمەوەو نەهێڵم هیچ جۆرە تاڵەباری و بەهەڵە لە یەکتری گەیشتنێک بێتەکایەوە. لە هەر چوار لاوە ئەسپ سواری چەکدار دەرکەوتن ژمارەیان نزیکەی چەند سەد سوارێک دەبوو. دەست و برد چوومە بەردەمی پێشەنگەکەیان و دوای سڵاوو خۆشهاتن و چاک و چۆنی بۆم دەرکەوت کە سەرۆکی

---

(1) ئەمین لێرەدا بیڵێم، چەندە ڕێگر هێسترو بارگیر لە کاروانچی ئاستێنان بۆ سوودو قازانجی خۆیان، ڕاستە هێسترێک(قاتر) ٣٠ تا ٣٦ لیرەی زێڕی تورکی ئەکات واتە ٣٦٨-٦٤٠ مارک، بەڵام ڕێگرەکان وای بۆ ئەچن ئەگەر بێتو هێسترو قاترو بارگیر لە کاروانچی بستێنن ئەوا جارێکی تر کاروانچی بەم ڕێگایانەدا نایەنەوەو ڕێگرەکان ئیش و کاریان دەستکەوت و تاڵانیان نامێنێ.

ئەم تاقمە ئیسماعیل بەگی سەرۆکی باڵێکی خێڵی داودەیە. ئەم سەرۆک خێڵە نزیکەی ٨٠٠ تفەنگچی لەژێر دەستدابوو. لە گوندێکی سەر ئەم ڕێگایە دەژیاو لەوێ بۆ قاوەخواردنەوە بانگهێشتنی کردم. ئیسماعیل بەگ پێ ی وتم:- جەنابتان بێ گومان بیستووتانە دوو سەعات لەمەوبەر تەقە لە کاروانێک کراوەو دووکەس و سێ حوشتری لێ کوژراوەو کاروانی دووەم بەتەواوەتی ڕووتکراوە. بێ گومان، پتر لەسەری ڕویشت و وتی: ئەمە هەر کاری هەمەوەندەکانە ئەوانی ئەو دەستە ناپاکە دەوشێنن. پیاو دەتوانێ بەئاسانی لەوەدڵنیا بێ کە هەمەوەند خەریکە دیسانەوە کارە ناڕەواو ناجوانەکانی دەست پێ ئەکاتەوەو دەست لەڕاووڕووت هەڵناگرێ.

ئەو قسانە وای لێ کردم لەڕووداببێنم چونکە دە پیاوی هەمەوەندم لەگەڵدا بوو، هەوڵم دا دان بەخۆمدا بگرم، ورتە لە دەمم نەیەتە دەرەوە، بەراماویی وەک درەختی وشک بوو لەسەر قاڵییەکە دانیشتبووم و شانم دا بۆ سەر سەرینەکەو جوڵەم لە خۆم بڕی. ویستم بەم ڕواڵەتەم نیشانی بدەم کەمن هەرچی سەر ئەهێنم و ئەبەم لەم جۆرە کارانە تێ ناگەم و نازانم چی بڵێم! ئیسماعیل بەگ زۆر ئاسایی کێشەکەی بۆ باس کردم و لەسەری ڕۆیشت: جەنابتان دەبێ بەندەیەکی وەک منی دڵسۆزی دەوڵەت و سوڵتان حەمید هەموو کاتێک ئەوپەڕی کۆششم کردووەو هەوڵم داوە ئاسایش و ئەمنیەتی ئەم ڕێگاوبانە بپارێزم، ئەم کۆششەش زۆرگران لەسەرم کەوتوە، قوربانیم داوە، کەچی کاربەدەستانی تورک بەمە نازانن و ناعەدالەتیان بۆتە مایەی ئەم کارەساتانەو ئەم جۆرە ڕووداوانەیان لێ دەکەوێتەوە.

بێ گومان سوڵتان ئاگای لەمانە نی یەو لەمەدا بێ گوناهە. بەڵام من درێخی ناکەم و چیم لە توانادایەو چیم لەدەست بێ بەباشی ئەیکەم. هەر کە هەواڵی ئەم ڕووداوەم بیست یەکسەر کەوتمە خۆم بۆ ڕاوکردن و دەستبەسەرکردنی ئەم چەتەو ڕێگرانە، بۆ ئەم مەبەستەش چوار سەد چەکدارم لەگەڵ خۆمدا برد.

بەداخەوە ئەمجارە زۆربەی هەرە زۆری چەتەکان قوتاریان بوو، بەڵام بەهۆی تیژڕەوی ئەسپەکەم توانیم ڕێگا لە تاقمێکیان بگرم و پێشیان پێ بگرم و سەرکردەکەیان بەگوللەیەک ساردبکەمەوە. ئەوی کوشتم یاقوب ئاغای زاوای دەوڵەت یاری یاوەرتە کە ئێرە لەگەڵت دایە. لەگەڵ بیستنی ئەم قسەیە دەوڵەت یار ڕاپەڕی و پەلاماری تفەنگەکەی داو ئەڕاندی: چی! کەماڵ ئەمەشت کرد؟

یاقووبی زاوامت کوشت. خۆشبەختانە لەم شوێنەدا کەسانی بێ لایەن هەبوون و

کەوتنە نێوانەوەو نەیانهێشت هیچی تر کوشتارو خوێن ڕشتن لەنێوان هەمەوەندو خێڵی داوودەدا ڕووبدات. ماوەیەکی دوورودرێژ ئەم شانۆ مێشک خۆرە خایاندی و کێشای، بەڵام من نامەوێ هیچی تر خوێنەری پێوە بێزار بکەم. لە کۆتاییدا ئیسماعیل بەگ وتی: جەناب من تەنیا بەسەرهاتەکەم عەرزکردی ئەمەش ئەو تاڵانەیە کەمن لە چەتەو هەمەوەندەکانم ستاندۆتەوە، هیوادارم بەخاوەنیان بکەیتەوە. تاڵانەکە هی کاروانە ڕووتکراوەکە بوو، من لێم وەرگرت بۆ ئەوەی بیان دەمەوە، ئەگەرچی من جارێکی تر زۆربەی زۆری خاوەنەکانیانم نەدیتەوە. تاڵانەکە بریتی بوو لە سەعاتێکی زێرو قوردۆنێک، ملوانکەیەک، سینییەکی زیو هەروەها چەقۆو چەتاڵ و و کەوچکی سەفەرو کیسە باخەڵ و کیسەی پۆستەو کاغەزو ١٠ پارچە پارەی زیو چەند شمەکێکی تر کەهی ئەفسەرێک بوون وەک: نیشان و ڕوتبەی سەرشان، دەستکێش، شتی دیاری. وەک دوایی ساخ بۆوە ئەمانە شمەکی ئەو ئەفسەرەبوون کە ڕووتیان کردبوو، بەڵام ٣٠٠ لیرە زێڕەکەی ناو جانتاکەی ئەفسەرەکە بێ سەرو سۆراغ ون بوون و کەس نەیزانی کەوتوونەتە چ گیرفانێکەوە. ئەفسەرەکە زۆر دڵخۆشبو کەمن هەندێ لە شتەکانیم بۆ وەرگرتۆتەوە. ئنجا بۆی باسکردم کە ئەگەر چاپووکی و تیژڕەوی ئەسپەکەی نەبوایە ئەوا بەسەلامەتی نەئەگەیشتە توزخورماتوو بەگوللەیەکی چەتەکان دەپێکرا.

ئەوی ڕاست بێ ویستم پێچە بەدەورەیەک بکەم چەند کیلۆمەترێک بەپشت چیاکەدا بڕۆمە ئەوبەر بۆ دیتنی لاشەی ئەو هەمەوەندانەی گوایە کوژراون و بزانم ئەیانناسمەوە. لە دواییدا ئەم کارەم نەکرد، وتم پێویست ناکات هیچی تر خۆم لەم ڕووداوە هەڵقورتێنم و هەندێ کەسیش پێ یان وتم ڕێگاکە بۆ لای لاشەی کوژراوەکان سەخت و ناخۆشە، ئەچی باشە. ئیتر بڕیارم دا ئێرە بەجێ بهێڵم، ماڵ ئاواییم لە ئیسماعیل بەگ کرد. لەکاتی بەڕێ کردنمدا ئەم بەگە زۆر لەبەرم پاڕایەوەو تکای لێ کردم لەلای کاربەدەستانی کەرکووک هەوڵی بۆ بدەم کوڕەکەی کەماڵێکە لە کەرکووک گیراوە بەرەڵڵا بکرێت. ئەوەی لێرەدا دڵگەرمی کردم ئەم قسەیە بوو:

ئەم بەگە بەو دڵسۆزییە ئیش بۆ دەوڵەتی عوسمانی ئەکات و ئەم ڕێگەوبانە گرنگە ئەپارێزێ و ئێشکەی لێ ئەگرێ، کەچی کاربەدەستانی دەوڵەت کوڕەکەیان گرتووەو لە زینداندا قایمیان کردووە. هێندێکی تریشم شت بێ ماوە بیڵێم بەڵام ئێستا نا لە شوێنێکی تردا باسی ئەکەم.

دوای ئەم وتوویژە ملی ڕێگام گرتەوە بۆ ئەوەی بگەمەوە کاروانەکەم کە ماوەیەک پێش من کەوتبووە ڕێ. لێرەدا ئەمەوێ ئەم گرێ کوێرەیە بۆ خوێنەر بکەمەوەو ڕاستی کێشەکەی بۆ بخەمە بەردەم: لە دواییدا بۆم ساغ بۆوە ئیسماعیل بەگ خۆی ڕێگری یەکەی کردووەو ، خەڵکەکەی کوشتووەو کاروانەکەی ڕووتکردووە. هەمەوەندەکان لەم کارە بێ خەبەربوون و دەستیان تیایدا نەبووە.نەلەدوور نەلەنزیک. هەندێ قەبالە ساخیان کردۆوە کە ئیسماعیل بەگی داودە چەتەکە بووەو هەردوو کاروانی ڕووت و تالان کردووە، بۆ نموونە جۆری ئەو تفەنگەی خۆی و پیاوەکانی پێ یان بووە جگە لەمەش چەند کەسێکی کاروانە ڕووتکراوەکە چەتەو ڕێگرەکانیان ناسیبۆوە. ئەوشتانەی ئیسماعیل بەگی داوودە دەربارەی ڕووتکردنەکە بۆی باسکردبووم ناڕاست بوون و خۆی هەڵی بەستبوون. دەربارەی کوڕەکەی کە لە کەرکووک زیندانی کرابوو لە شوێنێکی تردا باسی ئەکەم. ئەم کوڕە بەکوشتنی سێ کەس تاوانبارکرابوو، بەڵام خۆی حاشای ئەکردو ئەیوت: ئەمە کای کۆنە بەهانەکرێت و بەهۆی شتی کۆنەوە کە پێشتر ڕوویداوە دوژمنەکانی پەلیان پێ گرتووەو ناچاریان کردووە شت بکات ئەگینا ئەو بێ خەتایە دەستی لە هیچ دانەبووە. گوایە هەمەوەندەکان ئەم ڕووداوانەیان کردووە بەڵگەو بیانوو بۆ ئەوەی لە ئەستەمبوڵ باس بکرێن و بخرێنە بەردەست و بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت ساخ بێتەوە کە خەڵکی تر خراپە ئەکات و هەمەوەند تیایدا پیاو خراپ نەبن و ناویان بەخراپی نەزڕێ. کردەوەی خراپی خەڵکی تر شانی ئەوان ئەگرێتەوەو دەستەچەوری خەڵکی تر لەشانی ئەمان هەڵئەسوڕێن.

لەتاوخەوە ئەچووم بۆ کەرکووک بەڵکو بڕیارم دا سەر لە چەمچەماڵ و بازیان و گوولی هۆڤە[1] بدەم ئەم ڕێگایە پتر لە ۲۰۰ کیلۆمەتر دوورە، ئەوی سەرنجی ڕاکێشام چیای قەرەداغ لە هیچ ئەخشەو کارتێکی جوگرافیادا وەک زنجیرە چیا باس نەکراوە. بەلای منەوە ئەم زنجیرە چیایە زۆر بڵندترو گرنگترە لە حەمرین. ئەو زنجیرە چیایەی کەوتۆتە نێوان بازیان و گوزیلن(۲) زۆر بەرزو جوان و ڕەنگین و دڵرفێنن.

(۱) هەرچەند هەوڵم دا نەمتوانی ئەم دوو وشەیە بهێنمەوە سەر ڕەچەڵەکی خۆی: Gulenhove- Gozeln.

وەرگێڕ.

هەواڵنامەی کتێب

دەشکرێ ئەم ناوچەیە بەناوچەیەکی سەخت و عاسێ ناوبنێم.

ژنانی ئەم ناوچەیەو گشت ناوچەی سلێمانی لەچاو ژنانی ڕۆژهەڵاتدا بەسێ شت بەناوبانگن:

١- تا دڵ حەز ئەکات و تابڵێی ی جوان و نازدارن.

٢- بێ سەرپۆش و عەباو پەچە دێن و دەچن.

٣- سەربەستن. هیچ شەرم نی یە لێرە ژن لەگەڵ پیاوی بێگانەو نەناسراودا قسە بکات و بیناسێ. ئاساییە مێرد ژنەکەی خۆی بەمیوانەکەی بناسێنێ. خانە خوێ بەنەرکی سەرشانی خۆی ئەزانێ میواندۆست بێ، میوانیش بەلایانەوە لەسەر ئاینی خۆیانە(واتە غەیرەدین نی یە). لە بۆنەیەکدا دەرفەتم بۆ هەڵکەوت و پێم وتن من مەسیحیم و پسولمان نیم! بەڵام ئەمە هیچی لە مەسەلەکە ئەگۆڕێ و هەروەک جاران ڕێزیان لێ ئەنام. هەندێکیان پێ یان وتم: ئێمە کە تۆ دەبینین گومان لەوە ئەکەین عیسایی بیت! ئەوی ڕاست بێ لە عەرەبستان و لەناو پسولماناندا مەسیحی بوونم هیچی لەوەی نەئەگۆڕی وەک میوانێک بەرێزو حورمەت پێشوازیم بکەن و بەرێ بکرێم. لێرەدا بۆم دەرکەوت کە پسولمانە بەدینەکان وا خراپ نین وەک خەڵک لەلای ئێمە لە ئەوروپا باسیان ئەکەن، مەرج ئەوەیە بەزمانیان بدوێ ی لەگەڵیاندا هەڵکەیی و بگونجێ ی ئیتر گوزەران لەگەڵیاندا زەحمەت و گران نی یە و بگرە ئاسانە. دوای ئەم لەرێ لادانە خۆشە، واتە دوای ئەم گەشتە کورتەم لە ١٨ی مایس گەیشتمە کەرکووک، بڕیارم دا دوو ڕۆژ لێرە بمێنمەوە بۆ ئەوەی خەڵک و ئاسیاوێکی زۆر بەسەربکەمەوە. کەرکووک شارو ناوچەیەکی بایەخ دارو گرنگە بەپێ ی ئەو ڕاپۆرتانەی لە تورکیا بەرچاوم کەوتن دانیشتوانی کەرکووک ١٧٥٠٠ کەسە. لەبەرچەند هۆیەک تورکیا بەچاوێکی تر دەیڕوانیە ئەم شارە لێرەدا نزیکە ٤٥٠٠ چەکداری دەوڵەت مۆڵ درابوون.

ناتوانم زۆر لەسەر کەرکووک بڕۆم، ئەوی ئەمەوێ بیڵێم بەچەند ڕستەیەک پوختەکەی ئەخەمە بەرچاو:

کەرکووک سەر بە ولایەتی موسڵە پارێزگا نشینە(سنجەق). لەبەر ئەوەی ناوچەیەکی گرنگی کوردنشینە ناوچەی سلێمانی خراوەتە سەر. لەسەر گردێکی قووچ و تیت قەڵایەک هەیە وەک خەڵکەکە ئەڵێن ئەمە شوورەیەکی سەختی داکۆکی و خۆپاراستنەو بەرگەگرتنە. (ئەگەر چاو لە تۆپ و مەترەلۆز بپۆشین کە لەم سەردەمەماندا گەرمەی شەڕن).

هەروەک پشتاویشت باسکراوە، کاتی خۆی لەسەر ئەم گردەو لەناو ئەم قەڵایە کلیسایەکی عیساییەکان هەبووەو لە شوێنەکەی دا مزگەوتی پسوڵمانان دروست کراوە لێرەدا ئەبی دانییل نێژراوە.

دوکان و بازارو چایخانەو کاروان سەراو شەقام و جادەکانی کەرکووک وانیشان ئەدەن کە لەم شارەدا کاروکاسبی و بازرگانی و کڕین و فرۆشتنێکی گەرم و گوڕ لەبرەودایە.

سەرەڕای کاربەدەستانی تورکی عوسمانی، شێخی کورد: شێخ عەلی عەبدول رەحمان بارەگاکەی لێرەیە.ئەم شێخە پێشەوایەکی رۆحی و ئایینی ی و کەڵەپیاوێکی ناوداری کوردستانە. لە باخچە جوانەکەیدا دوودار خورمای جوان هەیە گوایە ئەم دووداره لە رۆژهەڵاتدا بێ نموونەن و خورمایەکی نایاب دەگرن.

ناکرێ لێرەدا باسی باخچە جوانەکەی سەرا نەکەم، باخێکی پان و بەرین و پاک و خاوێن و پڕ لە دارو درەخت. درەختەکانی سێبەری باشیان هەیەو لە هەندێ شوێندا وەک کەپریان لێ هاتووە.بەچەند جۆگاو کەناڵێک باخچەکە ئاوی پێویستی بۆ دابین کراوە. لە هەموو لایەکیدا گوڵ و گوڵزار دێتە بەرچاو.

کاربەدەستان پێشنیازیان بۆ کردم لەناو ئەو باخەدا باربخەم و خێوەتەکەم هەڵبدەم، بەسوپاسەوە داوای لێ بووردنم لێ کردن چونکە جێگای هەموو کاروانەکە لەم باخەدا نەدەبووە، نەشدەکرا من بارەگاکەم لە باخەکەدا بێ و ئەوانی تر لە دەرەوەی باخچەکەدا بن. ئەوی راست بێ من ئەمویست هەمیشە هەموو کاروان و خەڵکەکەی لەگەڵمدا بوون لە نزیک خۆم و لەبەرچاووم بن.

## بەشی پانزە:

## • لە کەرکووکەوە بۆ موسڵ•

بیستی مایس لە کەرکووک بارم کردو دەوروبەری ئێوارە لە نزیک پردێ(ئاڵتون کۆپری) بارم خست بەتایبەتی لەلای ئەو پردەی لەسەر زێ ی بچوکی شارۆچکەکەدا دروست کراوە.

ئەم پردە سالی ١٥٨٦ بۆ لەشکری سوڵتان مرادی سێ یەم دروست کراوە کە لەگەڵ ئێران بەشەرهاتووە. پردەکە جوان و وەستایانە دروست کراوە. لەچاوی مرۆڤی ئەوروپاییەوە کەرەسەیەکی بەپێزی شایانی لێکۆڵینەوەو باسکردنە.

ئاوەکەی مـانای پردی زێڕین دەبەخشێ، ئالتون: زێڕ، کۆپری: پرد. ئەم ناوە لەبەسەرهاتێکە کەوتۆتەوە وەک باسکراوە بەم جۆرەیە: پردەکە پارەو پولێکی زۆری تێ چووە و مەسرەفێکی زۆری لێ کراوە کاتێک حیسابەکەیان بردۆتە بەردەم سولتان، سولتان چاوی چوەتە پشتی سەری و تووڕەبووەو دەماری گیراوەو وتویە: ئەمە چی یە خۆ ئەم پردە لە زێڕ دروست نەکراوە بۆچی وا زۆری تێچووە، هەروەها دەگێڕنەوە: سولتان لە تووڕەییدا پردەکەی سوتاندووەو وەستاکەشی بەخراپی سزا داوەو لە داخیشدا ئاوەزەنگی لە ئەسپەکەی داوەو بەئەسپەوە خۆی لە ئاوەکەدا داوەو بەسواری لەزێ پەڕیوەتەوە بۆ ئەوبەر.

خێوەتەکەم لە نزیک پردەکەوە هەلدا، لە نشێویەکی قەراخ زێ کە بەتاشەبەردی قووچ دەورە دراوەو لەو شوێنەی ئاوەکە گێژ دەخوا هەلئەچێ و بەخێرایی و تیژ لوسە ئەکات و تێدەپەڕێ. دیمەنێک زۆر لە تابلۆیەکی هونەری دەچێ بەپەردەسووچ رەنگی رێژرابێ. ئەم وێنەیە زۆر شـادمان و دلخـۆشی کـردبووم دەمێکیش بوو بەپەرۆشەوە چاوەڕوان بووم جارێکی تر بێمەوە ئێرەو لێرە خێوەتەکەم هەلبدەمەوە.

پردەکە ٥ / ٢مەتر بەرینە مرۆڤ بەسەریدا رۆیشتبایە گێژ ئەبوو سەری ئەسوڕاو ترس دایئەگرت. بەشێوەیەکی کەوانەیی لە دوو قەوس، یەکێکی گەورەو یەکێکی بچووک کەیشتبووە بەری ئەوبەر، پردەکە هەر ٣٠ سانتیمەتر لەسەر ئاوەکەوە بوو جاری پێشو بەسواری ئەسپێکی چەموش و سەرکێش بەسەر ئەم پردەدا پەڕیمەوە ئەوەندەی نەمابوو لە ترسا دلم لەلێدان بوەستێ. راستە من گێژ نابم و سەرم ناسوڕێ بەلام هەروا سووک ئاسان نی یە بەسواری بەسەر ئەم پردەدا بڕۆی کە لەم لاولەولایەوە ئاوەکە بەشەپۆلی گێژ خواردوو هەلچوو تیژ تێدەپەڕێ.

مرۆڤ ناوێری تەماشای ئەم لاو ئەو لای خۆی بکات. باشتروایە هەر سەیری پێش خۆی بکات. ئەسپەکەی من ئەسپێکی رەسەنی عەرەبی بوو بەباشی هەستی بەم مەترسی یە کردبوو بۆیە بەهەنگاوی رێک و پێک و لەسەرخۆ بەسەر پردەکەدا بەرەوپێش چوو پەڕیەوە. ئەسپ سوارێکی پێش من خۆی پێ نەگیراو بەئەسپەوە شلپ، هاکەوتە ناو ئاوەکەو توانی هەر بەسواری خۆی لەبەر شەپۆلە گێژەکانی ئاوەکەدا بگرێ و بەمەلەکردنی رێک وپێک و خێرا لە ئاوەکە پەڕیەوەو گەیشتە ئەوبەر.

دیارە ئەو کوردانەو ئەو خەلکەی تر لە لەگەلمابوون هەستیان بەو ترسەی من

کردبوو، بۆیە ئەمجارە بەچاوێکی تر تەماشایان دەکردم. تێوارەی پێش ڕۆژی پەڕینەوە بیرم لەوەکردەوە ساڵانە ئەم پردە ئەزمە چ زیانێک لە کاروان و هاموشۆکاران ئەدات! چ زیندەوەرو ئاژەڵێکی تێدا دەخنکێن؟! لەبەر ئەوەی قەراخ و لێواری پردەکە بەرزنین بەزۆریی حوشتر لێوەی بەر ئەبێتە خوارێ و لە ئاوەکەدا ئەخنکێن! بەڵام وڵاخە بەرزە بەدەگمەن بەرئەبنەوە. وەک بۆم باسکرا خەڵکێکی زۆر بەنووسین و پێشنیازو ڕاسپاردە داوایان لەکاربەدەستان کردووە هەردوولای پردەکە چەند بێ یەک بڵند بکەن ئەمەش تەنیا ٥٠ لیرەیەکی زێری تێ ئەچێ کەچی هەمو داواکارییەکی لەم شێوەیە پشت گوێ خراوە. کاربەدەستان ساڵانە نزیکەی ٨٠ هەزار مارک کرێی پەڕینەوە بەسەر ئەم پردە وەرئەگرن و هیچ گوێ بەوە نادەن ساڵانە چ زیندەوەرو ئاژەڵ و وڵاخ بەرزەیەک لەم پردە هەڵئەدێرێن و لە ئاوەکەدا ئەخنکێن.

مێتر منداڵان لەسەر ئەم پردە شانۆی سەیرو خۆش بۆ ڕێبواران و بۆ کاروان پێشکەش ئەکەن. ئەگەر مێتر منداڵێک چەند قرۆشێکی بدرێتێ لەسەر پردەکەوە خۆی فڕێ ئەداتە ناو ئەو ئاوە قووڵ و بەتەوژمەوەو لەو سەرەوە وەک ماسی لوسە ئەکات و سەر دەرئەهێنێتە دەرەوە.

بڕیارم دا لە پردێ وە بۆ موسڵ بەڕێگایەکی تردا بڕۆم کە مرۆڤی ئەورووپایی لێ ی شارەزانین. ڕێگای ئاسایی کاروان بەهەولێردا دەڕوات. هەولێر ناوچەیەکی دێرینەو پلەوپایەکی بەرچاوی لە مێژوودا هەیە. لەشەڕی هەولێر (ئەربیلەدا) ئەسکەندەری مەکدۆنیا سەڵتەنەتی ئێرانی تێک شکاندو پرۆسەو ڕەوتی مێژوویی بەجۆرێکی تردا شکاندو لاپەڕەیەکی تری کردەوە. ئەم ناوچەیەو ڕووداوو بەسەرهاتەکانی بیرکردنەوەی قووڵی مێژوویی و فەلسەفی دەورووژێنن، بۆیە ئەمێتێ ئەم ڕێگایە بگرمەبەر.

پێش ئەوەی بگەمە موسڵ، دەبوو لەزێ ی گەورە بدەم. ئاوێکی قووڵ و پان و بەرین و تیژڕەو لقێکی هەرەگرنگی دیجلەیە. دێتەوە بیرم چۆن جارێکیان لە گوندی کەڵەکەوە (خەباتی ئێستا - وەرگێڕ) بەچوار سەعات هەوڵ و کۆششی لەرادەبەدەر توانیمان من و کاروانەکەم لەو ئاوە بپەڕینەوە. ئەو کاتە سەردەمی لافاو بوو ئاو هەستابوو باووبارانیش لەو لاوە بووەستێ، لە کەڵەکێکی (قایغ) کۆن بەولاوە هیچی تری لێ نەبوو، وڵاخە بەرزەو چوار پێ دەبوو بە مەلە لە ئاوەکە بپەڕنەوە، سەفەری ئەمجارەشم ئاو هەستابوو زێ پڕاوپڕ ئەهات، کەڵەکە کۆنەی ئاوێن هەرمابوو بگرە

کۆنتر بوو بوو، لەمەش خراپتر باووباران و تەرزەو گرمەی هەوری سەرچیاکانی ئەولای هەولێر بیوون بەنەهامەتی سێ هەم.

من و شارەزایانی کاروانەکە ناچاربووین دانیشین و قسەی لێ بکەین، چی بکەین و چۆن و لە کوێ لە ئاوەکە بدەین. قسە هاتە سەر ئەوەی سوود لەم کەڵەکە وەربگیرێ و لەو جێگایە لە ئاوەکە بدەین کە زێ تێکەڵ دیجلە ئەبێ. هەموو لەو باوەڕەدابوون ئەم بووارە نوێ یە لە بوواری گوندی کەڵەکی هەولێر خراپتر نی یەو ئەشتوانرێ سوود لە بەلەم و قایخ وەربگیرێ.

کاربەدەستانی دەوڵەت بەلەمێکیان لەسەر ئاوەکە دانابوو مانگانە نزیکەی ...٧تا...٩[1] مارک داهاتی بوو، کە وەک کرێ ی پەڕینەوە لە خەڵک دەستێنرا.

ئەم بەلەمە لە قایخێک باشتر نەبوو! ئەو بووارە نوێەی پەڕینەوە کە بڕیارمان لەسەردا لەچاو بوواری کەڵەک ئەم لایەنە باشانەی هەبوو:-

١- من بەرێگایەکدا ئەڕۆم و لەبووارێک ئەدەم تائێستا هیچ کەسێکی ئەورووپایی پیایدا تێنەپەڕیوە، بەنووسینیش ناوی نەهاتووە.

٢- ئەم رێگایە ئەو دەرفەتەم بۆ دەرەخسێنێ پێش ئەوەی بگەمە موسڵ سەر لە پاشماوەو شوێنەواری ئەمرود بدەم ئنجا:

٣- ئەتوانم ئەو شوێنە ببینم کە زۆر باس کراوەو ئەشێ تیایدا، واتە هەر لەوێ، کەناڵێک بەدەوری پردی ئەمروددا هەڵبکەنرێ بۆ ئەوەی کەشتی هەڵم بەناسانی بەناوی دیجلەدا هاموشۆ بکات.

ئەم خاڵانەو شتی تریش هانیان دام رێگا نوێ یەکە بگرمە بەر. ئەوی راست بێ ئەم ناوچەیە کەوتۆتە نێوان باکووری خۆرئاوای ئالتون کۆپری و باکووری زێی بچوک تانەگاتە دیجلەو ئنجا لە زێ گەورەوە بەولاوە تانەگاتە باکور بەرەو شاری موسڵ. تێردو ئەمە لە ئەخشە جوگرافیاکاندا کە گەڕیدەکان دایانناوە تەنیا بەچەند ناوێک ناویراوە وەک:

گوندی شەمامێک، قەرەقۆش، چیاو بەرزاییەکانی قەرەچوخ و رووباری مەتریکا

---

(١) لەوەدەچێ مارکی ئەوکاتە لەگەڵ هی ئێستا جیاواز بووبێ. چونکە ئەو داهاتە زۆرە بەمانگێک دەستگیر نابێ. وەرگێڕ.

دیرێ. ئەم دەشت و بیابانە لە نەخشەکاندا بەقەراخ رۆژئاوای دیجلە ناویراوە. گەڕیدەکان ئەم ناوچەیەیان بەبیابان داناوە. بەلام ئەمە لە جێگای خۆیدا نی یەو ئێرە بیابان نی یە. من کاتێک بێرەدا رۆیشتم بۆم ساخ بۆوە کە ئێرە دەشتێکی بەهات و پڕ پیت و بەرەکەتەو ناوچەیەکە لە ناوچە بەفەرەکانی ئاسیای تورکیادا.

دەساڵە ئەم ناوچەیە لەلایەن کابینەی بەڕێوەبەریی مولک و مالی سولتانەوە[1] رەنێو دەهێنرێ و سوودو قازانجێکی زۆری بەدەولەت گەیاندووە، بگرە داهاتێکی زۆرو زەبەندو لەرادە بەدەری لێ ئەکەوێتەوە.

وەک کاربەدەستان بۆیان باسکردم لەم ناوچەیەی هەردووبەری دیجلەدا(٣٨٠) گوندی گەورە بچوک هەیە ٣٠٠ گوند لەبەری رۆژهەلات و ٨٠ گوند لەبەری رۆژئاوادا. ئەوی من لێرە بەچاوی خۆم دیتم، بەدرێژایی ٢٠٠ کیلومەتری گەشتەکەم خەلکەکە تێروپڕو تێروتەسەلن و دەستیان ئەروات، مەڕومالات، ئاژەل، زیندەوەر، رەشەولاخ و چێل و گارانی باش بەرچاو ئەکەون.

ئەگەر چاو لە ناوچە تێروتەسەلەکانی ئەورویا بپۆشین دەتوانین بلێین، ئەم ناوچەیە شان بەشانی ناوچە پڕ خێروبێرەکەتی ئەنادۆڵ ناوچەیەکی رەنگین و پڕ بەرەکەوت خێروبێرە.

رۆژی ٢١ی مایس لە گوندی دیبەگە بارم خست و خێوەتم هەلدا، بەمەزەندەی من لەم ناوچەیەدا ٣٥٠٠ تا ٤٠٠٠ کەسی سەر بەخێلی دزەیی دەژین. بەپێ ی ئەو

(١) مولک و مالی سولتان ، کە ئەمیری بەشی پێ ئەوترێ، لەم سەردەمەدا بەشێوەیەکی بەرچاو لە پرودایەو پتر بووە، داهاتی ئەم مالی ئەمیری یە ساڵانە خۆی لە یەک ملیۆن لیرەی زێر ئەدات(واتە ١٧/٥ ملیۆن مارک) هەندێ سەرچاوە داهاتەکە بەزیاتر دادەنێن، بەبۆچوونی من ئەم داهات و دەسکەوتە لە پاشەرۆژی نزیک دا دووبەرابەر دەبێ لەبەر دووهۆ:
- بەهۆی کرینی مولک و مالی نوێ لە خەلکی تر؛
٢- زەوت کردن و دەست بەسەرداگرتنی زەوی و زاری بیارو رەنێو هێنانیان ئەم زەوی یانە تاکاتی کرین و زەوت کردنیان سوودیان لێ وەنەگیراوە، خزنەگەر بانکی زراعی دابەزرێت و پارەو کەرەسەی پێویست لەبەردەست دابێ، دەبێ چەند بەرابەر ئەم داهاتە پتر بێ!؟
نیوەی داهاتی لەوالیجەی تورکی عوسمانی لە هەرسێ ناوچەی بەسرەو بەغداو موسلەوە دەسگیر دەبێ ئەمەش بەهۆی ئەو هەموو مولک و مالە زۆرو زەبەندەی ئەمیری یە لەم سێ ناوچەیە هەیەتی؛
لەم ناوچانە کێشەو بەرەو شەر بەرپا دەبێ، یاخود خاوەن مولک دەمرێ و میراتەکەی دابەش دەکرێ بۆیە مولکەکان بەهەرزانی دەفرۆشرێن و ئەمیری یە بەتالان و پارەیەکی کەم زەوتیان ئەکات.

خانووبەرەی خەڵک لێرە هەیەتی و ئەو ئاژەڵ و چێڵ و گاران و رەشە وڵاخانەی بەرچاو ئەکەون خەڵکەکە ئەبێ دەست رۆیشتوو تێروتەسەل بن. ئەو وڵاخە بەرزانەی من لێرە دیومن رووی ئەوەیان هەیە لە پێشانگاکاندا نیشان بدرێن.

رۆژی دواتر بەقەرەچوخ داتێ پەڕیم. قەرەچوخ زنجیرە چیاو بەرزاییەو ئەوەندە گرنگ نی یە. راستە لە هەندێ لاوە دیمەنێکی رۆمانسی هەیە، بەتایبەتی لەو دۆڵ و نشێویەیدا کە دوور لە ئاواییەکان گۆرستانی لێ یە. لەو گۆڕانەی لێرە سەرنج رادەکێشن و بە شوورەیەکی جوانی رێک و پێک دەورەی گیراوەو پارێزراوە گۆڕی کوڕی ئیمامی حوسەینە، حوسەین خۆی لە کەربەلا کوژراوەو کوڕی خەلیفە ئیمامی عەلی یە.

هەر کە لەو نشێوی و دۆڵەی قەرەچوخ دەربازبووی، دەستبەجێ دەشتی مەخموور دێتە بەردەست. لە مەخموور قشڵەیەک(سەرا) دروست کراوە نزیکەی ۲۰۰۰۰ مارکی تێ چووە. خانوێکی سەخت و قایم و رەختەیە کاربەدەستانی بەرێوەبەریی موڵکی ئەمیری پەو جەندرمە تیایدا دەژین. ئەم قشڵە سەختە تەنیا یەک دەروازەی قایی ئاسنی هەیە بەبێ پەنجەرە. لەهەر چوار لاوە کون لە دیوارەکانیدا بەدی ئەکرێن. ئەم کونانە ئەتوانرێ لەلایەن ٤٠-٥٠ جەندرمەوە بەکاربهێنرێن بۆ تەقەکردن لە چەتەو رێگرو هێرشی پیاو خراپان.

مەخموور کەوتۆتە نێوان دیبەگەو وادی بیشارە واتە لەهەر لایەکەوە نزیکەی ۲۸ کیلۆمەترە دوورە. ئەمجارە مەخموور لە لێ قەوماندا فریام کەوت و داڵدەی دام و بوو بەپەناگەم، نەک لە ترس و لە دەست چەتەو رێگر بەڵکو لەدەست ئەو تەرزەیەی بە تەوژم باری. هەر کە گەیشتمە مەخموور و پێشەنگی کاروان خۆی بێرەدا کرد تەرزەی تاپێن وەک گوندەی سەر بەرەو ژێر ئاسایی دەستی بەبارین کرد هەر کلۆ تەرزەیەک ئەوەندەی گوێزێکی باش ئەبوو.

ئیتر خێرا خۆمان بەمەخموردا کردوو قوتار بووین بەبێ ئەوەی تاکە وڵاخێکمان هیچی لێ بێت یاخود تاکە کەسێک ئازاری پێ بگات.

دوای سەعاتێک تەرزە ئەما ئاووهەواکە خۆش بۆوە لە خانەکان هاتینە دەرێ و ملی رێگامان گرتەوە، دەوروبەری ئێوارە گەیشتینە گوندی وادی بیشارە ئەم گوندە لە گەورەیی و داهات و فەردا وەک دیبەگە وایە. لێرە ئەسپێکی باش و هەرزانم لێ هەڵکەوت و خاوەنەکەی لێ ی قەومابوو پێویستی بەماڵ و پارە هەبوو، پێ ی وتم

ئەم ئەسپەم لێ بکڕە بەهەرزانی ئەتدەمێ. وتم بەچەند وتی بۆ تۆ بە(٥٠٠) مارک ئەم پارەیە بۆ ئەسپێکی ڕەسەن زۆر نی یە. ئەسپەکە ئەسپێکی ڕەسەنی عەرەبی بوو لە ئەسپێکی مانیک و ماینێکی سەقلاوی عەجوز کەتبوو. زۆر دڵم پێوەی بوو، بیکڕم ئەیکڕم لە دوای تۆزێک ڕامان و بەرژەوەندی لێ کردن بڕیارم دا ئەمەوێ، بۆچی بیکڕم و چی لێ بکەم و بۆ چیمە من چەند ئەسپێکی ڕەسەنم هەیەو خۆ ئەگەر گەیشتمە ئەستەمبۆڵ ئەبێ هەموویان بەدیاری ببەخشم.

ڕۆژی ٢٣ مایس لە زاب(زێ ی بادینانی ئێستا- وەرگێڕ) بەلام چۆن پەڕینەوەیەک و پاش چی و چیم بەسەرهات! وەختا بوو لە ترسان دڵم ڕاوەستێ.. زێی گەورە لەو شوێنەی تێکەڵ دیجلە دەبێ نیوکیلۆمەتر پان و بەرینە خوڵ و گێژ ئەداو هەڵئەچێ و تیژ خۆی بەدیجلەدا ئەکات.

بەدووری نازانم ئاوە زۆرەکەی ئەمجارەی زاب لە تواندنەوەی ئەو بەفرەی سەرچیاکانی ئامێدی و ڕەواندزەوە کەوتبێتەوە بەهۆی ئەو بارانەی ئەم دواییە بەلێزمەو ڕێژنە لەوێ باریبوو و بەچەند ڕووبارێکدا تێکەڵ بەزاب دەبێ.

بەدەست خۆم نەبوو دەمارم گیراو چاووم چووە پشتی سەرم وتم: تەماشاکە چۆن بەتەفرە چووم و چۆن تووشی ئەم بوارە سەخت و نالەبارەیان کردم کەپەڕینەوە لێی وائاسان نی یە. خەڵکەکە پێ یان وتم:بەئیرادەی خوا، ئەمڕۆ ئاوەکە هەستاوەو خۆئەگەر هەوا خۆش بێ ئاوەکە دەنیشێتەوە. منیش وتم: باشە بەلام ئەمە بەلای کەمەوە چەند هەفتەیەکی ئەوێ. وتیان ڕاستە ڕەش بینی باش نیەو ئەگەر خوا ئیرادەی لەسەربێ هیچ شتێک گران و زەحمەت نی یەو هەموو شتێک ئاسان دەبێ.

پێش هەموو شتێک کەوتمە سۆراخی ئەو قایخەی خەڵکێکی زۆر بۆیان باسکردبووم و لە دڵم دا ببوو بەمەراق. قایخەکە لەو سەر بوو بەدوورییێ تەماشام کرد زۆر بچوک و پەک کەوتەو ناحەز هاتە بەرچاووم.

لە خەڵکەکەم پرسی ئەم قایخە کە هەر ئەڵێی کەشتییە کەڵکی پەڕینەوەی پێوەیە؟

وتیان: بەڵێ! بەلام ئەک ئەم لاقاوە زۆرەی ئێستا ئەوی ڕاستی بێ لە دڵی خۆمدا دەمویست ڕقەبەری لەگەڵ ئەولاقاوە زۆرەدا بکەم و هەر بپەڕمەوە، لە دواییدا وتم باشە ناکرێ تۆزێک پشووم درێژ بێ و چەند ڕۆژێک چاوەڕێ بکەم بەڵکو لاقاوو ئاوەکە تۆزێک بنیشێتەوە؟! بەلام لە دواییدا ناچاربووم زوو بپەڕمەوە بۆ

ئەوەی بەرزوویی و دەست و بردیی بگەمە موسڵ. فەرحە، مایەنە رەسەنەکەی ئیبن رەشید وڵاخە بەرزەیەک بوو لەو وڵاخانەی من بەسەلامەتی لەگەڵ خۆمدا هێنابووم لەبیر دوومەڵێک(کوانیک)ی زل لەژێر ملی دا دەرکەوت، گەرماو مێش و مەگەزیش لێ یان پیس کردوو کرم کەوتە دوومەڵەکەیەوە ئیتر بۆ رزگارکردنی ئەم مایەنە کەحێلە ناچار بووم دەست و برد خۆم بگەیەنمە موسڵ بۆ دەرمانکردنی.

ئەگەر دەستبەجێ لە موسڵ بەدەرمان فریای نەکەوتبامایە مایەنەکەم لەدەست دەچوو جارێکی تر وڵاخی وا رەسەنم دەست نەدەکەوتەوە.

فرمان درا خەڵکەکە بەمەلە لە ئاوەکە بدەن و بچن لەوبەر کەشتییەکە بهێنن، ئەگەر ئەم هێنانە بێتە مایەی ژیان لە دەست دانیان! پێم وتن ئەگەر ئەمە بکەن بەرۆژێک هەموومان لێرە ئەپەڕینەوە، خۆ ئەگەر شتی خراپیش بقەومێ ئەوا من ئامادەم بەمەلەبپەڕمەوە. خەڵکەکە تۆزێک رامان و منیش ئەمەم بەدەرفەت زانی و ویستم خۆم رووت بکەمەوەو وتم من بەمەلە ئەچم. سالحی چێشتکەرم کە ئەمەی دی خۆی پێ نەگیراو وتی قوربان ئەمە نابێ من و یارمەتی دەرەکانم ئەچین و ئەمە ئەکەین. ئیتر خۆیان رووتکردەوەو خۆیان هاویشتە ناو ئاوەکەوە.

هەر ئەو رۆژەو رۆژی دواتر چوست و چالاکییەکی لەرادەبەدەر بەسەر ئاوەکەوە بەدی ئەکرا. سالح بەرپشە درێژەکەی و باڵا حەوت پێ یەکەی هەر لە گیان لەبەرێکی داستانیی ئاو دەریا ئەچوو کە شلپ و هوڕی لە ئاوەکە هەڵئەستاند. حاجی سالح نزیکەی سەد عەرەبی تری بەرووت و قووتیی و بەبێ هیچ جل و بەرگێک خستبووە دوای خۆی و هەموو بەکۆمەڵ خۆیان بە ئاوەکەدا ئەداو خەریکی شت پەڕاندنەوە بوون. دیمەنێکی سەیرو سەمەرەبوو ئەگەر مرۆڤ بتوانێ وێنەکەی بهێنێتە بەرچاوی خۆی.

هەروەک لە رۆژهەڵاتدا باوە، ئەگەر پیاو کاری کەوتەڵای عەرەب و عەرەبیش بڕیار بدات کارەکە بکات ئەوا شتێک نامێنێ سەخت و زەحمەت بێ و لەکردن نەیەت.

ئاوبەناو سالح لەبەردەمم قووت دەبۆوە سرتێندو قوربانی بۆ ئەخواردم و ئەیوت قوربان هیچ دڵ تەنگ و سەغڵەت مەبە، لەکاتی لێ قەوماندا من و ئەو پیاوە بەهێزانە ئەگەر بەشان و پشتیش بێ ئەسپەکەت(مانیک) ئەپەڕێنینەوە.

بەیانزە سەعات هەوڵی فەرهادانەو کۆششی سەخت توانیمان لە ئاوەکە بپەڕینەوە

ئەو زیانەی لێمان کەوت ئەمانەبوون: سێ هێستری ئەسپێکی چەندرمەیەک لە ئاوەکەدا خنکان بەرینەوەکەش پتر لە پێویست خایاندی چونکە ئاوەکە زۆربوو شەپۆلەکانی زۆر بەهێزبوون هەموو جارێک شەپۆلەکان کە وەک گێژاو خۆیان لول ئەدا قایخەکەیان بەرەوخوار رائەداو دەبوو ٢٥-٣٠ زەلامی بەهێزو چوارشانە رایکێشن و بیهێننەوە سەرەوە.

بەخەڵکەکەم وت ئەگەر بێتو سیمێکی پتەوی ئەستور لەم بەرەوە بۆ ئەوبەری ئاوەکە قایم بکرێت کەشتی یەکە وەک قایخێکی بەستراوی لێ دێت و بەئاسانترو راستەوخۆ خەڵک و ئاژەڵ و وڵاخ دەتوانن بیپەڕنەوەو ئەم بگرەو بەردەو دەردی سەری یە نامێنێ. فەرماندەیەک بەڵێنی پێدام ئەمە لای کاربەدەستانی دەوڵەت باس بکات و هەوڵی جێ بەجێ کردنی بدات. لە دواییدا بۆیان باسکردم کە کەس گوێی لەم فەرمانبەرە نەگرتووەو پرۆژەکەی پێش لە دایک بوون سەری ناوەتەوە. مەسەلەکە ئەوە نی یە ئەم پرۆژەیە ناهێنێ پارەی تیادا خەرج بکرێ ئاخۆ سالی چەند جارێک چەند کۆچەرێکی عەرەب(بەدوو) لەم بوارە ئەدەن یان نا، نەخێر ئەمە نی یە.

کاربەدەستانی تورک کەشتییەکیان لێرە داناوەو سالی بەلای کەمەوە(٤٠) هەزار مارک کرێی پەڕینەوەی لێ وەرئەگرن، باشە ئەگەر سیمێک ئەم بەر ئەوبەری ئاوەکە بەیەکەوە ببەستێتەوەو قایخێکی پێوە ببەسترێ و خەڵک بەئاسانی بەسەریدا بپەڕنەوە، ئەبێ ئەمە چ داهاتێک بۆ کاربەدەستان دابین بکات. سەرەڕای ئەمە رێگاو بان و شەمەندەفەر لە پێشکەوتن و گەشەکردنی وڵاتدا دەوری بەرچاو دەگێڕن. ئایا ئەقلی کاربەدەستانی تورک ئەمە دەبڕێ؟!

حەز ئەکەم خوێنەر بەهەڵە لێم تێ نەگات. من لەم قسانەی کردم مەبەستم ئەوە نی یە دەورویەروو ژیانگەی جوان و شاعیریی و ئەفسانا‌وی دڵرفێنەکەی رۆژهەڵات بەکەرەسەی نوێی شارستانی بشێوێنم. نە من بیرم لەوە نەکردۆتەوە لێرە بەگالیسکە بەسەر جادەی تەخت و پان و بەرێندا بڕۆم و عەرەبانچی پاش تۆزێک بڵێ فەرموو جەناب لێرە پشوێ بدە، پارووێک ئەوش کەو پاپێنک بکێشەو قاوەیەک بخۆرەوە، نە ، ئەمە لە مێشکی مندا نەهاتووە. ئەوەی من لێرە مەبەستمە بوونی رێگاوبانی سوک و ئاسان و بێ مەترسی یە ، بێ گومان ئەمەش لە شارستانیەتی نوێ دا دەوری بەرچاو دەگێڕێ، چ بۆ دابین کردنی داهات چ بۆ راهی کردنی دەستوبردی ئیش و کاروسەفەری خەڵک و چ پێشکەوتنی وڵات وکۆمەڵ. بۆ نموونە رێگایەکی واخۆش و

ئاسان هەر نەبێ هێلکەوکەرەو پەنیر لە موسڵ هەرزان ئەکات.
وەک بیستومەو خوێندومەتەوە (٢٠٠٠) ساڵ لە مەوبەرئەم شوێنەی زاب دەوریکی سەرنج راکێشی هەبووە و گێراوە.
ئاوەکە لێرە نیمچە گەوەیەک(بازنەیەک) دروست ئەکات بە هێزی ئەو ئاشە بەردە گرانیتانەی لێرەدا قوچ بوونەتەو، شەپۆلە بە تەوژم و هەڵچووەکان بەر ئەو بەردانە ئەکەون و پەند دەخۆنەوە کۆئەبنەوە و ئاستیان لەئاستی ئەولای تری ئاوەکە بڵند تر دەبێ، گومێک دروست ئەکەن وەک گێژێک قووڵ ئەبێ.وا دێتە بەرچاو ئەم گومە لە ئاوی دیجلەی ئەم ئاوە قوڵتر بێ ، بۆیە ئەندازیارە ئاشورییەکان لە سەردەمی شا سەرگۆن ئەو شوێنەیان هەڵبژاردووە کە وەک بناوان کەناڵی ئاوی لێ هەڵبگیرێ بۆ باخ و کۆشکی نەمرود. ئەم کەناڵەی ئاوە زۆر جوان دروست کراوە و وەستاییەکی باشی تیادا بەکار هێنراوە . بەردە زەبەلاحەکان کون کراون و ئەو کونانە وەک بۆری تا ژێر ئاوەکە ئەچن و ژێر ئاوەکەشی وەک حەوزە وتانکی ئاوی لێ کراوە و لێیەوە بەکەناڵی تایبەتی ئاوی لێ هەڵئەگیری و(٢٠) کیلومەتر رێگا ئەبڕێ تا ئەکاتە نەمرود. ئەوی سەرنج را ئەکێشێ،نەمرود خۆی لە سەر ئاوی دیجلە یە و هەر(٥٠٠-٦٠٠) هەنگاو لە ئاوەکەوە دوورە کەچی لەو لاترە ئاوی هێناوە. وابزانم شوێنی نەمرود بەرزترە و بە سەر دیجلە دا دەروانێ و ئەم گومەی باسم کرد لە زاب بەرزترە لە ئاقار نەمرود بۆیە ئاوی لێوە هەڵگیراوە. شا سەرگۆن کە کۆشکی نەمرودی داگیر کردووە ویستویەتی بۆ باخ و کۆشک و سەراکەی ئاوی مشەو فرەی هەبێ ئەمەشی لە زابەوە دەسکەوتووە.
رۆژی (٢٤)مایس لە زاب پەڕیەوە شەوم لەو بەری ئاوەکە بە سەر برد لە گوندی کێتخیش بۆ بەیانی فەرمانم بە کاروانچییەکان دا راستەو خۆو بێ پێچ و لادان بەرەو موسڵ برۆن. خۆم رێگایەکی ترم هەڵبژارد کە جۆرەگەوە وپێچی تیادایە بە تایبەتی بە شوێنەدا کەناڵی ئاوەکەی لێ هەڵگیراوە بەرەو نەمرود. لە نزیک گوندی جەیف دیجلە نیمچە گەوەو پێچێک ئەکاتەوە وەک پیتی (S)ی ئینگلیزی لێ دێ بەلام وەک ئێمە توزێک راکێشراین وا دێتە بەر چاو هەروەک من لێرەدا وێنەیەکەیم کێشاوە:ئەو شوێنەی بە پیتی( a ) نیشان کراوە جێگای ئەو پردەیە کاتی خۆی بە پردی نەمرود ناوبراوە و رێگای هاموشوی بەلەم وکەشتی گرتووە.ئەو دیوارو کلانەی لێرەماونەوە، بە قسەی خەڵکی دەبێ شوێنەواری ئەو پردە بن کە شا

ئەمرود دروستی کردووە، من ئەم قسەیە بە راست نازانم چونکە ناکرێ لەم جۆرە شوێنە پردروست بکرێ .لە هەردو بەری ئاوەکە تاشە بەردی زل و زەبەلاحی وا هەیە بێچی بە شەپۆلی پر تەوژمی ئاوەکە گردۆتەوە .تەقاندن و هەڵتەکاندنی ئەم بەردە گەورانە ئاسان نییە و خەرجی یەکی زۆری ئەوێ.ئەو دوو شوێنەی لە وێنەکەدا بە (C-b)نیشانم کردوون ئەشێ دوو کەناڵیان لێ هەڵگیرێ یەکێکیان (٣٠٠٠) ئەوی تریان لە (١٢٠٠) مەتر درێژتر نەبێ و شوێنەکانیشان سەخت و بەرداویی نین.ئەگەردەوڵەتی تورک ئەم دوو کەناڵە پێشنیاز کراوە هەڵکەنێ پرۆژەیەکی باشی هاموشۆوبازاڕ و بازرگانی کەشتی و ئاو پیادە ئەکات .لە دواییدا بەر گوێم کەوت ئەندازیاری فەرەنسایی رەنگی ئەخشەیەکی بەر بلاویان بۆ ئەم پرۆژەیە رشتووە و خستویانەتە بەردەم کاربەدەستانی تورک. من ئاگام لە مەسەلەکە برا تا بەهاری ساڵی(١٨٩٥)ئەوە بوو ئەو کاتە ئەم هەواڵەم پێ گەیشت:

"ئەخێر هیچ شتێک لەم بارەیەوە ئەکراوە!" ئاوی دیجلە و شەپۆلەکانی خۆیان ئەم کێشەیان بەلایەکدا خست. دیجلە لەو شوێنە ئاوەڕۆی خۆی گۆڕی و لافاوە هەستاوە بە تەوژمەکە لە نێوان ئاوەڕۆ کۆنەکەوە بەردە زلە بەرزەکان ئاوەڕۆیەکی تری دری و دروست کرد و ئێستاکە پیایدا دەڕوات.ئەم قسەیە تا چەند راستە، با لێرەدا بێێنێ.پاش ماوەیەک لە خزمەتچییەکانم پرسی ئایا ئەوانیش ئەمەیان بیستووەلە وەڵامدا وتیان: وەک لە کەس وکارمانەوە لە موسڵ هەواڵمان پێ گەیشتووە بەڵێ ئەم قسەیە راستە و دیجلە لەو شوێنە ئاوە ڕێیەکی تری دروست کردووە. دوای دیتنی جێگای ئەو دوو کەناڵەی پێشنیاز کرابوو هەڵکەنرێن، بە ناوچەی ئەمرودا تێپەڕیم. تەپۆلکەو گردە داروخاوو پایەشکاو کاوولەکان کەلێرە بەرچاو دەکەون، مرۆڤ دەهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی شوێنەواری ئەمرودکەمتر لە کویونجێک (واتە کوشکی ئەینەوا) دەستی تالان کردنی گەیشتۆتێ. لێرە،جگەلە ونیوە پایە ی وێنەی شای ئاشووری نیشان ئەدات، چەند تاشە بەردێکی مەرمەڕی بە نووسینی بزماری داپۆشراو دەبینرێن لەم بارەیەوە لە وانەیە هەرمۆزەخانەی ئینگلیز یا خود لۆڤەری فەرەنسا ئەوەندە دەوڵەمەند بن. من وای بۆ ئەچم، مانەوەی ئەو پاشماوە ئەنتیک و دێرینانە لێرەو تا ئێستا ئەدزراون هۆی ئەوەیە کە شوێنەوارەکان زۆر گەورە و قورس و زەبەلاحن و وابە ئاسانی هەڵناگیرێن و ناگوێزرێنەوە. راستە ئێستا لە ناو تورکیاشدا وەک جاران ئەم شتە مێژووییە و ئەنتیکانە نابرێتە دەرەوە و بازرگانیان

پێوە ناکرێ بەڵام بە پێچەوانەوەبردنی شتی بچووک و پارچە پارچە هەر لە بردودان وبازرگانیەکی باشیان پێوە ئەکرێت ،شتی گەورە وزەبەلاح وەک ئەبول هەولی نیلی مێـــر لە توانادا نییە بگوێزرێتەوە یان رەوانەی شوێنی تر بکرێت بۆیە دەستی تالانو بڕۆیان بۆ درێژ ناکرێ.لە زۆر شوێن وەستام و هەڵوەستم کردسەری زۆر جێگام دا و رۆژم درەنـگ کـــــرد بۆیە دەبوو دەست و برد بکەم بۆ ئەوەی هەر ئەو رۆژەبە کـاروانەوەبگەمـــە مـوسـڵ، بە رێگای زەوی وشکانی داخـیـــراتر لە رێ ی ناو دەگەیشـتینە موسـڵ ،ئیترئەسپەکەم(مانیک) ئاودا وبەڕەمبازێی و غار غارێن لە ئەمرووەدەوە ناوەکو مـوسـڵ کەوتە رێ. جارێکی تر بۆم ساغ بووە ئەسپی رەسـەنی عـەرەبی لە رێگاوبان و کـاتی لێ قـەومـاندا چەند بە گـوڕو تاوویشـوو درێژە وبە هەڵمەتە.بێ پشوودان(٦-٧) کیلۆمەتر رێگامان بڕی و ئەسپەکەم کەوتە پێشەوە بوو بەپێشـەنگی کاروان کەچی لە ناکاو ئەسپی تاین لە جێگای خۆی چەقی و خۆم پێ ئەگیرا وتەپەم لە زەوی هەستاند جارێکی تر سوار بووەمەوە و زووتر گەیشـتینە مـوسـڵ. لە نێوان ئەمروود و پردی موسـڵ کە (٣٢) کیلۆمەترە دەبێ تەنیا(٥٥) دەقیقەی کێشا. ئەسپەکەم چاک ماندو ببوو.رەنگە قاوەییەکەی جارانی پێوە دیار نەبوو، ئەوەندە نارەقەی دەردا بوو.دەت وت دۆی بە سەردا رژاوە.سەر لە ئێوارە، لە مەنزڵ ئاخورەکەیم بۆ پڕ کردلە کاو جۆ و جاران ئاسایی تەماشایەکی کردم و لمبۆزی بە ئاخورەکەدا کرد ودەستی کرد بە لەوەڕین.

## بەشی دوانزە:

## • مانەوەم لە موسڵ •

لە مـوسـڵ پردێکی بەردین بە سـەر ئاوی دیجلە وەیە، لە کـاتی ئاو زۆر بوون و لافـاودا ئەم بەرو و ئەو بەری پردەکـە ئاودەیگرێ. ئیـتـر ناچار بووم چەند کـەشـتی یەک بە کـرێ بگرم بۆ ئەوەی بە ئاسـانی بپەڕێنەوە بەری ئەو بەر.لێرە کـەشـتی بە ئاسانی دەست ئەکەوێ بۆیە کارەکەم بە ئاسـانی بۆ چووەسەر.پیاوێکی خانەدانی شار حەسەن ئەفەندی ئومیری زادە خانوویەکی جوان و رەنگینی خۆیخـسـتە بەر دەستم و تیایدا حەسـامەوە.خانووەکە وەک زۆربەی هەرەزۆری خانووەکانی موسڵ بە دیواری قایم و بڵند و سەختی شوورە ئاسایی دەورە گیراون. لە ناو وەشدا بالکۆنی دڵگیر و رارەوی پان و بەرین بۆ پیاسە و هاتوو چۆ و، هەروەها بەرینایییەکە یان بۆ پیادا رۆیشتنی گالیـسکە و عەرەبانە دەگونجێ.تەویلەی ولاخ ،جێگای فراوان بۆ دەست و

پێوەند و خزمەتچی. سەرەڕای ئەم لایەنە باشانە لایەنی تری ناڵەباریان هەبوو بۆیە دەبوو پشووم درێژ بێ و بەو ناڕەحەتی یە قایل بم کە دووچاری دەبووم.ناڕەحەتی یەکەمی بەم جۆرە بوو: خانووەکانی موسڵ و سەرتاپای ئەبینەوا لە بەردێکی تایبەتی مەرمەر دروست کراون، ئەم بەردانە کونی وردی جوانیان تیادایە. ئیسفنج چۆن ئاو هەڵدەمژێ، ئەو بەردانە ئاوەها بە درێژایی ڕۆژ گەرمایی خۆر هەڵدەمژن و بەشەو گەرمایەکە ئەدەنەوە، بۆیە خانووی موسڵ و ژوورەکانیان بە شەو وەک گەرماو وحەمامیان لێ دێ و پیاو بە درێژایی شەو لە تەوقی سەرییەوە تابەری پێی ئارەق دەر ئەدات و ئارەق بە لەشی دادێتە خوارێ .ئەم خانووانە حەمامی ڕۆمیان ئەهێنامەوە یاد.

حوشترەکانم دوو ڕۆژ پێشتر گەیشتبوونە موسڵ و بەتەواوەتی پشویان دابوو ماندویان حەسابۆوە، منیش بێ سێ و دوو بەقازانجێکی باش فرۆشتمنەوە. شیخ محەمەدی حوشترەوان کە لە ئەجدەوە لەگەڵمدا بوو بۆ حوشتر لێ خوڕین دەوری تەماو لێم جیابۆوەو بۆ دواجار خوا حافیزو ماڵ ئاواییمان لە یەکتری کرد. قاوەچی یەکەم ناوی سلوبی بوو، بەباوەڕی من باشترین قاوەچی بوو کەمن بەدرێژایی ژیانم دیتبێتم یاخود تووشی بووبم. ئەوەندە هۆگری یەکتری ببووین کاتی ماڵ ئاوایی و خوا حافیزە لە یەکتری کردن هەردووکمان دڵمان پڕبوو قورگمان پڕبوو لەگریان و فرمێسک بەچاوماندا هاتە خوارێ. موسڵ شارێکە لەشارە گەورەکانی ژێر دەستی تورکیای عوسمانی دانیشتوانی نزیکی ٧٥ هەزار کەس دەبێت بەڵام شارێکی لابەرو لارێ و دورەبەرێزە، گەریدەی ئاسایی وابەئاسانی نایگاتێ.. لە هەموو لایەکەوە دوورە. بۆ نموونە: ئەو ڕێگایەی لە ئەلیسەوە بە ئەرزەڕۆم و تەرەبزۆندا دێ تادڵ حەز ئەکات دووروودرێژو سەخت و ناخۆشە.

ڕێگەی کاروان لێرەوە بۆ دیاربەکرو بەرەو سامسۆن لەسەر دەریای ڕەش هەر تەواو نابێ و لە بڕین نایەت. ڕێگای دیمەشقی شام بەجزیرەو بیاباندا نزیکەی ١٩-٢٠ ڕۆژ کاروانە ڕێگایە، خۆ ئەگەر کاروانچی دۆستایەتی و ئاشنایەتی لەگەڵ عەرەبە کۆچەری یەکاندا(بەدوو) نەبێ ئەوا بەسەلامەتی و بەبێ ئارەقە دەرناچێ. خۆ ئەگەر لە دێرە زۆرەوە بچی بۆ پالمیرا ئەوا پاسەوان و ئاوو تفاقێکی زوورو زەبەندی پێویستە. خۆ ڕێگای موسڵ دیاربەکر- ئورفەو لەوێوە بۆ حەلەب و ئەسکەندەرون دەردی سەرەو ئانەمینە بەهۆی ئەو چەرکەسانەی لە گوندەکانی ئورفەدا نیشتەجێ

کراون. بۆیە ئەوانەی بیانەوێ لە موسڵەوە بچن بۆ ئەورووپا بەرێگای تردا سەفەر دەکەن، ڕێگای بەغدا- بەسرە- بۆمبای. ئەم ڕێگایە ڕێگای ئاوی دیجلەیەو بەکەلەک سەفەر ئەکرێ. زۆربەی ئەم کەلەکانە لە پێستی ئاژەڵ و زیندەوەر دروست کراون بە تایبەتی دەبێ زۆری ئاژەڵەکە بگورێ ئنجا پێستەکە لەسەر شێوەی مەشکە فوو ئەدرێ واتە پڕ ئەکرێ لە هەوا. ئەم کەلەکانە هەر بە کەڵکی ئەوەدێن بەدیجلەدا سەر بەرەوژێر سەفەریان پێ بکرێ هەندێ کەلەکی تر هەن لە داروپارچە تەختە دروست کراون وشتی قورسیان لێ بار دەکرێ، وەک ئەو پەیکەرە بەردینە زەبەلاحانەی لە نەینەواوە بۆ شوێنی تر ڕاگوێزراون.

موسڵ ناوچەیەکە ئەوپەری دوورە لە پێشکەوتن و شارستانیەتەوە، هیچ جۆرە ڕوخسارو نیشانی شارو ناوچەیەکی پێشکەوتووی وەک ئەورووپای پێوە دیار نی یە. تائێستا من لێرە بازرگانێکی ئەورووپاییم نەدیوە، هیچ بانکێکم بەرچاو نەکەوتووەو ئەم بیستووە شتی لەم جۆرە لەم شارەدا هەبێ. وابزانم ئەم دیاردەیە لەشاری ڕۆژهەڵات دا شتێکی نائاسایی نی یە.

شورە کۆنێک دەوری شاری داوەو وەک دیوارێکی ڕەختە موسڵی گرتۆتە باوەش. خانووەکان سەخت و قایم و مەحکەمن دیواری پان و ئەستور دەرگای ئاسن و پەنجەرەی بچوک، لە دیواری هەر خانوێک دا چەند کونێک هەیە وەک قایە سەنگەر لێ بەوە تەقە لەو کەسە ئەکرێ بچێتە سەریان.

شەو لەماڵ بچیتە دەرەوە یاخود درەنگ بێیتەوە ماڵەوە ئاسان نی یە، ئیتر بۆیە هەموو کەس خزمەتچی خۆی هەیەو شەو وەک ناوەدەنگی لەگەڵیایەتی. کۆنسوڵ و کاربەدەستانی شارو کەشیشی کلیسا خزمەتچی تایبەتی یان خستبوە بەردەستم بۆ ئەوەی وەک پاسەوان بمپارێزن و ئەگەر شەو چوومە دەرەوە لەگەڵمدابن و دوایی بمگەیەننەوە ماڵەوە. ئەمە بۆ مرۆڤی ئەورووپایی دیمەنێکی سەیرو سەرنج ڕاکێشە شەو لە کۆڵانەکانی شار دەیان جەندرمەو ئەسپ سوارو سەربازی چرا بەدەست دەبینی خەڵکی تایبەتی دەگەیەننەوە ماڵەوە. ئەم دیمەنە لە ئەورووپای سەدەکانی ناوەڕاست دا باوبووە کەچی ئێستا لێرە باوە! لە هەموو شاردا ئۆتۆمۆبیلێک نی یەو تاکە شەقامێکی شەو بەچرا ڕووناک نەکراوەتەوە.

کەچی کلیسا دام و دەزگاو دامەزراوەکانی ئاینی عیسایی لێرە ئەوپەری ڕێک و پێکن، لەم شارەدا، بەپێچەوانەی بەشی زۆری ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست

کە تەنیا مەزهەبی ئەرتۆدۆکسی یونانیان تیادایە، هەموو ئایین و مەزهەب و کلیساکانی تیادایە. ئەگەر لایەنێکیش ژمارەی لایەنگیرانی کەمین ئەوا وەهەر نوێنەری خۆی هەیە. بۆ نموونە لە ئاهەنگێکی کۆنسوڵی فەرەنسادا بانگهێشتن کرام لەوێ ئەم نوێنەرانەم دی: سێ پاشای تورک، کەشیشێکی کلدانی، کەشیشێکی کاتۆلیک، نوێنەرێکی پاپ، شەش کەشیشی مەزهەبی یەککگرتوویی ئەرمەنی گریگۆریانی، کاتۆلیک و نەستووریی و دووی یاکوبی، جگە لە میسیۆنی ئەمەریکایی. ئەو نموونەی هێنامەوە تایبە ئەو بۆچوونەی لێ بکەوێتەوە گوایە نوێنەرو لایەنگیرانی ئەم مەزهەبە جیاوازانە بەیەکەوە تەبان و پێکەوە هەڵئەکەن. نە،، کاتۆلیک و یاکۆبی یەکان یەکتری یان دەدزێ و قینیان لە یەکتری دەبێتەوە، زۆرجار بەگژ یەکتری دادێن لەسەر مەسەلەیە ئایا فلانە کەس سەر بە چ کلیسایەکە[1]. دوو زمانی ی لە یەکتری کردن و قسەوقسەلۆک وشکایەتکاریی زۆرجار بەرگوێ ی کاربەدەستانی ئەستەمبۆلیش ئەکەون. سەرەڕای ئەو ژمارە زۆرو زەبەندەی مەزهەب و رێکخراوە عیسایییەکان لە موسڵ ئەوا لە چاو لایەنگیرانی ئایینی محەممەدی هەر کەمایەتین واتە پسولمان زۆرینەن لێرە. بەپێ ی سەرژمێری یە دەوڵەتییەکان عیسایی یەکان لە موسڵ لە ٢٠ هەزار کەس تێناپەڕن بەلام پسولمانەکان نزیکەی ٥٥ هەزار کەسێک دەبن. جگە لەم دوو لایەنە چەند هەزار یەزیدی یەک لێرە ئەژین وو خەڵکی بە شەیتان پەرست ناویان دەبەن. من وای بۆ ئەچم کە ژمارەی خەڵکی موسڵ پترە لەوەی کاربەدەستانی دەوڵەت دەیڵێن، چونکە خەڵکێکی زۆر لەم شارە خۆیان ناونووس نەکردووە بۆ ئەوەی باج و سەرانە نەدەن و نەبن بەسەرباز.

دەمەوێ بۆ خوێنەری ئاشکرا بکەم کە نزیکەی ٧٠ ساڵێکە موسڵ دراوە بەتورکیا، پێشتر سەربەخۆ بووەو میری تایبەتی لێرە حوکمڕانی کردووە، هەروەک

---

(١) لێرە خەڵک حەز ئەکەن سەر بەمەزهەبێک بن کە داواکاری لێ یان زۆر نەبن و ئاییونەو مانگانەی کەم لەلایەنگرانی وەربگرن. مەزهەبەکەش حەز ئەکات لایەنگیرانی وایەناسانی ئەچنە سەر مەزهەبێکی تر بۆ ئەوەی ئاییونەو پارەی ئەو لایەنگیرانەی لە دەست ئەچن. لە تورکیا دا لاوی عیسایی خزمەتی سەربازی لەسەر تی یەو عەسکەری ناکات بەلام ئەبێ باج و سەرانە بدات. هەربۆیە مەزهەب و تۆرگانە عیساییەکان حەز ئەکەن خەڵکەکەیان پارە دارو دەست رۆیشتوو بن بۆ ئەوەی بتوانن بەبێ گیروگرفت ئەم باج و سەرانەیە بدەن بەدەوڵەت.

من بیستومەو بۆم باسکراوە لە سالآنی بیستی ئەم سەدەیەدا شەڕو ناخۆشی ی لە نێوان بنەمالەکانی ئەم شارەدا بەرپابووە، دانیشتوان ناچار بوون داوای یارمەتی لە تورکیای عوسمانی بکەن بۆ ئەوەی ناوبژی یان بکات. دوامیری سەربەخۆی موسل باوکی یونس بەگ بووە، ئەم یونس بەگە کە من ناسیم پیاوێکی پیری بەساڵاچوو بەلام خانەدان و پارەدارو دەست ڕۆیشتوو خاوەن موڵک و ماڵ و دارایی بوو. تورک بەو داواکاریی دڵخۆش بووەو زانیویەتی ناوچەیەکی گرنگی وەک موسل دەکەوێتە بەردەستی. هەر لەبەردەست خۆیدا بێ و نەکرێن بەموڵک و ماڵی ئەمیری یە. دوور نی یە جۆرە دەسەلاتێکی ئۆلیگارکی (حوکمی کەمینە) لەم شارەدا هەبووبێ. جگە لەم بەگە، دەرزەنێک بەگی دەولەمەند لە موسل هەیەو موڵک و ماڵەکەیان لەسەردەمی دەرەبەگایەتی یەوە بۆ ماوەتەوەو ئێستاش خۆیان بەشایستەی میرەتی دەبینن. بەلام ئەم کێشەیە لە تورکیا بەیەکجارەکی براوەتەوەو بەلایەکدا خراوە.

ئەینەوا کەوتۆتە لای چەپی دیجلە. من پێشتر سەرم لێ دابوو، ئەمجارەش هەر سەرم لێ دایەوە چونکە پیاو هەموو کاتێک ئەو دەرفەتەی بۆ نارەخسێ سەر لە شوێنی دێرینی وەها بدات. لێرە شتی سەرنج ڕاکێش بەرچاو ناکەون. گردێکە لەسەر شێوەی سەربانێک بەناویدا چەند ڕاڕەوێک دروست کراوە، لەوە ئەچێ هەندێ لەم ڕاڕەوانە لەلایەن پشکنەر(لە یارد)ەوە هەلکەنرابن چونکە ئەو هاتووە بۆ ئێرە ئەو شوێنەی پشکنیوە. بەدووری نازانم لە پاشەڕۆژدا شتی ئەنتیکەو نایاب لێرە لە کویونجیک- بدۆزرێتەوە. پاشان سەرنجی ڕاڕەوو هەلکۆلێن و شوێنە پشکنراوەکانم داو وا باوەڕ ئەکەم کە لێرە هەروەک ئەمرودو خورساباد تەنیا نیوەو بەشێک لەو شتانە دۆزراونەتەوە کە تیایدا شاردراونەتەوە. من وای بۆ ئەچم ئەگەر گردەکەی بەرامبەر کویونجیک هەلبکۆلرێ و لێ ی بدرێتەوە شتی نایابی تیادا دەدۆزرێتەوە. لەسەر ئەم گردە مزگەوتی نەبی یونس(یۆناس) هەیە کە لەلای ئێمەش ناسراوە. زانایەکی زانستی ئاشووریی(ئاشووریی شوناس) بۆی باسکردم لەژێر ئەم گردەدا کۆشک و تەلارێکی گرنگی وەک کویونجیک هەیە.

دووکیلۆمەتر لەولای کویونجیکەوە لەسەر ئاوی دیجلە دارستانێکی چڕی لەبەرازی کێوی هەیە. ئەم دارستانە لەشارەوە دوور نی یە بۆیە بەدەرفەتم زانی و دووجار ڕاوە بەرازم لێ کرد، پێنج ساڵ لەمەوبەر لەم دارستانەدا بەورێک(پلنگ) ڕاوکراوە.

گوایە ئەم پڵنگە خەڵکی ئەم ناوچەیەی تۆقاندووە زراوی بردوون و چەند کەسێکی لێ کوشتوون و ناوبەناویش زیانی لە زیندەوەرو ماڵاتیان داوە. وادیارە ئەم پڵنگە لە ئێرانەوە پەڕیوەتە ئێرە و رووی کردبێتە ناو ئەم دارستانە چڕە. بەباوەڕی من ئێرە جێگای ئەم جۆرە دڕندانە نی یە. ئیتر خەڵکی ناوچەکە لێ ی کەوتوونەتە خۆو راویان کردووە.

ماوەی ئەو سێ هەفتەیەی لە موسڵ بووم دەرفەتی ئەوەم بۆ هاتە پێشەوە لە نزیکەوە دەربارەی حەریم لە ئیسلامدا شارەزا بم و ئەم حەریمەی پسولمانان خستیە ناو قوڵایی دەریایی رامان و سەرسوڕمانەوەو ئەم ئەزانی لەبەرامبەرو ئاقارو ئەم جۆرە پەیوەندی یە سەیرەدا چۆن هەڵس و کەوت و رەفتار بکەم. پوختەی ئەم دەرفەت و بەسەرهاتە بەم جۆرە بوو:-

سەربانی ماڵەکەم شەو فێنک بوو، کە بێ تاقەت ئەبووم جاروبار ئەچوومە سەربان و کە فێنکم ئەبۆوە ئەهاتمەوە خوارێ. سەربانەکەم بەسەربانی خانوی دراوسێ کانەوە نووسابوو تەنیا دیوارێکی سێ پێ بڵند جیا لە یەکتری ئەکردنەوە.

دوای نان خواردنی ئێواران خۆم بەنووسینەوە خەریک ئەکرد. شەویش زۆرەوە گەرم بوو هەرچی جل و بەرگی لەبەرم دابوو دام ئەکەندو پەشتەماڵێکم بەخۆمەوە ئەگرت. چەند رۆژێک بەم جۆرە خایاندم. لە دوایییدا بۆم دەرکەوت ئەو دوو ماڵە دراوسێ یەی سەربانەکەیان بەسەربانی خانووەکەی منەوەیە دوو حەرێمی دوو پیاوی بەگ و خانەدانی موسڵن و هەردوو خاوەن ماڵەکەش ئاشناو ناسیاوی منن. حەرێمێک لەم دووانە پێنج ژنی تیادابوو ئەوی تریان هەشت ژنی لێ بوو. لەمانە دووژنیان روسییەکی شەق و شرپان ئەزانی و قسەیان پێ ئەکرد و هەردووکیان چەرکەس بوون ماوەیەک لەمەوبەر لە قەفقاسەوە هێنرابوون بۆ ئێرە. ئەوی بەسەیر هاتە بەرچاوم ئەوە بوو ئەم ژنانە بێزارو وەڕس و بێ تاقەت بوون، ئەیان ئەزانی چ بکەن و چۆن ئەم جار سی یە بشکێنن و خۆیان بەمن بناسێنن! کەچی ئەمە زۆر بەسووک و ئاسانی و بگرە بەبێ هیچ گرێ و گۆڵێک بۆم رەخساو هاتە پێشەوە. بەسەرهاتەکەش بەم شێوەیە بوو کە ئێستا باسی ئەکەم:

هەروەکە لەمەوبەر وتم، چەند رۆژێک بوو گەیشتبوومە موسڵ و لەگەرمان خۆم رووت ئەکردەوەو پەشتەماڵێکم لە خوم دەئالاند کەچی ئەم ژنانە بێ شەرم و شکۆو بێ گرێ دانە رووتی من ئەهاتنە سەربان و لەسەربان پیاسەیان ئەکردو سەیری

منیان ئەکردو وردە وردە خۆیان لێ نزیک ئەکردەوەو بۆم پێ ئەکەنین و ئنجا لە دەرفەتێکدا قسەیان لەگەڵدا کردم و لێ یان پرسیم جەناب جگەرەت پێ یە؟ وتم بەڵێ، ئنجا داوای میوەو مرەباو مەیی و نارەقیان لێ کردم و لێ یان پرسیم ئایا رێگایان ئەدەم بەسەربانەکەی مندا بچنە ماڵەکەی ئەو دیوو ئاوبەناو بێن بۆ لای من لەماڵەوە. ئەمە هەمووی هەفتەیەکی ئەخایاندو پەیوەندی لە نێوانمان دا پەیدابوو.

ئێواران بگرە تا شەو درەنگ دەبوو کۆڕی ژنانم هەبوو لەسەربان! ئەمە بەلای منەوە، لەلایەک، شتێکی نوێ و خۆش و بەلەزەت بوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە بووەمایەی پەشێویی و سەرگەردانی ی و سەریەشە بۆ من. من لەوە دڵنیابووم کە ئەم جۆرە پەیوەندی یە هەروا بە نهێنی و «دیزە بەدەرخۆنە» نامێنێتەوەو رۆژێک ئاشکرا ئەبێ و دەنگ ئەداتەوە. من دڵی خۆم بەوە ئەدایەوە کە من لەم بابەتەدا هیچ دەست پێشخەرییەکم ئەکردووەو ئەوان هاتوون بۆ لای من و من ئەتوانم لەم بارەیەوە چی بکەم؟ ئایا خەڵک بڕوا بەمن و بەم قسەیەی من ئەکات؟

راستە من لەماڵەکەی خۆم بووم و پاسەوانی تایبەتیم هەبوو[1] ئەیانپاراستم بەڵام هەر لە خۆم ئەمین نەبووم و ئەترسام. هەروەها پاسەوان و ئەو خەڵکەی لە ماڵەوە لەگەڵمدا بوون ئامادەبوون شایەدیم بۆ بدەن و من چیم بوێ وا بڵێن، بەڵام لە دڵی خۆمدا بەمەش قایل نەبووم و هەر سەرزەنشتی خۆمم ئەکرد چونکە ئەم وت من لە ماڵێکدام و ئەو ماڵەم پێ سپێردراوە، پێویستە داب و دەستوورو نەریتی میوانیەتی بپارێزم و رێزو حورمەت و قەدری ئەو ماڵەو خاوەن ماڵەکە پێشێل ئەکەم و ئەشکێنم. ئەم پرسیارانە دڵیان پتر گرمێ کردم. باشە پیاو چی بکات؟ ژنەکان چەند جارێک پێ یان وتم: دڵت هیچ ئەکات ئێمە هەموومان ۱۳ ژنین و باش لە یەکتری دەگەین و پێکەوە هەڵدەکەین، کەسیشمان دووزمانی لە یەکتری ناکەین و قسە ناگێڕینەوە. ئەم قسانە واڵە مرۆڤی ئەورووپایی ئەکەن بڕوانەکات بەڵام لە ئاسیاو لە رۆژهەڵاتدا شتی وا هەیەو خەڵک خاوەن قسەی خۆیەتی، بەواتایەکی تر گومانی مرۆڤی ئەورووپایی تا ئەو رادەیەیە کە بەئاسانی بڕوا بەشت ناکات دڵی ئاو ناخواتەوە. من هەر لەو پەیمان و بەڵێنانە بەگومان بووم و دوو دڵی دەستی

---

(۱) جگە لە ئەفسەرێکی جەندرمەو دە سەرباز کە لەماڵەوە پاسەوانیان ئەکردم خەڵکی تریشم لەگەڵدا بوو لە ماڵەوە.

هەڵنەدەگرتم بۆیە بڕیارم دا بچمە لای پسپۆڕێکی ئاشنام و داوای پرس و ڕاو ئامۆژگاری لێ بکەم.

ئەم کارە شتێکی واسوک و ئاسان نەبوو بۆ من جۆرە لە ڕووداماێکی تیادابوو، بەڵام چارم نەبوو هەردەبوو سەرێک لەو ئاشنایەم بدەم و گرێ ی دڵی خۆمی بۆ بکەمەوە، داوام لێ کرد قسە نەکات و شتەکە هەر لەنێوان من و ئەودا بمێنێتەوەو گلتی ئەمەی پێدام. ئاشناکەم وتارێکی دوورودرێژی بۆ دام زۆر لە فەتوایەک دەچوو لێرەدا پوختەکەی دەنووسمەوە:

هەم: سەری باداو وتی: ئەمە شتێکی ئاسایی نی یە، زەعیفە لەلای ئێمە هەر سادەو ساکارەو ئەقل سووکە، دوور بێ نی یەو ئەقلی زۆر بڕ ناکات و بیر لە داهاتوو ناکاتەوە. هەمان تاس و حەمامی جاران.. ژن حەزی لەشتی خۆشەو ئەیەوێ شتی نوێ بزانێ و تۆزێکیش بەژارەی دڵی خۆی بڕەوێنێتەوەو گرێی دڵی بکاتەوە بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەماندا کە ژنان لە ماڵەوە ئیش و کارێکی وایان نی یەو بێ زارو بێ تاقەتن و دەیانەوێ تۆزێک فوو لە خۆیان بکەن و ئەم تەپ و تۆزی بێ زاری ژیانی ڕۆژانە لە خۆیان بتەکێنن. لەو ڕۆژەوە بەندوکۆیلایەتی بەقانون لە تورکیا لابرا(تەنیا لە حەرەمی سوڵتاندا نەبێ) خەساندن نەماو مرۆڤی خەساو دەست ناکەوێ و زەعیفە لغاوو جڵەوی لەدەم دا نەماوە و سەرکێشەو کۆنترۆڵ ناکرێت. ئێستاکە خەڵک خزمەتچی ئافرەت لە حەرەمدا دادەنێ چونکە بەندەی خەساو دەست ناکەوێ، بەڵام ئەم ژنە خزمەتچیانە دەکەونە ژێر دەستی حەرەم و گوێڕایەڵی دەبن و هیچ بەقسەی ئاغایان ناکەن و بگرە شتی لێ دەشارنەوە.

من وای بۆ دەچم ئەو مەسەلەیەی تۆ باس ئەکرێت و پەردی لەسەر دابنرێ و دڵت هیچ ندکات و پتر لەسەر نوتق دانەکەی ڕۆیشت وتی:-

ئەو زەعیفانە ئابڕوی خۆیان بردووە بەوەی داوای جگەرەو شیرینیان لە تۆ کردووە جابۆیە بێ دەنگ نەبن و باسی مەسەلەکە ناکەن. تۆ دوو دراوسێت هەیە یەکێکیان لە سەفەری ئەستەمبۆڵەو ئەوی تریان پیرەمێردێکی خەڵەفاوە. باشە پێم ئاڵێ ی بۆچی ئەم دووانە خۆیان چاودێری و سەرپەرشتی زەعیفەکانیان ناکەن؟

بەباوەڕی من ئەو زەعیفانە هەرچەندە(بێ مێشک و سادەو گەمژەن) دەبێ لەم جۆرە کردارە ناڕەوایەیان بپرسرێتەوەو سزا بدرێن. ئەم دڕندانە لە درۆو دەلەسەو تەفرەدان و خیانەتدا- سەرەڕای گەمژەییان- زۆر زان و مەلا بەزێنن.

سوێند بخۆن و بڵێن هیچمان نەکردووە سەرمان لە یەکتری داوە، لەم حاڵەشدا بەیەک دوو قەمچی و سیمورخ تێ کوتان رزگاریان دەبێ. ئەگەر بەگوێ ی من ئەکەی جارێکی تر مەچۆرە حەرەمی خەڵکی بێگانە. راستە تۆ بێ خەتای و هیچت بۆ ناکرێ و ئەتوانی چی بڵێ ی و چیت لەدەست دێ کە ئەم جۆرە زەعیفانە ئەبەستراونەتەوە بەپاشی جلەو ئەگیراون و کۆنترۆڵ ئەکراون و بێ پرس و رابە سەربانی تۆدا ئەم بەرو ئەو بەریکەن!؟

خۆزگە ئەگەر تۆ لە تەرجومانەکەت دڵنیایی و ناترسێ ی قسە بکات ئەوا قەیدیناکات جاروبار تاهی دڵی خۆت بشکێنەوەو لا لەوەرێ بکە چی تێدایە بۆچی نەبێ؟

تۆزێک وەستاو ئنجا بەپێکەنینەوە وتی:

ئەاغا، هەموو رۆژێ ئەم دەرفەتە بۆ پیاو نارەخسێ لە خانویەکی مابەینی دوو حەرەمدا بێ خاوەنی یەکێکیان مێز منداڵێکی خەڵەفاو هەرزەو ئەوی تریان بەساڵ جارێک نایەتەوە ماڵەکەی خۆی!

دۆستەکەم بەجێ هێشتو هاتمەوەو مێشکم ورووژابوو زۆرشتم بەبیردا ئەهات هەرچەندە ئەمە دەرفەتێک بوو بۆم هەڵکەوت ژنە تورک لە نزیکەوە بناسم، بەڵام ناتوانم شتێکی ئەوتو لەبارەیانەوە بڵێم و بنوسم راستە ۱۳ ژن ناکرێ بەنموونەی خەروالێک و ناکرێ بەم پێ و دانگە هەموو ژنان بپێورێن و حوکمیان بەسەردا بدرێ بەڵام شتێکی تر هەیە پێسی ئەم بڕیارە ئەکاتەوە بەخوریی:

بەتێکرایی ژیان لە رۆژهەڵاتدا یەک رەنگ و سادەو ساکارە، هەڵوێستی پیاو بەرامبەر ژن دیسانەوە وەک یەکەو هەموو کەسێک بەهەمان چاو سەیری ئافرەت ئەکات. بۆیە دەڵێم: جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێو تاکە کەساندا چ ژن چ پیاو نابینرێ و دەکرێ ئەم مشتە نموونەی خەروالێک بێ. ئەو ژنانەی من لە رۆژهەڵاتدا تووشیان بووم و ناسیومن نموونەی ئاسایی ئافرەتی (حەرەمن)[١] و ئەگەر لەگەڵ ژنانی ئەوروپادا بەراورد بکرێن ئەڵێم: تاقی کردنەوەو بۆچوون و ئەقڵ و ژیریی ژنی رۆژهەڵات هەر ئەوەندەی کچە شەش حەوت ساڵێکی ئەوروپایی دەبێ. ئافرەتی رۆژهەڵات بۆ پیاوی ئەوروپایی بێزاریی و جارسی و بێ تاقەتیان لێ دەکەوێتەوەو هاورێ ی راستەقینەی ژیان نین.

من ئەوەشم لەبەرچاوە کە لە مێژوودا چەند نموونەیەکی شێرەژن و کەڵەژن بەرچاو ئەکەون کە دەورێکی بەرچاوو ڕەنگینیان لە ژیاندا گێڕاوە وەک خەدیجەی هاوسەری ژیانی محەممەد و زوبەیدەی ژنە بەناوبانگی هارون ڕەشیدو ئەرجەمەنت بانوی ژنی شا جیهانی مەنگۆل... هتد. بەلای منەوە ئەو نموونانەی هێنامنەوە بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن و عەرەب وتەنی: ئیستثناء نەک قاعیدە، بگرە ئەمانەش هیچ کامێکیان تورک نەبوون. بەباوەڕی من ژن هەموو کاتێک ڕەگەزێکی نزمە.

## بەشی سیانزە

## • لە موسڵەوە بۆ بتلیس •

وردە وردە هەستم بەوەکرد کاتی ئەوە هاتووە درێژە بەگەشتەکەم بدەمەوە، دوای سێ هەفتە مانەوەم لە موسڵ ڕۆژی ١٣ی حوزەیران شارم بەجێ هێشت.

بەسێ ڕۆژ لە موسڵەوە گەیشتمە زاخۆ. تائێرە پشتم بەو نەخشە جوگرافیاییە بەستبو کە کاتی خۆی کیپەرت دەربارەی ئاسیای بچووک دایناوە. لەم نەخشەیەدا دووریی ناوچەکە لە یەکتریی و مەنزڵ و قۆناخی شەو بەسەربردن بەتەواوەتی ورێک پێکی نووسراون. جا بۆیە هەستم بەوە ئەنەکرد کە من بەناوچەیەکی نامۆو غەریبدا گەشتەکەم ئەکەم. تا جزیرەی ئیبن عومەر نەخشە جوگرافیاییەکەم بڕی کردو ئەو شتانەی تیایدا نووسرابوون ڕاست بوون. بەڵام لێرە بەولاوە شتەکانی تەواو نەبوون.

بێ گومان لە ناوچەیەکی وەک ئێرەی شاخاوی و چیا ڕێگاوبانەکانی وەک ماری بریندار پێچیان خواردووە ناکرێ و ئاسان نی یە هەموو شتێک دەربارەیان بەڕاستی و تەواوەتی تۆمار بکرێت. لە نەخشەکەی مندا ناوی چەند لادێ یەک نووسرابوو کە ناوی زۆربەی هەرە زۆریان لەلایەن خەڵکی ئەم دەڤەرەوە نەبیسترابوون. بەدووری نازانم ئەم گوندانە هەبن بەڵام لەبەری ئەوبەری دیجلە بن. بۆ ئەوەی ئەم قسەیەم

---

(١) پەرلەمانی ئاسایی حەرەمی نی یە. ئەم حەرەمە گرانەو مەسرەف زۆرەو زۆر لەسەر پیاو ئەکەوێ. پەرلەمانی ئاسایی یەک هاوسەری هەیە. ئەوانەی حەرەمیان هەیە دەست ڕۆیشتوو دەوڵەمەندەکانن، ئەگینا ئەک هەفتەی جارێک بەڵکو مانگی جارێک ناچنە لای حەرەمەکەیان، ئەم کەسانە بۆ گەشخەکردن، چونکە پلەو پایەی بەرزیان لەکۆمەڵدا هەیە، ئەم حەرەمەیان هەیە بۆ ئەوەی خەڵک بەمەزانن و بەجۆری تایبەتی باسیان بکەن.

باشتر روون بکەمەوە ئەم چەند دێرە لە دەفتەری یادداشتەکانم دەردێنم و لێرەدا دەیان نووسمەوە.

بەپێ ی نەخشەکەی کیپەرت دەبێ گوندی مەنسوری یە ١٥-١٦ کیلۆمەترە لە جزیرەوە دووربێ، کەچی ئەم دێ یە هەر زۆر لێ ی نزیکەو ئەگەر زیک زاکی(گەورو پێچەکان) رێگاکە لەبەرچاوی بگیرێ هەر چوار کیلومەترە لەیەکتری یەوە دوورن، هەر بەپێی نەخشەی ناوبراو دەبێ مەنسوری یەو قوندیک ١٥ کیلومەترە لەیەکتری دووربێ کەچی ئەم دوو شوێنە ٤٠ کیلومەترە لەیەکتری یەوە دوورن. دیسانەوە وابەس کراوە گوندی بولوک بەراستە رێگایەکی ١٢-١٣ کیلومەتری لە دیجلەو لە ئاوی بۆتانەوە دوورە بەلام من بەچاوی خۆم دیتم ئەم گوندە لەسەر روباری بۆتانەو ٣کیلومەترە لە دیجلەوە دوورە، بەتایبەتی لەو شوێنەی ئاوی بۆتان تێکەڵ بەدیجلە دەبێ.

هیچ کەسێک لێرە ناوی گوندی خالیێ و شەهلەی نەبیستوە کەچی هەردووکیان لە نەخشەکەی کیپەرت دا نووسراون. بەقسەی کیپەرت سیرت یاخود سوورت لەسەر ئاوی بۆتانە بەلام من هیچ جۆرە ئاوێکم لە سیرت نەدی ئەم بێ ئاوی یە وای کردووە کەنالێک بۆ ئاودێری ناوچەکە هەڵبکەنرێ. لە ژووری سیرت زنجیرە چیایەکم دی لە مانگی حوزەیراندا بەفر دایپۆشیبو، لوتکە هەرە بەرزەکەشی میلیتتۆ بەدرێژایی ساڵ بەفری لێ نابڕێ ورەش نابێتەوە. ئەم چیایە ٤٠٠٠ مەتر بڵندە.

بەلام لەنەخشەی کیپەرتدا ناوی نەهاتووە. بەلای منەوە ئەو ناوچەیەی کەوتۆتە نێوان دەریاچەی وان و پالاتۆکەم ئەوەندە بڵند نیە وەک لەنەخشەکاندا نیشان دراوە.

ئەودوو بارۆ مەترە ئینگلیزەی بەکارمهێناوە تاوەکو ئێستا بەراستی بەرزایی و بڵندی جیاو لوتەکانیان نیشان داوم. دەمەوێ لێرەدا چەند شتێکی نوێ کەخۆم پێیان گەیشتووم بخەمە بەرچاوو بۆ ئەوەی ناراستی پێوانەی نەخشەکانی تر ساف بکەمەوە:

| شوێن: | بەرزاییەکان بەپێوانەی من: | بەپێوانەی کارتی کیپەرت: |
| --- | --- | --- |
| سیرت | ٣١٠٠ پێ | ٢٦٧٣ پێ(٨١٠ مەتر) |
| گەلی نورتاپ | ٦٥٠٠ پێ | ٥٦٦١ پێ(١٧٠٠ مەتر) |
| گەلی تێنگ تاپ | ٨٣٠٠ پێ | ٧٦٠٠ پێ(٢٣٠٠ مەتر) |

من بەمە ئاسەوێ لەبایەخی نەخشەکەی کیپەرت کەمبکەمەوە بگرە من لەسەرانسەری گەشتەکەمدا دەست بەرداری ئەم نەخشەیەو نەبووم هەمیشە هەر لەبەرچاوم بووە تەنانەت لەگەشتێکی پێشومدا بەعێراقی عەرەبی و گەشتی دووەم بەباشووری کوردستاندا[1] دەلیل و رێنیشاندەرانم بەتەواوەتی پشتیان بەنەخشەکەی کیپەرت بەستبوو و هەمیشە لەبەردەستیان دابوو سەریان بەسەردا ئەگرت.

کاربەدەستانی تورک لافی ئەوە لێ ئەدەن گوایە جاددەیەک (شەقامەڕێ) لەموسڵەوە ئەهێنن. لەوێشەوە بۆ سیرت ئینجا بەرەو بتلیس و ئەرزەرۆم. ئەم جاددەیە ئەوەندەی ئەو شەقامە ئەبێ کە روس بۆ کاروباری لەشکر بەقەفقاسدا بەرەو گرۆسنی تاوەکو زاخۆ تەواو بووە.

من پێبکەنیم بەوقسەیەی تورکیا دێت چونکە لە ١٠٠ کیلۆمەتر پتر لەم جاددەیە رانەکێشراوە، لەهەندێ جێگا رێگا بەجۆرێک بەردرێژکراوە ئەسپ سوار ناچار دەبێ بەلا رێگا دابڕوات. راکێشانی جادە بەم ناوچەیەدا وا سووک ئاسان نییە لێرە تەنیا رێگای باریک(ترو لەرێگا)و دۆڵ و گەلیی هەیە.

لەزاخۆ بەولاوە سروشت رەنگین ترو دڵرفێن تر دەبێ بەلام رێگاکە سەخت و ناخۆش تر.

لەزاخۆ پردێکی جوان و قایم، کەوان ئاسایی لەسەر ئاوی خابوور هەیە.

رۆژی ١٦ی حوزەیران لەجەزیرە شەوم بەسربرد، ژمارەی دانیشتوانی نزیکە ١٠ هەزار تا ١٢ هەزار کەسە، رۆژی دواتر لەگوندی زێوێ بارم خست و خێوەتم هەلدا. ئەوگوندو ناوچەیە ئەوەندە جوان و دلگیرن هەرچی کردم نەمتوانی رۆژی دواتر باربکەم و ئێرە بەجێبهێلم. بۆیە رۆژێکی تریشم لێرە بەسەربرد.

---

* ئەم نەخشەیە ناوچەی سلێمانی ، لەوێوە بەرەو سنووری ئێران بەرلستیی و تەواوەتی باسی ناکات و پێوانەکانی وردنێن. بۆیە ناکرێ لەم ناوچەیە پشت بەو نەخشەیە ببەسترێ.

دۆڵی کپ هەڵدێری پڕ لەتاشە بەردی قـوچ و زەبەللاح. چەندین لقـە رووبار پارچە زەویەکی بچوک یان تاشەبەردێک دەگرنە باوەش و دورگەیەکی چەند مەتر دووجای لێ دروست ئەکەن . دارستانی چڕ هەردوو بەری ڕێگاکان بەدارو درەختی کـەپر ئاسایی و میـوەی هەمـە چەشنە وەک هەنارو هەنجیـر وترێ تەنراون. لەژێر درەختەکان رۆژی چەند سـەعاتێک تیشکی خۆر لێی ئەداین و سێبەر لەهەموولایەک باڵی بەسـەر زەویدا کێشابوو. ئەم دیمەنە زۆر جوان و دڵگیر بوو پیاوی ئەخستە دەریای خـەیاڵ و ئەندێشـەوە. بەڕاسـتی لەتابلۆیەکی جـوانی هونەرمـەندی ئەچێ هەروەک هونەرمـەندێک بەپەرەسـوچە رەنگینەکـەی رەنگی ڕشـتـوە، دیمەنێکی رۆمانسی ، سـەد هەنگاوێک لەولاتر گوڵ و گژوگیا قـاڵی و فـەرشێکی سروشتی جوانیان دروست کردبوو. لێرە جۆرە گیایەک هەیە بەئەڵمانی پێ ئەوترێ- تۆلیاند- گرایە ژەهرێکی خەست و خۆڵی تیادایە و نابێ ئەسپ و هێسترو وڵاخە بەرزە بیخۆن چونکە یەکسەر پێی ئەتۆپن.

رۆژی ١٩ی حوزەیران گەشت دەستی پێ کردووە و ئەو ناوچە رەنگین و ئەفسـانەیەم بەجـێـهـێشـت. لە سـێـرتەوە بەدرێژایی زێی بۆتان و ناوە پێـچـاو پێچ خواردووەکەی ملی ڕێگامان گرتەبەر، ڕێگایەکی سەخت و عاسێ لەهەندێ شوێنی تردا ڕێگاکە ئەوەندە تەنگەبەر دەبێ رۆیشتن پیایدا سووک ئاسان نییە جاری وابوو هەڵدەخلیسـکام قـاچێکم بەسـەر تاشە بەردێک و ئەوی تریان هەڵدەواسـرا. ئەم ڕێگایە دۆڵی داریالی قەفقاسم وەبیر ئەهێنێتەوە بەتایبەتی لەسـەختی و هەڵدێرو هەزار بەهەزاریەکـانیـدا. ئەم ڕێگایەی قـەفـقـاس بەدۆڵی ناوە بەتەوژمـەکـەی قوورە(یاخود کورە) دا دەڕوات و ئەو دۆڵە وەک لەتاشە بەردی زل و گـەورە دروست کرابێ وا دێتە بەرچاوو لەهەندێ شوێندا بەرزایی ئەم دۆڵە وەک دیوارێکی ٤٠٠٠ پێ بلند دێتە بەرچاو. لەم تاشە بەردانەدا لەهەندێ جێگا کونی گـەورەو دەلاقـە و دەروازە ئەبینرێ هەر ئەڵێ ی بەدەسـتی مـرۆڤ دروست کـراون. بەڵە دەکـەم(ڕێ نیشـاندەر) پێی وتم ، ئەم کونانە لەکاتی لێقەوماندا. بەتایبەتی کەلەناکاو بارو باران هەڵئەکات یاخود بەفر ئەبارێ و کاروان یەکی رۆیشتنی ئەکەوێ، ئەکرێ وەک حەشارگەو مەنزڵ بەکاربهێنرێن. ئەم قـسـەیە هانی دام خۆم بەکونێـک لەم کونانەدا بکەم و بزانم چییەو چۆنە؟ بەکورتە ڕێگایەکدا مرۆڤ سـەرئەکەوت بۆلای کونەکان و لەهەندێ لاوە ئەبوو یەکێک شان دابدات و ئینجا بەبێ بچێتە سەرشانی و لەوێوە

بۆلای کونەکە سەرکەوی دەروازەی کونەکە نزیکەی ١٠ پێ بەرزە، کە ئەچیتە ناوەوە کونەکە وەک ژوورێکی پان و بەرینی لێ دێ و ئەشێ پیاو تیایدا پشوودات و بحەسێتەوە. من بەشتێکی باشی دائەنێم لەم شوێنەدا ئەو جێگایانە هەبن بۆ خۆپارستن و حەسانەوە.

دوورنییە ئەم کونانە بۆمەبەستی تر دروست کرابن چونکە هەروا ئاسان نییە لەوتاشە بەردە سەخت و قایمانە جێگای وا جوان دروست بکرێ و ئەو هەموو وەستایی و ئەنداز یاریەی تیادا بەکاربهێنرێ.

بەدووریشی نازانم ئەم کونانە جێگای ناشتن و گۆڕو حەشارگەی مردووی کەسانی دەسەلات دارو دەست ڕۆیشتوو بووبن. شوێنێکی سەرنج ڕاکێش و سەیر خەڵکەکە پێی ئەڵێن ئەکرێپ (بەئەڵمانی سکۆرپیۆن- واتە دووپشک) ئەم شوێنە بریتییە لە قالدرمەو پلەپلەی گەورە و زل لە قەراخ ئاوی بۆتانەوە وەک ماری پەپکە بەستوو زیک زاک ئاسایی ١٢٠٠ پێ سەرئەکەوێ بۆ سەرەوە. دوور نییە ئەم ڕێگایە سەیرو مرۆڤ پسێنە سەردەمی خۆی بەدەست دروست کرابێ پلەبەپلە و بەرد بەبەرد دانراوەو ئێمە نازانین چ شاهێک یاخود چ میللەتێکی چوست و چالاک و بەهێز و دەست ڕۆیشتو بۆچ مەبەستێک ئەم ڕێگایەی دروست کردووە؟

دوورنییە ئەم پلە و قالدرمە ڕێگایە لەسەردەمی ئاشورییەکان دروست کرابێ یاخود هی سەردەمی ئەرمەنی کۆن. فارس- تورک یان ساڵی ١١٩٨ی سەردەمی ڤیتلس یاخەر یاخود لوسیگنان دروست کراوە. دەشێ ، وەک کاولەکانی کۆشک و تەلار نیشانی ئەدەن پاشماوەی شارێکی گرنگ بێ.

هەر پلەیەک لەم پلەتە ٢٠ پێ پانە، ١٠ پێ چاڵ و ٢٠ پێ بلندی لەتاشەبەرد دا تاشراو وبەهەموویان دەوترێ قالدرمەی دووپشک ، ئەم قالدرمانە ئەوشەقام و جاددانە وەبیر دەهێننەوە کە ڕۆمی کۆن بۆ هام و شۆی لەشکرو کاروباری لۆجستی رایان کێشاون. ناوبەناو لەملاو لەولا چەند شوێنەواری کووره خشت و کەرپووچی سووردەبینرێن لەوە دەچی ئەم خشتی سوورە بۆ قایم و پتەوکردنی قالدرمەکان بەکارهێنرابن. پیاو بەسەعاتێک سەرئەم قالدرمانە ئەکەوێ و سەرکەوتنەکەش کەولاخ و قاتری لەگەڵابێ وا سووک ئاسان نییە.

ڕۆژی ٢٠ی حوزەیران گەیشتمە سورت لەوێ ڕێگامدا کاروانچییەکان ڕۆژێک بحەسێنەوەو پشوو بدەن. ئەمەشم بەپێویست زانی چونکە ئەو چوار ڕۆژ ڕێگایەی

برمان زۆرناخۆش بوو نارەقی رەش و شینی پێدەر داین ، ئەو رێگایەی لەبەرمانە هەروایە ئەگەر سەخت تر نەبێ بۆیە پێویستی یان بەپشوودان و جۆرە حەسانەوەیەکی هەبوو. نەک هەر ئێسترو بارگیرو قاترەکان بگرە ئەسپەکەی منیش دەبوو ناڵ بکرێن و رنەکیان لێ بدرێت و خزمەت بکرێن. لەجزیرەوە تا ئەرەبزۆن کاروانچییەکانم راسپارد هەموو ئێوارەیەک ولاخە بەرزەو ولاخەکان بەگشتی بەسەربکەنەوەو سەرنجی سمیان بدەن و بزانن پێویستی یان بەناڵ بزمار هەیە یان نا بۆ ئەوەی لەتەپ رشکی و بەردو دارو هەڵدێری رێگا بپارێزرێن و بێ گیروگرفت دەربازیان بێت. رێگاوبان لێرە ئەوەندە سەخت و سەقەت و زەحمەت و پڕ هەڵدێرو نشێوو بەردو دارن بۆیە پەلامەوە سەیر نەبوو کەناوبەناو رەشە ولاخ و چێڵ و گاو گامێشم ئەدین کە ناڵ کرابوون.

سورت شارێکە لەشارە پاک و خاوێنەکانی تورکیا بەرێک و پێکی دروست کراوە. بەپێی سەرژمێریی دەوڵەتیی ژمارەی دانیشتوانی ١٥ هەزار کەسە سەرایەکی گەورەو دوکان و بازار و خان و کاروان سەرای تێدایە.

ئەو پیاوە ساقوڵانەی من لێرە دەرفەتم بۆرەخسا بیانناسم دوو پیاوی بەسالاچووی دنیا دیدە بوون. یەکێکیان والی شارەکە بوو سەعید پاشا ئەم پیاوە لەسەرانسەری دەوڵەتی تورکی عوسمانیدا وەزیفەو پلەو پایەی جۆربەجۆری پێ سپێردراوەو دنیای زۆر بەقونەکەو کردبوو خۆی عەرەبە ماوەیەک والی حەسابووە، ئەم ناوچەیە ، لەم سەردەمەماندا تورک داگیری کردووە، لەسەر خلیجی فارسە. زۆر دڵخۆش بوو کەزانی من دووجار گەشتی عەرەبستانم کردووە و ئەوم ناسیوەو بەعەرەبی قسەی لەگەڵدا ئەکەم.

لەچاویدا ئەوەم دەخوێندەوە کە حەسا بەهەشتی سەرزەوییە ئەگەر بڵێن بەهەشت لەم دنیایەدا لەسەر زەوی هەبێ. کاتێک دەستمان بەوتووێژ کرد وەک هەموو کاربەدەستێکی دەوڵەت ئاسا بەشێوەیەکی پرۆتۆکۆڵ و رەسمییانە قسەی دەکرد، خۆی بەجۆرێک نیشان ئەدا گوایە شیاوی ئەو ئەرک و پلەیەکە دەوڵەت پێی سپاردووە. تۆزێک باسی خەم و پەژارەی خۆی بۆ کردم وتی: واباشتر بوو من لەعەرەبستان بم و لەوێ وەزیفەیەکم بدرێتێ ، ئەم وەزیفەیەی ئێستام بۆمن جۆرە دوورخستنەوەیە کە وناکام لەهەموو دنیا براوە. خۆ ئەگەر لەوڵات و ناوچەو جێگاو رێگای خۆم کارم بکردایە ئەوا پترو باشتر سوودم بەدەوڵەت دەگەیاند.

پاش ماوەیەک دەرفەتێکم بۆ رەخساو لەگەڵ پایە بەرز سولتاندا قسەم کردو پێم وت:-

وڵاتی تورکیا وڵاتێکی پان و بەرینە باشتر وایە پیاو لەجێگای شیاوی خۆی دابنرێ و کاری پێ بسپێردرێ ، خۆئەگەر پیاوی ناشی و ناشایستە لەمەڵبەندێکی گرنگ دابنرێ و ئەرک و کاری پێ بسپێردرێ بەدووری نازانم هەڵەیەکی بچووک لەم حاڵەتەدا زیانێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە. سولتان وتی:

لەمە مەبەستت چییە؟ ئەتەوێ چی بڵێی؟ وتم جەنابتان دەزانن سەعید پاشا خەڵکی حەسایە ئەمە چۆن دەبێ؟

پاش ماوەیەک نامەیەکم لەسەعید پاشاوە بۆهات تیایدا بەدڵ و گیان سوپاسی کردبووم و مەمنوونی خۆی دەربڕیبو چونکە من تکام بۆ کردبوو تکاکەشم جێگای خۆی گرتبوو ئەمیان بۆ شاری خۆی گواستبووەوە.

پیاوی دووەم کەمن لە سورت ناسیم خانەدانێکی فەرەنسایی بوو. لێرە بەبیر دوو قرەنس داوده برا. ئەم پیاوە رەبەنێکی دۆمینیک بوو ماوەیەک لەدێرێکی دۆمینیکی مووسڵ بووە ئێستا وابزم ١٥ ساڵ دەچێ لە سورت نوێنەری کڵێسەی کاتۆلیکە. زۆر دڵی بەو شوێنەی ئێستا خۆش بوو گوایە لێرە خزمەتی کڵێسە ئەکات و ئەگەر کاتۆلیکێک بمرێ ئەو تەڵقینی ئەدات و بەداب و دەستووری کڵێسە کفن ئەکرێ و دەنێژرێ و ئەمیش دوعای بۆ ئەکات و لەپەروەردگار دەپاڕێتەوە بیباتە بەهەشت! ببوو بەهاوڕێی سەعید پاشاو جاروبار پێکەوە ئەچوون بۆ راوو کاتیان بەسەر ئەبرد.

جارێکیان لەگەڵیدا چووم بۆ راو واهاتە بەرچاوم کە زۆر شارەزایە بۆیە داوام لێ کرد بەپێی شارەزایی خۆی باسی ناوچەی مەودیکانەم بۆ بکات.

لەسورتەوە تاموش ٢٥٠-٣٠٠ گوندی کوردو ئەرمەن و چەرکەسن هەیە و هەندێک لەوگوندانە تێکەڵاون. ئەم ناوچەیە فرە ئەتەوەو هەمە رەگەزە وەک جۆرە ناوچەو دەوڵەتێکی نیمچە سەربەخۆ دێتە بەرچاو.

خەڵکی ئێرە دان بەدەسەڵاتی تورکی عوسمانیدا نانێن. بگرە سەربازیش نادەن و خزمەتی سەربازی ناکەن . زۆرجار دەوڵەت بەرێگاو شێوەی جیاجیا هەوڵی داوە ناوچەکە بهێنێتەوە ژێر دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆی بەڵام ئەمەی بۆنەکراوەو کۆششەکەی بێ بەرو ئەنجام بووە.

هەربۆیە دەوڵەت ناوچەی مەردیکانەی پشت گوێ خستوە و بگرە هیچ گوێ یان ئاداتێ و خەمی ئەم ناوچەیەی لەبەر نییە.

ئەمە تاکە ناوچەیەک نییە دەسەڵاتی تورک بەسەریدا ئەشکێ بەڵکو لەزۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی کوردستان و لەنێوە راستی ئەرمەنستان تورک بێ دەسەڵاتە و ئەم دوو ناوچانە تارادەیەک سەربەخۆن لەژێر رکێفی تورکی عوسمانیدا نین. ئەوەی من بەچاوی خۆم دیتوەمەو هەستم پێ کردووە دەسەڵاتی تورک لەم ناوچانەشدا نییە:

ناوچەی نێوان موسڵ وسنوری ئێران، چیاکانی ئامێدی و بادینان . ئینجا بەشی رۆژئاوای سوورت و ، بۆتان نێوان وەتۆشی وسنوری قەفقاس و خوارووی رۆژئاوای مەردیکان. لەم ناوچانەدا حکومەتی تورک نییە. ساسۆن ناوچەیەکی ترە، سەرەرای ئەو ناوچانەی ناوم بردن، لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی تورکدا نییە. خەڵک لەم رۆژانەدا بەخراپیی باسی ساسۆن ئەکەن بەهۆی ئەو رەشکوژیی و خوێنرژتنەی لەم دواییەدا لەم شارەکرا.

دەسەڵاتدارو ئاغاو میری راستەقینەی هەموو ئەو ناوچانە کوردەکان خۆیانن.

کورد لێرە ئاغا و میرو دەسەڵاتدارن. ئەرمەن و خەڵکی تر کە لێرە دەژین مسکێن و ژێر دەست و رەعیەتی کوردەکانن و باج و سەرانەو مولکانەو زەکات ئەدەن بەکورد.

ئەگەر کوردەکان هەست بکەن مسکێن ورەعیەتەکە بەتەواوەتی باج و سەرانە نادەن ئەوا بەلایانەوە رەوایە مەرو ماڵات و گاران و چێڵی ئەرمەنیەکان ببەن و ژیان لێهەڵگرن. جالێرەوە شەرو کوشتار ئەکەوێتەوە و کاربەدەستە ئەشارەزاو پێنەکراوو ناسیاسیەکانی تورک ئەمە بەهەل و دەرفەت ئەزانن و دەست دەخەنە نێو کاروباری ئەم ناوچەیەوە لەجیاتی سوڵح و ئاسایش مەسلەت جێگیرکردن ئەوەندەیتر تیشەکە چەواشە ئەکەن و ئاگری دوبەرەکیی و شەرو کوشتار خۆشتر ئەکەن. کوردەکان خۆیان تەنیا لەبارو دۆخی نائاساییدا باج بەحکومەتی تورک ئەدەن. بۆنموونە باج و مولکانە لەو زەوی و ناوچانە ئەدەن کە دەستی جەندرمەی تورک بەئاسانی دەیانگاتێ.

زۆرجار ئەم باج گری و مولکانەی زەوی و زارەکان روخسارێکی تر بەخۆیەوە دەگرێ. وارێک ئەکەوێ باجگری ناوچەکە یاخود قایمقام پیاوێکی زیرەک و قسەزان و شارەزایە و بەقسە خەڵکەکە ئەقرە ئەدات بۆ ئەوەی جۆرەباج و مولکانەیەک بدەن

و سەرکێشی لەم بڕیارەی دەوڵەت ئەکەن ئەگەرچی ئەم باج و موڵکانە شتێکی هاکەزایی و رەمزیش بێت و بۆئەم مەبەستەش خۆی لەگەڵ ئاغاو شێخ و میری ناوچەکە رێک ئەخات. وەک من بیستومە کاتی شەڕو ئاژاوەو ناخۆشی و کاتی رووتکردن و رێگرتن پتر دانیشتوان مەیلی باج و موڵکانەدانیان هەیە. بەڵام ئەم باجەی بەخەزێنەی دەوڵەت ئەدرێ ئەوەندە کەمە شایستەی ئەوەنییە باسی بکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئەبێ لەم بوارەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگیرێن:

١- میرو ئاغای کوردو سەرەک خێڵەکان ئەم باجە کەم و هاکەزاییە ئەدەن کەچی ئەیکەن بەپیاوەتی و منەت بەسەر کاربەدەستانی ناوچەکەوە، بەتایبەتی ئەو کاربەدەستانەی کەخۆیان کاکەو براگیان لەگەڵیاندا هەیەو ئەیانناسن و بوون بەدۆستی یەکتری، لەلایەکی تریشەوە کاربەدەستان بەم باج وەرگرتنە چاو بەرۆژێری ئەم کوردانە دەبن و لەکاتی رووتکردن و تاڵان و رێگرتنندا لەلای دەوڵەت تەشەبوس بۆ ئەم کوردانە ئەکەن ورزگاریان ئەکەن.

٢- کاربەدەست و باجگران، ئەو باجە کەمەی وەریان گرتووە. ئەیکەنە بەڵگەو دەلیل بۆ ئەوەی بەدەوڵەتی بڵێن، ئێمە لێرە شیاوی ئەو پلەو پایە و وەزیفەیەین کەپێمان سپێردراوەو دەتوانین لەگەڵ دانیشتوان هەڵبکەین و بگونجێین و بەمەش جێگاو کورسییەکەی خۆیان مسۆگەرتر ئەکەن.

٣- راستە ئەو باجەی ئەدرێ و ئەو شێوەو رێگایەی دەوڵەت باجەکەی پێ ئەگرێ هیچ ئاسایی نیەو باجەکەش ئەوە ناهێنێ، بەڵام دەوڵەت بەتایبەتی و کاربەدەستان بەگشتی زۆر پێی دڵخۆش دەبن و وای دائەنێن ئەم باج گرییە جۆرە دان نانێکە لەلایەن کوردو ئەمەرنەوە بەرەوایی و شیاوی دەوڵەت و دەسەڵاتی تورکی عوسمانی بەسەر ناوچەکەو خەڵکەکەدا. کاربەدەستان، وەک من تێی بگەم، دڵیان بەمە خۆشەو ئەزانن ئەم هەڵوێستەی باجگریە هەنگاو بەهەنگاو باشتر دەبێ و خەڵکەکە رادێن لەگەڵیداو لەئەنجامدا ئەبێتە مایەی یەکجارەکی پتەوکردنی دەسەڵاتی تورک بەسەرناوچەکەدا.

شەڕی نێوان تورک و ئرووس چەند ساڵێک لەمەوبەر، هانی حکومەتی عوسمانلیدا لەشکرێک لەکوردەکان دروست بکات وشەڕیان پێبکات چۆن رووس لەقوزاخ لەشکری دروست کردووە و لەکاتی پێویست دا بەکاری ئەهێنێ ئەو مەبەست و نیازەی تورک. بۆیەکێک لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی ناوچەکە ئەبێ

شتێکی باش و ڕەوایە. ئەبێ بۆباش نەبێ ئەگەر ٢٠٠ هەزار تفەنگچی ئازاو دلێرو سوارچاک و چاونەترسی کورد لەشکرێکی زەبروەشێنن بۆ دەولەتێکی شەرفرۆش وەک تورک پێک بهێنن کەهەمیشە هەر شەڕ بەدراوسێکانی ئەفرۆشی و هەر لەشەڕو جەنگدایە.؟

دەولەتی تورک هیچ کاتێک ناتوانێ بەباشی و بەتەواوەتی سوود لەو کوردانە وەربگرێ و بەکاریان بهێنێ هەروەک ئروس سەرکەوتووانەی ئەمەی لەگەڵ قوزاخدا کردووە. قەیسەری ئروس و کاربەدەستانی لەشکری ئروس پتر لە ٢٠٠ ساڵە ئەو قوزاخانەیان وەک سەرباز لەبەردەستدایەو بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاریان ئەهێنن. لێرەدا چەند خاڵێک ڕۆڵی گەورەو بەرچاویان گێڕاوەو ئەم سەرکەوتنەی ئروسیان لێ کەوتۆتەوە:

لەم خاڵانە کە دەستەبەریی پێکەوە هەڵکردن و تەبایی قوزاخ و ئروسیان کردووە لایەنی نەتەوەیی ترادیسیۆن و داب و دەستوری سەربازی و لەشکرو بەچاکی ئاو ڕژشتنی قەیسەرو کاربەدەستانی ئروس بووە، حکومەتێکی پەک کەوتەو نا حەزی وەک تورک کە لە هەموو جێگایەک ناوی بە خراپ ڕژاوەو کەس خاسیی ناێژێ ئەمەی بۆ سەرناگرێ، کوردەکانیش خۆیان تا خوا حەز ئەکات سەرکێشی و یاخی و کەللەڕەق و چاونەترسن و شانازی بەو برە سەربەخۆییەوە ئەکەن کە بەرامبەر بە کاربەدەستانی تورک هەیانە.

حکومەتی تورک بەبێ ئەوەی کورد باش بناسێ و بەبێ ئەوەی شارەزاییەکی ئەوتۆی لەبارەیانە هەبووبێ دەستی کردووە بە ڕشتنی ڕەنگی ئەو پرۆژەیە کە بە حەمیدییە ناسراوە، بەپێی ئەم پرۆژەیە دەبوو کوردەکان لە چەند بەتالیۆنێکدا بەکیخرێن وەک هێزێکی چەکدار کۆبکرێنەوە.

تاوەکو هاوینی ساڵی ١٨٩٤ وەک باسکراوە نزیکەی ٦٠ هەزار کوردی چەکداری ئەسپ سوار لەم بەتالیۆنانەدا کۆکراونەتەوەو پێیان وتراوە لەشکری حەمیدییە، پاش ماوەیەک سوڵتان خۆی هەستی بە مەترسی هەبوونی ئەم هێزە کوردە چەکدارە کرد. ئەگەرچی لەسەرەتادا کاربەدەستان ئەمەیان دەزانی بەڵام کەس نەی وێرابوو ئەم ترسەو ئەم گومانە بۆ سوڵتان باس بکات، سوڵتان دڵی گرمێ بوو لێی ڕوون بۆوە کە لە بارودۆخی نائاسایی و تایبەتیدا ئەم هێزە چەکدارە هەڕەشە لە تورکیاو دەسەڵات و خاکەکەی ئەکات.

منیش لەم باوەڕەدام کە کوردەکان بەهۆی خوێندن و ڕێکخستن و چەکدارکردنیانەوە پتر هوشیار دەبن و چاویان دەکرێتەوەو هەست بەبوون و هێزیان ئەکەن و لە تورکیا یاخی دەبن و رادەپەڕن و بەگژ ئروسدا ناچن و شەڕی لەگەڵدا ناکەن و گوێڕایەڵی کاربەدەستانی تورکی عوسمانی نابن، لەناو تورکیادا خەڵکەکە هەستیان بەمە کردو لەناوەڕاستی ڕێگادا وەستان و نەیانهێشت ئەو لەشکرە لەو ٦٠ هەزارە چەکدارە تێبپەڕێت!

لە زۆر ئینسکلۆپیدی و گەشت و گوزارنامەدا بە جۆرێکی دوور لە ڕاستییەوە باسی کورد کراوە، ریچ و چەند زانایەکی تر وایاسیان کردووە گوایە کورد لە دوو ڕەگەز یاخود لە دوو ڕەچەڵەک پێک هاتووە، ئەو دوو ڕەچەڵەکە لە هەموو شتێکدا ئەوەندە لەیەکتری جیاوازن دەکرێ بە دوو میللەت دابنرێن.

هەروەک لە پۆلۆتیای کۆن (لەهستان) باسی سەرمات کراوە یاخود لە فەرەنسای کۆن باسی جەرمانە دەسەلات دارو گالی کراوە.

بۆ نموونە ئینسکلۆپیدی ریچ و مایەر بێ سڵ و تەقیەکردن باسی (ئەسیرەت و گۆران) ئەکەن، وەک دوو ڕەگەزی لەیەکتری جیاواز، ئەم بڕیارو ئەنجام گیرییە لە کەم شارەزایی و چاک تێنەگەیشتنەوە کەوتوونەتەوە. وشەی عەشیرەت ئەک (ئەسیرەت) لە کوردیدا لە وشەی عەشایەری عەرەبییەوە وەرگیراوە، مانای خێڵ و تیرە دەگەیەنێ. بۆ نموونە ئەگەر بتەوێ کوردێک بناسی لێی دەپرسی تۆ سەر بە چ عەشیرەتێکی، لەوەڵامدا دەڵێ، بۆنموونە عەشیرەتی بۆتان، عەشیرەتی داوودی، هەمەوەند.....هتد تەنانەت تاکە کوردێک لە دنیادا بەدی ناکرێت ئەگەر سەر بە عەشیرەتێک نەبێ.

وشەی گاران (ئەک گۆران، چونکە ئەم وشەیە لە هیچ جێگایەک بەم شێوەیە بەسەر زاردا نایەت) مانای چێل و گاوگۆل و ڕەشەوڵاخ دەگەیەنێ ئەم وشەیە (هەروەک چۆن لەمیسر وشەی فەللاح بەکاردێت) دەکرێ مانای وەرزێرو جوتێرو فەللاحیش بدات چونکە هەموو جوتیارێک لە لادێ چێڵ و زیندەوەری خۆی هەیەو بەخێویان ئەکات. هەندێ جاریش وشەی گاران وەک ساردو سووکی پێ کردن و جنێوی بەکار دەهێنرێ. بەتایبەتی لەلایەن ئەوانەی لەم دواییانەدا لەناوچە جیاکاندا نیشتەجێ و جێگیربوون و دان بە هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی دەوڵەتدا نانێن و باج موڵکانە نادەن، لە جیاتی جنێو وشەی گاران لە بارسەنگی ئەو کەسانە

دەبینین کە پارچە زەوی یەکیان بەکرێ بێ ئەسپێردرێ و ئەبێ لەو پارچە زەوییەر بەروبوم و داهاتەکەی باج و مولکانە بدەن، ئەمانە گاران، جارو بار دوو برای یەک خێزان یاخود وەک ریچ ئەڵێ ئەندامانی یەک (ئەسیرەت) لەکاتی دەمەقاڵێ و تێکچووندا بەیەکتری دەڵێن: هۆ گاران! هەر چۆنێک بێت مانای وشەی گاران ئەو کاتە بە تەواوەتی دەرئەکەوێ کە کوردێک کینەو رق و بێزاریی خۆی بەرامبەر یەکێکی تر دەربڕێ، جا ئەو یەکەی تر کارێکی کردبێ شوورەیی بەسەر خۆی هێنابێ یاخود شتێکی کردبێ بۆی ئەوەی لێ هاتبێ کە بەژێر دەستەیی دەسەڵاتی تورک قایل بێ، وشەی گاران پڕ بەپێستییەتی.

ئەو لێکۆڵەرەوانەی لەم بابەتە شارەزان پێیکەنینیان بەو جۆرە دابەشکردنەی کورد دێت چ جای ئەگەر ئەم دابەشکردنە لەلایەن زاناو شارەزایەکی ناسراوەوە کرابێ.

من ئێستا لە لەندەنم و ئەم چەند دێرە دەنووسم چەند کوردێک لە لامەوەن بەیەکەوە قسەمان لەم بارەیەوە کرد، ئەوانیش بەلایانەوە سەیربوو چۆن کورد بەم جۆرە بە دوو رەگەز دابەش کراوە.

رۆژی ۲۲ی حوزەیران بارم لێناو بەسواری ئەسپەکەم سورتم بەجێ هێشت و ۱۰ سەعات بە رێگادا هاتم.

ئەو رێگایە بەناوچەیەکدا دەڕوات ئەوەندە جوان و دڵگیرە پیاو باوەڕ بەچاوی خۆی ناکات . رێگاکە جارو بار وەک ماری پەپکە بەستوو پێچ و پەنا ئەکات و بەدۆڵێکی ئەم بەروئەوبەری قیتی (۱۰۰۰-۲۰۰۰) پێ قوڵدا رەت دەبێ.

ئێرە هەر دەڵێی پەنۆرامایە کە هەر ساتەو هەر ناوە ناوە شتێکی نوێ و جیاوازت نیشان ئەدات فریا ناکەوی و نازانی تەماشای کامەیان بکەی و سەرنجی چ لایەک بدەی، جارو بار چەند پیرەداریە روویەکی تەمەن هەزار سالیی دەبینی و جارێکی تر دارستانێکی چڕو پڕ پڕ لە دارو درەختیی هەمە جۆرە، ئەوی راست بێ ئەوەندە تام و چێژم لەو دیمەنە سروشتییە وەرگرت هەر چەندی دەکەم ناتوانم بە زمان بەپە پێستی خۆی باسی بکەم، ئەو رۆژە لە جێگایەک خێوەتم هەڵدا لە رەنگینی و جوانیدا تاجی شاهانەی فڕاندووە، دیمەنێک خستمیە دنیای خەیاڵ و ئەندێشەوەو کەش و هەوایەکی شاعیرانەی بۆ رەخساندم.

ئەو ناوچەیە کەوتۆتە نێوان جزیرەو بتلیسی ناوچەکە لە ناوچە هەرە جوان و دڵگیرەکانی سەرزەمینە کە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە، لێرەدا قایمقامی مەنادین سەری

لێدام و هەردوو سەرەک خێڵی کوردی ناوچەکەم ناسین و هاتنە لام بۆ بەخێرهاتن کردم، عەبدول عەزیز ئیبن عوسمان بەگ و عەلی بیهار هەردووکیان چەند ئەسپ سوارێکی مسکێنی خۆیانیان پێ سپاردم بۆ ئەوەی لە مردیکان و بۆتانەوە تاوەکو بتلیس وەک ناودەنگ لەگەڵما بێن. بەمەش رێزو قەدر زانینی خۆیان بەرامبەر بە من نیشاندا، وەک من هەستم پێ کرد هەندێ لەو ئەسپ سوارە کوردانە لەوە دەترسان بەهۆی رابوردویانەوە لەلایەن کاربەدەستانی تورکەوە نارەحەت بکرێن و سزا بدرێن و منیش دڵخۆشیم دانەوە، لەگەڵ کاربەدەستانی بتلیس قسەم کردوو پێم وتن ئەو کوردانە لەگەڵ من و لەبەر خاتری من هاتوون بۆیە ئەوکاتە چاوپۆشیان لێ کرا، بگرە قایقامی بتلیس لەبەر خاتری چاوی من کوردەکانی بۆ ئەو نانی شێوانە بانگهێشتن کرد، کە بۆ من سازی کردبوو.

قایقام پێی وتم لە مەنادین کانی زۆر هەیە بۆیە ئەم ناوەی بەسەردابڕاوە، راستە ئەو کاتە بەرێک و پێکی لێی نەدراوەتەوە بەڵام هەندێ کەس خۆبەختی خۆیان پێی بوون بە پیاو، دەوڵەمەند بوون و هەندێکی تریش شەو رۆژ کاریان تیادا کردووەو هیچیان دەستگیر نەبووەو بە دەستی بەتاڵ هاتوونەتەوە. بێگومان ئەمەش ئیرادەی خوای تەبارەک و تەعالای لەسەرە!.

رێگای رۆژانی دواوترم هەروا خۆش و دڵگیر بوو، بەڵام هەندێ شوێنی دەهاتەبەر تیایدا سام پیاوی دادەگرت و تووشی دڵە خورپێیان دەکرد، مرۆڤی ئەوروپایی جڵەوی خەیاڵی خۆی پێ ناگیرێ و بیر لە شت ئەکاتەوە، ئەبێ چۆن بێ ئەگەر بە خەیاڵیش بێ، رێگایەک لە ئەرزەرۆمەوە بەرەو بتلیس و سێرت و موسڵ رابکێشرێ و ئەم ناوچانە بەیەکەوە ببەستێتەوە؟! ئەوی راست بێ ئەم رێگا خەیاڵاوییە خۆشە تەنیا لە نەخشەی جوگرافیایی کار بەدەستاندا دەبینرێ و ئەوان لاف لێ ئەدەن گوایە ئەم رێگایە هەیەو شارە گەورەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، کەچی ئەمە وانییە، ئەگەر بشێ باسی ئەو رێگایە بکەم ئەڵێم: ئەمە رێگایەکە فری بەسەر شەقامە رێگاوە نییە، چونکە رێیەکی چەوروزیخاوییەو لەهەندێ شوێندا پڕ لە بەردی قیت و قۆچ و لە هەندێک جێگادا دۆڵ و خرو گردۆڵیشەوە، ئەسپ وولاخە بەرزە لەبەرسەختی رێگاکە بەسڵ و پارێزەوە پەل ئەکوتن و سم دائەنێن بۆ ئەوەی لەسەرتاشە بەردە خزەکان هەڵنەخلیسکێن و نەگلێن.

ئەسپەکەم (مانیک) بە ئاشکرا دادی بوو لەدەست ئەم بەناو رێگایەو بە زمانی

حاڵ ئەو حاڵەی بۆ من و کاروانچییەکان دەردەبڕی، جا ئایا بە پڕماندن و حمە حم کردن بووبێ یان بە مشە مشی لووتی یاخود قوڕە قوڕی وڕگی و گەدەی، من باش لە ئەسپەکەم دەگەیشتم هەروەک پێم بڵێ: توخوا ئەمە ڕێگایە ئێمە گرتوومانەتە بەرو پیایدا دەڕۆین؟ ئایا ڕێگایەکی تر نەبووە لەمە بەولاوە پیایدا بڕۆین؟ جاروبارێشی کە لە هەورازێک سەرنەکەوتین یان لە دەربەندو گەلیی و دۆڵێک دەربازدەبووین هەروەک بڵێ ئۆخەی، یان بە عەرەبی (ئەل حەمدو لیلایەک) بکات وا دەهاتە بەرچاو.

ئەوی بەدرێژایی ساڵ ئەسپێکی ڕەسەنی عەرەبی هەبووبێ بە تەواوەتی لەو بۆچوونەی من دەگات کە بڵێم: ئەم جۆرە ئەسپانە تیژڕەو پشوودرێژو چاپوکن، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەسپی تەویلەی ئێمە ماناتەوەیە، ئەسپی عەرەبی پتر لە پێویست و لە ڕادەبەدەر چوست و چالاک و بێن درێژن بەلام تابڵێی گۆشەگیرن و حەز بە تەنیایی دەکەن.

ئەسپەکەی من (مانیک) چارەی زیندەوەری تری نەدەویست بگرە بەدەگمەن نەبێ لەگەڵ حوشترو چوار پێ و قاتردا هەڵی نەنەکرد.

لەو ئەسپە بەولاوە کە ناوی نەوبەخت نەسریبوو، مانیکی من لەگەڵ هیچ ولاخە بەرزیەکی تردا هەڵی نەکردو نە نەگونجا. خۆزنەگەر بۆ ئاودان بمبردبایە سەر ئاو، هەموو جارێک وارێک نەکەوت ۱۲-۱۵ ولاخ و ئەسپی تر بۆ ئاودان هێنرابوون، ئیتر ئەسپەکەی من چاوی ئەچۆ پشتی سەری دەماری ئەگیراو بە لەسەردەبوو مانی دەگەرت، نا چار دەبوو ولاخ و ئەسپەکانی تر دوور بخرێنەوە تا ئەو ئاوەکەی نەخواردەوە. لەوەش سەیرتر کە من دیوومە، بێگومان کە پیاو بە چاوی خۆی نەیبینێ بڕوا ناکات، ئەوەیە ئەم ئەسپانە بەسی پاشەڵیان گوێ یان نەخورێنن یاخود یاڵ و مووی سەرشان و ملیان ڕێک و پێک نەکەن، من کە یەکەم جار ئەمەم بە چاوی خۆم دی پەیمحێکم بۆ کردو سەرم سووڕی خواردو واقم وڕماو بڕوام بە چاوی خۆم نەنەکرد.

ڕۆژی ٢٤ی حوزەیران لە جێگایەک بارمان خست چەند کیلۆمەترێک لەگوندی دوکنهانەوە دوورە، شوێنێکی خۆش و ڕەنگین و تا بڵێی دلگیر. ئاوی بتلیس بە دۆڵ و نشێوییەکی سەد پێ قوڵدا دەڕوات، بە گوڕو تەوژم ڕووەو خوار دەبێتەوە ئەو جێگایەی من خێوەتەکەمم لێ هەڵدا چەند تاڤگەو پلوسک و قەڵبەزەیەکی ئاوی

لێیە. هەر لێرە ئەم ئاوە گەوەو پێچ‌پێچێک ئەکات و لە ئەنجامدا نیمچە دوورگەیەک دەگرێتە باوەش، بەڵام دوورگەیەکی کەفری قوچ و بەردین و بێ خاک و زەوی، ئەگەر هاتبایەو ئەم نیمچە دورگەیە گڵ و زەوی لێ بوایە دارو درەختی جوانی لێ ئەڕواو زستانیش بەفر لوتکەی بەردەکانی سپی ئەکرد ئەبوو چ دیمەنێکی دڵڕفێنی ڕۆمانسی لێ بکەوتایەتەوە.

بەرێککەوت ئەو ڕۆژە ڕەشەبا هەڵی کردو هەر ترسی ئەوەم بوو خێوەتەکەم هەڵگرێ، بەڵام دڵگیریی ناوچەکە وای لێ کردم شەو لێرە بەسەر بەرم و لەدەست بەرداری ئەم دیمەنە ئەفسانارییە نەبم، بەخزمەتچیەکانم وت:

دەبێ ئەمشەو بێ وچان ئاگادار بن و نێشکە لە خێوەتەکەم بگرن، لە هەر لایەک هەستتان پێ کرد خێوەتەکە ئەلەقێ خێرا سینگەکانی قایم لەزەوی دابکوتنەوە، ئیتر وتم لێی گەرێ ئەم شەو بێ خەم و خەیاڵ لێی ئەخەوم، کەچی وانەبوو، شتەکە بە جۆرێکی تر هاتە پێشەوە.

هەر کە دنیا تاریک بوو نیشانە هەڵگیرا، هەستی پڵنگێکم هەڵگرت کە دابەزیبوو کەوتۆتە ئەم ناوچەیە، بەڵام لەدواییدا بۆم دەرکەوت ئێمە لەو جێیەش بارمان لێ خستووە ڕێگای ئاوخواردنەوەو چوونە سەر ئاوی پڵنگی تایشمان گرتووە، پڵنگی بەستەزمان ئاگای لە پشت خۆی برابوو چاوی بڕیبووە خێوەتەکەی من، ئیتر من ئەمەم بەهەڵزانی و بە ماتە مات بۆی کشام و سوودم لە تاریکی شەو وەرگرت تاوەکو بە تەواوەتی لێی نزیک بووەمەوەو کەوتەبەر سیرەی تفەنگەکەم. چەخماخەم لێ ڕاکێشاو تەقەم لێ هەستاندو بەلامدا خست و ساردم کردەوە. ئەوی ڕاست بێ ئەگەر بشێ قسەی دڵی خۆم بکەم، من لەم ڕاوەمدا خۆمم بەدەست ڕاست و ڕاوچی هاتە بەرچاو ئەگینا چۆن توانیبوومە لەشەوێکی تاریکی ئەنگوستە چاودا لەو شوێنە سەخت و چڕە درندەیەکی بەسڵ و پارێزو چالاک و ئازاو تیژڕەو بپێکم و لە دەستم قوتاری نەبێت.

ڕۆژی دواتر واتە لە ٢٥ حوزەیران هاتم بۆ بتلس، سێ چوار کیلۆمەتری کۆتایی ئەم ڕێگا بەردارییە سەختە وڵاخ کوژە وەک جاددەیەکی شەقامە ڕێگا ئاسایی تەخت و خۆش کرابوو. هەر ئەم دیمەنە وایلێ کردم بڕوا بکەم بەو کەسانەی وتیان گوایە ماوەیەکە لەم ناوچەیە بڕیار دراوە جادەو شەقامەری بکێشرێن و دەستیش بەم کارە کراوە! لێرە باسی جاددەی سورت موسڵ ناکرێ و باس و خواس هەر دەربارەی ئەو

شەقامەرتییە پڕ لە هەڵدێرو تونێل و سەختە سەربازییە کە بڕیار دراوە لە قۆلای کەوکاسەوە بەناو قەفقاسدا بەرەو تفلیس رابکێشرێ، راستە ئەم رێگایە ئاسانترە بەڵام ساڵەهای ساڵ ئیش و کارو کۆششی دەوێ تا تەواو دەکرێ.

## بەشی چوارەم:
## • مانەوەم لە بتلیس •
## •لە تەپۆلکە بەرزەکانی ئەرمەنستانەوە بۆ فورات•

شاری بتلس، زۆر باس کراوەو زۆر شتی لەسەر نووسراوە، شارێکی سەیرو سەرنج راکێش و گرنگە، بە پێی قسەی باوی خەڵک ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارە نزیکەی ۲۲ هەزار کەسێک دەبێ، بە باوەڕی من ئەم سەرژمێرییە تەواو نییەو ئەبێ ژمارەکە پتر بێ چونکە من وای بۆ ئەچم قسەی کاربەدەستانی تورک راست بێ و ژمارەی خەڵکی ئەم شارە ئەگاتە ۳٦ هەزار کەسێک.

وەک بۆم دەرکەوت دانیشتوانی گەڕەکەکانی دەورووپشتی شار خۆیان بە خەڵکی شار نازانن. جێگای سەرەکی یەکتری بینین و کۆبوونەوە مەیدان و گۆڕەپانی شارەکە لەناوەراستی شارەکە دایە. بتلیس تا جەنگەکەی ئەم دواییە سەر بە ولایەتی ئەرزەرۆم بوو، بەڵام لە دواییدا کرا بە ناوچەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەوەی کاربەدەستانی شارەکە باشتر لە جاران بتوانن خەڵکی دەورووبەرو ناوچەکە کە زۆر نارەحەت و سەرکێشن، کۆنترۆڵ بکەن و باجیان لێ وەربگیرێ.

لێرە هەتا بڵێی داب و دەستورو نەریتی خێڵەکی و کۆن و باون، خەڵک بەدرێژایی رۆژ هەر خەریکی تۆڵەو تۆڵە سەندنەوەو شەڕو کوشتارو خوێن گرتن و هەق ستاندنەوەن. جاری وا هەیە بەشێکی شار یان گەڕەکێک بەهۆی شەڕو بەگژیەکتریدا چوون ماوەیەک لەشارو ناوچەکە دادەبڕدرێ و دەورەی ئەگیرێ ماڵەو ماڵ تەقە لەیەکتری ئەکەن و تفەنگ بەیەکەوە ئەنێن. گوایە زۆر جار لێرە شەڕی دەستەو یەخە دەڵەوەمێن و بە خەنجەرو شیرو تیر دەکەونە یەکتری.

ئاوو هەوای ئێرە زۆر سەخت و ناڵەبارە بەڵام کەرەسەی خانووبەرە تا خوا حەز

دەکات مشەو زۆرو زەبەندە، بۆیە خەلکی بتلیس بە جۆرێکی سەرنج ڕاکێش خانووەکانیان دروست کردووە. خۆ ئەگەر باخ و باخچە جوان و ڕەنگین و ڕێک و پێکەکانی شاریش بهێنینە بەرچاوی خۆمان، ئەوا دیمەنی شار ڕوخسارێکی دلڕفێن نیشان ئەدات، گەڕەکەکانی شار تارادەیەک لە یەکتریەوە دوورن، پاشماوەی کەلاوەو قەلاو سەراو کۆشکە نیمچە دارو خاوەکانی بەرزاییەکەی شار سەرنجی خەلک بۆ لای خۆیان ڕائەکێشن و وەک دیمەنێکی جوانی ڕوخساری شار دێنە بەرچاو، دوور نییە ئێمەمانان بێینە سەر ئەو باوەڕە کە ئەم کەلاوانە کۆشک و تەلارو قەلای شار قەڕاڵ بوون. هەولمدا، کۆششم کرد، کەوتمە پرسیارکردن بێ هودە ئەگەیشتمە ئەنجام و بۆم ڕوون نەبۆوە کەی و چ کەسێک ئەم قەلاو تەلارو کۆشکانەی دروست کردووە.

بەهۆی ئەو سەنگەرو قوللەو قایەکارییەی تیایاندا بەدی دەکرێت، دەشێ ئەم جێگاو بەرزاییە لەسەردەمی کۆنی ئەرمەنییەکاندا دەورێکی گەورەی لەشەڕو بەرگەگرتندا گێڕابێ، بە دووریشی نازانم ئەم سەنگەرو قایەکارە لەسەردەمی شەڕی ڕۆم لەگەڵ پۆنیتوس پیلاتوس و ئەرمەنەندا دروست کرابێ یا خود شای ئەرمەنستان سوودی لەو بیناسازیەی ئەورووپا بەتایبەتی لوس گناس و ناوچەی شەمپانی وەرگرتووەو ئەم شوورەو قەلایەی بە هەمان شێوە دروست کردبێ.

ئیتر هەرچی کردم بۆم ڕێکنەکەوت بزانم ئەمە کەی و چۆن دروست کراوەو ئەوەی لێرەدا وتم تەنیا مەزەندەی خۆم بوون. ئای چەند خۆشە ئەمە ڕوون بکرێتەوە گرێ کوێرەکەی بکرێتەوە و هەندێ جار دێمە سەر ئەو باوەڕە کە دوور نییە ئەم گرێیە بکرێتەوە ئەگەر بێتو لەچوار چێوەی مێژووی عەرەب و تورکدا شی بکرێتەوە.

ئەو کاتەی من لەوێ بووم حەسەن تەقسیم پاشا والی بتلیس بوو. ئەم پیاوە ئەلبانی ئەژادە بەزمانی فەرەنسی قسەی دەکرد. شارەزا، قسەزان ئەم خەسلەتانەش بە دەگمەن لە کاربەدەست و پاشاکانی تورکی عوسمانیدا بەدی ئەکرێن. بەهۆی کێشەی ساسون و چەند مەسەلەیەکی ترەوە حەسەن تەقسیم پاشا ببوو بە قسەی سەر زاری خەلک و باس هەر باسی ئەو بوو. بەپێی پێودانگی ئەورووپایی ئەم پیاوە

مزدترین بوو باش لە ژیانی نوێ و شارستانیەتی هاوەدم تێگەیشتبوو، بەو بۆنەیەوە کە من لەشار میوانم ئاهەنگێکی خواردن خواردنەوەی بۆ سازکردم، ئاهەنگەکەمان لەو جێگایە گێڕا کە من بارم لێ خستبوو خێوەتەکەم هەڵدابوو، ئاهەنگ و زیافەتێکی ڕێک و پێک کەس بە خواردن رازی نەبوو، چیت بوویستبایە، خواردن خواردنەوە بە مشە لەبەر دەست دابوو. خۆشەمپانیا ئەوەندە زۆربوو هەر باس ناکرێ، ئەم ئاهەنگە بۆ خەڵکی شاری بتلس ڕووداوێکی نائاسایی و لە رادەبەدەر بوو، بە هەزاران کەسی خەڵکی شار لە دەوروپشتمان کۆبوونەوەو بە پەرۆشەوە تەماشایان ئەکردین و سەرنجیان ئەدا بزانن چ ڕوونەدات و چ دێتە پێشەوە. ئەوەی بەلایانەوە سەیرو سەمەرە بوو حەسەن تەقسیم پاشا بوو کە هەر وەک پیاوی ئەورووپایی شەمپانیای بە سەرەوە دەنا قورقوڕ بێ سڵ کردنەوە نۆشی ئەکرد، ئەم کردەوەیەی هانی خەڵکی ئەدا کە بێ تەقیەو سڵ و پارێز دەست بەرداری داب و دەستووری خۆیان بن و چاو لە ئەورووپا بکەن.

حاجی سالح، ناشپەزەکەم باشترین چێشتە ڕیکە کە من وەک مرۆڤی ئەورووپایی نیشم پێ کردبێ. ئەمجارەش فریاکەوتەوەو مشووری هەموو شتێکی خواردو ئەو شتانەی شاردەوەو داپۆشێن کە نەدەبوو مرۆڤی تورکیایی بیانبینن یاخود لەبەرچاویاندا بکرێن.

حەسەن تەقسیم پاشا دڵی زۆر بە من دەکرایەوەو حەزی دەکرد ماوەیەکی زۆر لێرە بمێنمەوە، پێم وت جەناب ئەتوانم تەنیا دوو ڕۆژی تر لێرە بم، ئەبێ بڕۆم، قسەکەی بەدڵ نەبوو بەناچاری بێ دەنگ بوو، لەپاشان جانتاکەم کردەوە (پێسا)[1] یەکەم نیشاندا، بەزمانی ئەڵبانی لەسەر پێستی زیندەوەر نووسرابوو، لە خۆشیدا شاگە شکەبوو، ئەوەندەی ئەماببوو لەتکەوە بچێ و بڕوای بە چاوی خۆی نەئەکرد... هەستایە سەرپێ و لەبەردەمم چەمایەوەو کڕنۆشی بۆ بردم وتی: - قوربان تۆ سەروەری! من هەمیشە بچوک و خزمەتکاری تۆم، ئەمر بفەرموو تاوەکو جێبەجێی بکەم، پاشا ویستی بەو کردەوەیەی دەری بخات کە هەر پابەندی داب و

(1) پێسا: جۆرە قەباڵەو بەڵگەیەکە ئەوی پێی بێ لەهەموو ناوچەیەکی ئەڵبان دا وەک میوانێکی خۆشەویست ئەحەوێنرێتەوە، خزمەت دەکرێ و ڕێزی ئەگیرێ. خۆ ئەگەر هەڵگری پێسا بە ئێو خێڵی بەشەرهاتوو دوژمن بە یەکتریدا بروات هیچ کاتێک لەو خێڵانە دەستی لێ نادەن و بگرە ئەیپارێزن.

دەستوری میللەتەکەیەتی و ئەویەری بە ئەمەک و بەوەفایە بۆ ئەلبان و خووڕەوشت و نەریتیان.

* * * *

ئەو چەند رۆژەی لە بتلیس بووم چەندرمەو سەربازی تورک نیشکەیان ئەگرت و پاسەوانیان ئەکردم بۆ ئەوەی ورچ و پڵنگ و دەعبای کێوی ئەو ناوە دوور بخەنەوەو نەیەڵن زیانمان پێ بگەیەنن.

پاشا ئەوەندە تکای لێ کردم لە رووداسام و ناچاربووم سێ رۆژی تر لێرە بێنمەوە. رۆژی سێیەم پێکەوە چووین بۆ راو من سەرکەوتووانە سێ ورچم کوشت. ورچی ئێرە لە چاو ورچی روسی گەورەنین، کەچی دوو ورچ لەوانەی من راوم کردبوون بەلای خەڵکەکەوە گەورەبوون، بەلام من وام دانا کە هەریەکە لە ٣٥٠-٤٠٠ پاوند (١٧٥-ر٢٠٠کیلۆ) قورستر نەبن ئەمەش لە روسیا لە ئەمەریکاش بۆ ورچی گریزلی شتێکی ئاساییە کەوا قەڵەوبن.

رۆژی ٢٧ی حوزەیران لەشاری بتلیس بارم کرد، بڕیارمدا بە رێگا ئاساییەکەی موشدا نەرۆم، رێگایەکی ترم گرتەبەر، بۆ ئەوەی بەنێو چیاو شاخ و داخەکانی ئەرزەرۆمدا برۆم. رۆژی یەکەم دەربەندی (ئۆزتەپ)م بڕی، بێ پسانەوە رۆیشتین ئینجا دوای پانزە سەعات کاروانە رێگا لە گوندی تەپەقانک بارمان لێ خست. ئەم گوندە چەند سەد پێیەک لەژێر لوتکەی چیای ئەمرود داغ دایە.

جارێکی تر سەرنجی نەخشەکانمدا کە چی بۆم دەرکەوت ئەو بەرزاییانەیان بەهەڵە تۆمار کردووەکە کەوتوونەتە نێوان بتلیس و ئەرزەرۆم. بە باوەڕی من ئەم بەرزاییانە بڵندترن لەوەی لەم نەخشەکارتانەدا نووسراون.

ئەو دوو بارۆمەترەی لەلای من، وەک لەمەوبەر چەند جارێک باسم کردن، هیچ گومان لە راستییان ناکەم، وانیشانیان دام: لە دەربەندی ئۆزتاپەوە تاوەکو ئەرزەرۆم بەرزایی و پاڵ و گردو چیایی ئەوی تر لە ٨٠٠ پێ نەهاتوونەتە رێگام، رۆژی واهەبوو رێگاکە بەسەر گردو تەپۆلکەی وادا دەڕۆیی کە بەلای کەمەوە نۆ هەزار پێ بڵند بوون. جگە لەمە ئەو ناوچەیەی کەوتۆتە نێوان بتلیس و گەلی ئۆزتاپ تاوەکو ئەگاتە پەلەنتۆکەم بەتێکرایی لە گردو تەپۆلکەو پاڵی بەرزو بڵند پێک هاتووە. لێرە دارو درەخت نابینری، ئەگەر ١٠٠٠ پێیەک بڕوانینە قوڵایی دۆڵەکە لەنزیک گوندەکانەوە بە دەگمەن و تاک و تەرا دارو درەخت دەبینی. لە کارتی نەخشەکەمدا.

ئورســـراوە: دەربەندی ئورتاپ ۱۷۰۰-۱۸۰۰ مـەتر (٥٩٤٠پێ) و ئەمـرود داغ ۲٦۰۰ مەتر (۸٦۰۰پێ) بڵندن کەچی بارۆمەترەکانم وانیشان ئەدەن:

- گەلی ئورتاپ ٦٥۰۰ پێ.

- ئەم گردوو تەپۆلکانە نزیکەی ۱۰ کیلۆمەتر لەو ڕێگایە دوورن کە من پیادە ڕۆیشتم.

- گوندی تەپەڤانک ٦٥۰۰ پێ.

- مەنزڵی شەو بەسەربردنی من ۸۰۰۰ پێ بڵند.

لە ڕێوە ئەمرود واهاتە بەرچاوم ۱٥۰۰ پێ بڵندترە لەو جێیەی من لێی وەستارم بۆیە دڵنیام بە مەزەندەی من ئەم چیایە دەبێ بە لای کەمەوە دەهەزار پێ بڵند بێ.

بەلای ئاوی ئازوکدا تێ پەڕیم و لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بەکۆتاییەکەیدا سەرامەوە تەماشای بارۆمەترەکەمم کرد ۸٤۰۰ پێ بەرزایی تۆمار ئەکات.

ئەو ڕۆژە دوا ڕۆژی مانگی حوزەیران بوو نیوەی پتر بەفر دایپۆشیبو.

شێن داغ ۲۸۰۰ مەترە بەرزە بەفرو شەختە دایانپۆشیوە، دانیشتوانی ناوچەکە پێیان وتم: لە ساڵە هەرە گەرمەکانیشدا بەفر لەم چیایە ئەبڕاوەو ڕەش ئەبۆتەوە، من لەمەوە ئەگەمە ئەو ئەنجامەی کە دەبێ سێیان لە ۱۲٥۰۰ پێ بەرز تر بێ.

ئێوارە لە قەڵارەش باریخەم و خێوەت هەڵدەم، ئەمە گوندێکی دەوڵەمەندی ئەرمەنییەکانە، لەبەر ئەوەی من تۆزێک لە کاروانەکە دواکەوتم، چەندرمەوکاروانچیە کوردەکان ئەم دواکەوتنەی منیان بەهەل زانیبوو، بە ئارەزووی خۆیان و بەبێ ئەوەی پرس بە من بکەن لە دوکان و بازار شتیان هەڵگرتبوو، بەبێ ئەوەی پارەکەی بدەن، هەر لە خۆیانەوە بەبێ پرس چیان بەدڵ بووە هەڵیان گرتووەو پارەیان نەداوە.

چەند ڕۆژێک بوو من زۆر لە ئەفسەرەکان و کاروانچیە کوردەکە ئەنامۆ -Naa mo بەست و دڵگیر بووم، من وام ئەزانی ئەم خەڵکەی لەگەڵم دان پێکەوە تەباو گونجاون و بەیەکەوە هەڵدەکەن، کەچی وانەبوو، دانوویان پێکەوە نەدەکوڵا، دەمارم گیرا، چاوم چووە پشتی سەرم و چەند هێزم تێدابوو نەڕاندم وتم: ئەمە چییە! من بە هیچ نازانن! بەبێ ئەوەی پرس بە من بکەن لەخۆتانەوەو سەربەخۆ شت ئەکەن؟!

کەچی وەک من چاوەڕێم کرد وانەبوو شتەکە بەلایەکی تردا شکایەوە! هەریەکە ئەوی تری خەتابار ئەکردو، وەک بەرزەکی باتان خۆی لە کێشەکە ئەدزییەوە،

کاروانچی ئەیوت من نەبووم، تەرجومانەکە ئەمەی کرد، تەرجومانیش سەد سوێندو قورئانی ئەخواردو ئەیوت کورە وەڵلا چەند رمەو ئەفسەرەکان بوون و من هەر ئاگام لێ نییە! یەکێکی تر ئەیوت ئەمە هەر کەرخی کوردەکانە ئەوان شتی وایان لێ ئەوەشێتەوە...هتد.

بە کورت و کرمانجی هەموویان واهاتنە بەرچاوم کە بەهیچ بەیەکەوە نالکێنو پێکەوە هەڵناکەن ئەگەر ترس و کوتەکی منیان لەسەر نەبێ.

بارمان لێ نایەوەو چەند سەعاتێکی تر ڕێگامان بڕی تاگەیشتینە پیپونک، پێ و قدومی من لە قەڵا ڕەش بەخێر نەگەڕابوو دوای من شەڕێکی سەخت و خوێناوی لەنێوان کوردو ئەرمەنییەکاندا هەڵگیرسا ٧ کوردی تیادا کوژرابوو پێنجیش بریندار بوو بوون، لە ئەرمەن ١٠ کوژراوو سێ کەس بریندار ببوون.

خۆ ئەگەر ئێمە ئەو شەوە لەقەڵارەش مابایینەوە دوور نەبوو کوردو ئەرمەن بەشەڕ نەهاتبانایە، وەک بۆم باسکرا کەشیشی ئەرمەن و چەند کەسێکی تر لە قەڵاڕەش هەڵاتبوون و خۆیان لە پیپونک حەشار دابوو، کەشیش هات بۆ لام و ڕووداوەکەی بە دوورو درێژی لە نووکەوە بۆ گێڕامەوە، هیچ ناکرێ ئەمە چارەنووسی ئێمەیەو ئەمەمان لە چارەنووسراوە (ئەمەکیسمەتە)[1] ئەگینا کاروانچیەکەت باری لای ئێمە خستبوو کەچی تۆ پێت داگرت وتت: دایکم بمرێ و باوکم بمرێ ئەمشەو لێرە نابم و هەر ئەبێ بڕۆین، خۆ ئەگەر بارتان نەکردبایە ئەوا ئەم هەرایە نەئەکەوتەوەو ئەو خوێنە نەدەڕژاو ئەم زەرەرو زیانەشمان لێ نەئەکەوت.

لە دەربەندی ئورتایەوە وادەستم کرد، لە چاو ئەو ناوچانەی تا ئێستا پێیاندا تێپەڕیوم چووینە نێو ناوچەیەکی سەخت و کش و مات و کپ و تاریکەوە، بگرە ئەرمەنستان و ناوچە تەپۆلکە بەرزەکەش هەر ئاوەهان، زستان لێرە نۆ مانگ درێژە ئەکێشێ، ئەوسێ مانگەی تری ساڵ زۆرجار بێ بەفر بارین بەسەرناچن. هەربۆیە ماڵ و خانووبەرەکانیشیان کپ و تەنگ و تاریکن . دیواری پان و بەرین و ئەستور، لە بەردی ئەستورو سەخت و پتەو قایم دروست کراون. زۆر بەکەمیی لەدیوارەکاندا پەنجەرە دەبینرێ. سەربانەکانیان شیوەو ڕوخساری قوببەو کەوانەیان هەیە و کونێکی زل لەناوەڕاستیاندا هەیە هەر لەکلاوڕۆژنە ئەچێ و لەو کلاو ڕۆژنانەوە

---

١- نووسەر بەئەڵمانی نووسیویەتی (کیسمەت) دیارە مەبەستی لە قیسمەت و نسیبە.

دووکەڵ دێتە دەرێ و تیشکی خۆریان پیادا دەچێتە ژوورێ. جافەرموو بیهێنە بەرچاوی خۆت بزانە ئەم خانووانە لەناوەوە بەبێ روناکی چراو هێزی ئالەکتریک چەند تاریک وترووسکن وئەبێ هەر لەشەوە زەنگی ئەنگوستە چاوبچن. لەوش سەیرتر هەرلەناو ئەو خانووانەدا ئاخوڕو تەویلەو گەوڕی ئاژەڵ و زیندەوەر. هەیە

لەئەرمەنستان ١٠-٢٠ پێ بەفر ئەکەوێ و ماوەیەکی زۆریش ئەو بەفرە دەمێنێتەوەو رەش نابێتەوە بگرە رێگاو خانووی گوندەکان بەبەفر دەگیرێ و دادەپۆشرێن و لەبەفر بەولاوە پیاو هیچ شتێکی تر نابینێ. دەشت و کێو رێگاوبان بانیش هەموویان سپی دەبن. لادێ نشینەکان بیر لەوە ناکەنەوە بەفرەکە ماڵن و رێگاوبانەکان بکەنەوە، بەڵکو هەمیشە خەمی ئەوەیانە کلاو رۆژنەی سەربانیان بەبەفر نەگیرێ و تۆزێک روناکی یان بۆ بێتە ژوورەوە، ئەم کوولانکەی سەربانانە تاکە پەیوەندییەکە ماڵەکە بەدەرەوەی خۆی دەبەستێتەوە، بەواتایەکی تر بەفر رێگاو ئەگرێ و هەموو دنیا دادەپۆشێ، جابۆیە خەڵکەکە ناچار ئەبن تەنیا لەو کلاو رۆژنانەوە هاموشۆی یەکتری بکەن، لەسەربانەوە بۆ سەربان و بەکلاو رۆژنەدا بۆ ژوورێ، دیمەنێکی سەیرو سەرنج راکێشە، خۆشی و سەیرەکەشی پتر لەوەدایە کە پیاو بەچاوی خۆی ببینێ. خەڵکی ئەم گوندانە وەک بەدرێژایی ساڵ لەئەشکەوت و ژێر زەویدا بژین وایە، ئەمەش بێگومان گوزەران و ژیانی گرینلاندو ئەسکیمۆ دەهێنێتەوە یاد.

هەروەک پێش ئێستا وتم، تاوەکو ئەرزە رۆم بەناوچەیەکدا رۆیشتم بەرزاییەکەی ٨٠٠٠ پێ بوو جاری وابوو بەدرێژایی رۆژە تاکە درەختێکم نەدەبینی، راستە ناوبەناو میرگێک، دەشتێک، چیمەن و فریزوێکم دەدی، بەڵام بەشی زۆری بەبەفر داپۆشرابوون. لوتکە چیایەک ئەهاتە بەرچاوم ئەوی دیتم تەپۆلکەو گردی خڕ کەهەر ٥٠٠-١٠٠٠ پێ لەو رێگایە بڵندتربوون کەئێمە پیایدا دەرۆیشتین. لەرێگای رۆیشتماندا ناوبەناو توشی ٣٠-٤٠ کوردی چەکداری رێگر دەبووین و جاروبار ئەرمەنی رێگر توشمان ئەهاتن سەعاتێک پێش هاتنی ئێمە، لێرە کاروانێک رووتکرابوو، هەرچی پێ یان بوو لێیان سەندرابوو من گەیشتە لایان لێم پرسین: چییەو چی قەوماوە؟

بەهەناسە ساردی و قوڕگی پڕلەگریانەوە باسی بەدبەختی و کلۆڵی خۆیانیان بۆکردم کەچۆن تۆزێک لەمەوبەر رووتکراون و هیچیان پێ نەهێشتوون. ئەم رووداوە

خستمیە دنیای خەیاڵ و بیرکردنەوەو هەرچی سەرم ئەهێناو ئەبرد ئەئەگەیشتمە ئەنجامێک و ئەم ئەزانی پیاو چی بکات و چۆن ئەبێ. باشە بۆچی ئەم ڕێگرانە کاروانەکەی من ڕوت ناکەن؟ ئایا ناوێرن خۆیان لەقەرەی ئێمە بدەن چونکە ئێمە ژمارەمان زۆرەو پرچەک و تفاقین و دەست ئەکەینەوە؟ ئەمە پالێرە دابێنن.

چەکدارەکان بەسواری بەلای ئێمەدا تێدەپەڕین و ورد سەرنجیان ئەداین و بێ تقە بەجێیان ئەهێشتین. جارێکیان چەکدارە ڕێگرەکان بەسواری بەدەورماندا سوڕانەوەو لەگەڵ مندا کەوتنە قسەو ئەسپەکەی منیان پەسندکردو وتیان ئەسپێکی ڕەسەنت لەژێردایە.. . ئینجا داوایان لێ کردم پێکەوە پشوێک بدەین.. دابەزیم پێکەوە سەرو جگەرەمان کێشان و ئەوان خێراو دەست وبرد چایەکی کوڵاوی هەڵپڕوکایان حازرکردو بەنا بەدڵی چاکەم لەگەڵ خواردنەوەو ئەمزانی بەکوێدا چۆ خوارێ. یەکتریان بەڕێ کردو هەریەکە بەرێگای خۆیدا ڕۆیشت. من هەر سڵم ئەکردەوەو بەپارێز بووم و زۆرجاریش تووشی دڵەخورپێ ئەبووم، چونکە لێرە بەردەوام هەرباس لە تاڵان و بڕۆ ڕووتکردن و ڕێگری ئەکرێ. جگە لەمەش شەڕی ئەهپاوەی نێوان کوردو ئەرمەن و، دوژمنایەتی هەردوولایان ، قسەی سەرزاری هەموو کەسێک بوون.

## بەشی پانزە:-

## • کوردە ڕێگرەکان و خواست و بۆچوونیان •

## • ناوچەکەی باکووری فورات •

بەسەر ئەوبەردی فوراتدا بەرەوە لەوناوچەیەی پێی دەوترێ «ناوی خوێناوی» ئەم ناوە لەوەوە کەوتۆتەوە گوایە هەرلەکۆنەوە خوێنێکی زۆر لێرە ڕژاوە . ئیتر ئەم خوێنە، خوێنی کاروانچی ڕوتکراوو کوژراو بووبێ یاخود خوێنی ئەوکەسانە بووبێ بەهۆی شەڕو ناکۆکی نێوان خێڵەکانەوە ڕژاوە. بەباوەڕی منیش ئەم ناوە پڕ بەپێستی ئەم ناوچەیە. گەشتێکی زۆرم کردووە، دنیاگەڕاوم، زۆر شوێنم دیوەو بەرچاو کەوتووە شوێنێکم ئەدی لێرە لەبارترین بۆ ڕوتکردن و خوێنڕشتن و شەڕو کوشتار. لێرە ناوی فورات بەدۆڵ و دەربەندێکی قوڵ و دوور و درێژو سەخت دا دەڕوات. قوڵایی دۆڵەکە لەم بەر ٥٠٠ تا ٦٠٠ پێ ئەبێ و، بەرەکەی تری لەتاشەبەردو کەڤری زل و لوت لەئاسمان هەڵچو پێک هاتووەو، پیاو ئەبێ بەچنگە ڕنێ و گاگۆڵکە بەسەریاندا هەڵبگەڕێ بۆ ئەوەی سەربکەوێتە سەرەوەی ئەوبەری فورات.

دۆڵێکی وەها سەخت بەهەزار هەڵدێرو پڕ لەتاشەبەردو وەک سەنگەرو پشت و پەنا، جێگای خۆ قایم کردنەو ئاسانە لێرەوە ڕێگا لەکاروان و ڕێبوار بگیرێ و ڕووت بکرێنەوە، یاخود ئاسانە پیاو لێرە وەک نێچیر بکەوێتە داوو تەڵەی ڕێگرو چەتەوە، هەرلێرە دەرفەتم بۆ هاتە پێشەوە، ڕووبەڕوو ڕێگرو چەتە ببینم و، قسەیان لەگەڵدا بکەم. ئەمجارە لوتم بوو بەلوتی سەد چەکدارەوە کەبەرەو ڕوومان ئەهاتن، چەکدارەکان چەکی مارتینییان لەشان بوو. ڕاستە لەم جۆرە شوێنانە لەتوانای مندا نەبوو دەست بکەمەوەو بەرەنگاریی ئەم جۆرە ڕێگرانە ببمەوە کەچی خۆشبەختانە، چەکدارەکان زۆر دۆستانە هاتنە پێشەوەو پێشوازییان کردین و سڵاویان لێکردین و دوای بەخێرهاتن کردن سەرۆکەکەیان هاتە پێشەوەو وتی: من ئیبراهیم بەگم خەڵکی میلاس گایردم.. لەبنەماڵەیەکی خانەدانی دەست ڕۆیشتووم لەورۆژەوە لەدایک بووم دەوڵەمەندو پارەدارم، دەستم ئەڕوات ئەمەش وەک میرات لەبنەماڵەو کەس و کارمەوە بۆم ماوەتەوە. لەکاتی لێقەومان و شەڕدا، کەیەخەم بگرێ، لەتوانامدا هەیە( ٥٠٠ ) چەکداری جەنگاوەر کۆبکەمەوەو بیانهێنمە مەیدانی شەڕو بەرەنگاریی.

ڕاستە ئەو سەرەک خێڵە ئێستا ١٠٠ چەکداری لەگەڵدایەو ئەمەش بەسە بۆئەوەی من و کاروانەکەم ڕووت بکەنەوە، بەڵام ئەو ئەمەی نەکردو نیازی وای نەبوو چونکە وەک خۆی و تەنی:

خانەدانێکی وەک ئەو بەجوانی نازانێ ولێی ناوەشێتەوە پیاوێکی وەک من ڕووت بکات کەخوا هەرخۆی دەزانێ لەچ گەشتێکی سەخت و سەفەرێکی دووروودرێژی هات و ئەهات هاتووەتەوە. هەر لەقوڵایی عەرەبستانەوە کە وەهابییەکان تیایدا دەستیان دەڕوات و ئێستاکە لەلایەن ئیبن ڕەشیدەوە بەڕێوەدەچن..

ئیبراهیم بەگ پێی وتم: من سەرم لەوە دەرناچێ چۆن تۆماویت و ئەفەوتاوی باشە وەهابییەکان هیچیان لێ نەکردی؟ چۆن لەدەستیان دەرباز بووی؟

چە ئاب من حەز ئەکەم کەتۆ هەندێ شتی ڕاست و باوەڕ پێ کراوم دەربارەی ئەو وەهابییانەو مەزهەبەکەیان بۆ بگێڕیتەوە.

وەک بۆی باسکردم، ئیبراهیم بەگ داوای لێ کرابوو بچێتە ناو لەشکری حەمیدیەوە، بەڵام بەهۆی ئەو دوو زمانییەی چەکدارە ئەرزنجانییەکان لای

کاربەدەستان لێیان کردبو، دەبوو بەپلەی مێجەر(مابۆر) قایل بێ ئەویش ئەمەی پەدڵ نەبوو!! چونکە ئاغایەکی دراوسێی کەتەنیا خاوەنی ۳۰۰ چەکداربووەو رقەبەرایەتی ئەمی کردووە کۆلۆنێلی پێدراوە، چۆن ئەو بەپلەی مێجەر قایل بێ ؟ ئەمە بەرپێشی چ کەسێک رەوایە. بۆم دەرکەوت ئیبراهیم بەگ هەرخەریکی ئەوەبوو چۆن ئەم رقە بەرەی خۆی بفەوتێنێ و بەهەر شێوەو ڕێگایەک بێ لەناوی بەرێ. پێی وتم: ئەو دوژمنەی من بەبەرتیل و بەرێگایەکی ناڕەوا کراوە بەکۆلۆنێل ، ئەزانی چۆن ؟! وتم چۆن . وتی" ئەسپێکی رەسەنی عەرەبی داوە بەکاربەدەستێکی لەشکری دەولەت و ئەویش هەولی بۆ داوەو کردویە بەوەی ئێستا. جا توخوا ئەمە ڕەوایە؟! . ئەم بەگە دلی خۆی لەوە خۆش کربوو گوایە من لەکاتی خۆیدا لەئەرزەڕۆم یان لەئەستەمبۆل هەموو شتێک بەکولک و پێستەوە بۆ کاربەدەستان باس ئەکەم وراستی یان بۆ دەرئەخەم ئەوکاتە ئیبراهیم بەگ بەئاوات و ئامانجی خۆی ئەگات!. لێرەشدا ئەم بەگە ناهەقیی نەبوو. قسەکەم گێڕایەوەو ئەم کاربەدەستەی لەشکری تورکم بەهەلدان دا بەرەو یەمەن.

ئیبراهیم بەگ داوای لێکردم تۆزێکی تر لای بمێنمەوەو پێکەوە سەرو قاوەی ترمان خواردەوە، ئینجا فرمانی بەچەکدارەکانیدا دەستیان دەکرد بەجۆرە شایی و مەشق و جم و جۆلێک کەبەلای منەوە جوان و دلگیر بوو. ئەمەش بێگومان چەند سەعاتێکی خایاند، بەلام کاروانەکەم هەر ئەڕۆیشت و پەکی خۆی لەسەر من نەخستبوو.

ئیبراهیم بەگ بەزاری خۆی بۆ ی گێڕامەوە و باسی کرد بۆچی ڕێگریی ئەکەن و دەستیان داوەتە ڕووتکردنی ڕێبواران و خەلک!! ئەوقسانەی ئەو بۆی کردم و ئەوشتانەی بۆی گێڕامەوە بەلای منەوە نوێ و سەرنج راکێش نەبوون کاتی خۆی لەعەرەبستان بەتایبەتی لەکۆچەرو بەدووەکان زۆرشتم لەم بارەیەوە بیست و بۆم باسکرا. ئەم بەگە کوردە هەولی ئەدا قەناعەتم پێ بکات جۆرێکە لەباج گرتن ، ئینجا وتی:-

یەکەم: ئەم ناوچەیە مولک و مالی من و خێلەکەمە.

دووەم: ئەو کاروانچی و بازرگانانەی دێن بۆ ئێرەو بێرەدا ڕەت دەبن چاو بەستەکێ لەخەلکی ئێرە ئەکەن و دەستیان دەبڕن و مالەکەیان بە هەرزان وتالان لەدەست دەرئەهێنن، من ئەمەیان لێ دەستێنمەوە، ئیتر هەق بەهەق.

ئەوی لەنزیکەوە بازرگانەکانی رۆژھەڵاتی دیبێ و شارەزایان بێ لەوشەی تەفرەدان و دەست برین و چاوبەستەکێ تیدەگات.دەمەوێ سود لەم دەرفەتە وەربگرم وباسێکی ئەم ئیبراھیم بەگە بۆ خوێنەرانی ئێرو من (پیاو ژن) بکەم،ە ئەگەر پێتر شانسی ئەوەم ھەبێ ژنیش ئەم نووسینەم بخوێننەوە.

ئیبراھیم بەگ وەک سەرەک چەتە و ریگرێک تابڵێی پۆشتەو پەرداخ ورێک و پێک دەھاتە بەرچاو و دەچووە دڵەوە. کەشخەو قۆز، پاک و خاوێنی، جل و بەرگی نایاب لەبەر. تەمەنی ھەر ٣٠ ساڵ دەبوو لەقسەو کرداروو خۆ نواندندا ئەوپەڕی بەندەدەب بوو، داب و دەستورێکی جوانی نیشان ئەدا.

خۆی بەجۆرێک پڕ چەک کردبوو لێی ئەوەشایەوە . ئەگەر لێی ورد بوویایتەوە بۆت دەرئەکەوت کە دەوڵەمەندو دەست رۆیشتووە. خوا حافیزم لێ کردو بەپەلەو رەبازێی خۆم گەیاندەوە کاروانەکەم.

پێش برێم لەکاروانەکەم کردو سەرکەوتمە سەر بەرزاییە بەردینەکەی قەراغ فورات لەدوورە شتێکم بەدی کرد وام زانی قەدی دارێکی براوە. رەش ھەڵگەڕاوە لەسەر رێگاکە کەوتووە کەچی کەپتر لێی ھاتمە پێشەوەو نزیک بوومەوە پیرەمارێکی قەدئەستووری رەشی تۆخ خۆی لولدابوو پەیکی خواردو ھەر لە عەزیا دەچوو، واتم وڕماو دەست و پەلم وشک بو ھیچم بۆ نەکرا، ماری تایەنە بێ سڵ کردنەوە خزیی و بەرەو دۆڵەکە شۆڕ بۆوە و لەبەرچاو ونبوو، بەباوەڕی من ئەم مارە نزیکەی ١٢ پێ درێژبوو، لەبازویی پیاوێکی بەھێزی چوارشانە ئەستور تربوو. من ھەر لەمنداڵییەوە قینم لەماربوو بۆیە بەخۆم و پیاوەکانمەوە نیوسەعات ئەو ناوەمان پشکنی بۆئەوەی سۆراخێکی بکەین و بیدۆزینەوە، ئەخێر ھیچمان بۆ نەکراو مارەکە بەبێ ئارەقە بۆی دەرچوو، من و خەڵکە بەئابەدڵیی ناوچەکەمان بەجێھێشت و درێژەمان بەگەشتەکەمان دا. کاروانی شەوم بردە زێرێک و لە٢٥ی حوزەیران شەومان لێرە بەسەر برد، شەوی دواتر واتە ٣٠ حوزەیران لەناوچەی کوزلی رۆژمان کردەوە. لێرە بەدەگمەن کێڵگەو شینایی دەبینرێ. جاروبار لەچەند دێیەکدا پەڵە گەنمێک، پەڵە جۆیەک، بەرچاو ئەکەوێ. کەچی ناوچەی باکوری فورات ئاوەدان بوو خەڵکێکی زۆر تیایدا دەژین. رۆژی وابوو خۆم و کاروانەکەم بەشەش- ھەشت گوندا تێدەپەڕین و جاری وابوو ئەم ژمارەی ئاوەدانیانە دەبوو بەدوو ئەوەندەو سێ ئەوەندە.

دوو بەشی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە کوردن و بەشێکی ئەرمەنی . ھەروەھا چەند

گوندێکی چەرکەس لەناوچەکەدا بەدی دەکرێن. ئەوچەرکەسانە خەڵکی ئێرە نین بەڵکو لەقەفقاسەوە هاتوون بۆیەشی ئاسایی تورکیا لە وەعزی خۆیان زۆر نارازین و دیانەوێ بچنەوە سەر ڕێگاو جێگای پێشوی خۆیان . ئەمانە یەکەڵکی جوتیاری نەدەهاتن و وەرزێرو ڕەزەوانی باشیش نەبوون، کەمتەرخەم و تەوەزەل و بێ سوبالات، خەسڵەتی هەرە دیاریان ئەوەبوو بەهیچ جۆرێک سڵیان لە خوێنڕشتن نەدەکردەوە. کاتێک لەنزیک گوندەکانیانەوە پارم خست بەکۆمەڵ هاتن بۆلام و ڕازو نیازی خۆیانیان بۆباس کردم و گرێی دڵیان کردەوە. داوایان لێ کردم یارمەتیان بدەم بەوەی لەشار یاخود لەئەستەمبوڵ یان لەلای باڵوێزخانەی ئروس داواکاریەکەیان بخەمە ڕوو بەڵکو، ئێن بچنەوە سەر ڕێ و شوێنی جارانی خۆیان. من وای بۆ ئەچووم گوایە ئەم پسولمانانە کە للەرەق و سەرسەختن و لەکەری شەیتان ئاینە خوارەوەو ماوەیەکی زۆر بەگژ لەشکری ئروس داچوون و ئنجا هەڵاتوون و کۆچیان کردووە بۆ تورکیا و هیچ پێویست ناکات من خۆم لەم کێشەیە هەڵقورتێنم. ئەم بۆچوونەم لەجێگای خۆیدا نەبوو.

پێویست بوو لەلای کاربەدەستانی تورک هەوڵیان بۆبدەم وشتێکیان بۆبکەم.

زۆر کەم لەوخەڵکە زمانی ئروسییان دەزانی. ئەوەی بەئروسی قسەی دەکرد تەرجومان بوو هێنرابوو بۆ ئەوەی ڕازو نیازو خەم و پەژارەی ئەم خەڵکە بخاتە بەردەمم. هەربەم ڕێگایە پیاو خەڵک و وڵات و مرۆڤی تر دەناسی و لەنزیکەوە شارەزایی خواست و هەست و ئەستیان دەبێ. ئینجا دەرئەکەوێ چۆن پیاو قەدرو حورمەتی لەچاوی خەڵکدا پتر دەبێ ئەگەر بێتو خەمی خەڵکی بخوات و، بۆیان بەپەرۆش بێت و، هەوڵیان بۆ بدات و لەکاتی لێقەومان وتەنگانەدا پشتیان بگرێت.! ڕاستە ئەم کارە هەروا ئاسان نییە و زۆر لەسەر پیاو ئەکەوێ وکات و هەوڵ و کۆششێکی لەئەندازە بەدەری گەرەکە، ئەم هەویرەش ئاوێکی زۆر دەکێشێ ، بەدەست خۆت نییە تێدەکەوی و، لەکێشەیەکەوە بۆیەکێکی تر، قسە قسە ئەهێنێ و ئەبات و، کورتانی دەجاڵ ئاسایی نابڕێتەوەو، بابەتەکە ئەبێ بەحیکایەتی مێش.

من زۆرجار لەو باوەڕەدا بووم کە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی – ئیستەرەم- شتی دەوێ، داوا ئەکات وبێ دادەگرێ جا هەقدارو هەق بەدەست بێ یاخود بەناهەق بێ ئەو هەر سوورە لەسەر قسەی خۆی و داواکاری خۆی بەهەق و ناهەق. ئەم کردارەی پیاوی ڕۆژهەڵاتی ئەو سوڵتان و شاهانە دێنێتە یاد کەبێ چەندو چۆن، بێسڵ و تەقیەو بێ

سنور حوکمڕانی ئەکەن و بڕیار ئەدەن و فرمان دەرئەکەن بەبێ ئەوەی هیچ هێزێک بتوانێ ڕادەوسنور بۆ دەسەلات و فرمانیان دابنێ. مرۆڤی ڕۆژهەلاتی لەزگماکەوەو لەناخیدا بەم جۆرەیە و بەم جۆرە بیر ئەکاتەوە هەڵئەسورێ.

ئەگەر بێتو نیشوکار بەپێی ئەقل ژیر ڕێکبخرێن و دادو عەدالەت لەبەرچاو بگیرێ، ئەوا پیاو رادێت ژیرو عادیلانە بجولێتەوەو کاربکات و دەتوانێ بەباشترین شێوە سوود لەبارو دۆخ و دەوروبەر وەربگرێت و بڕیاری ڕەواو عادیلانەش ئەدات.

من بەش بەحالی خۆم حەزم لەناوبژی و ناوبژی کردن ئەبوەو نییەو ئەمویستووە ئامۆژگاری خەلکی بکەم. بەبێ خواستی خۆم و بەبێ ئەوەی من بەدوێ کێشەیەک و نیشەکە بوو بەرپشمەوەو دەبوو مامە خەمە ئاسایی ناوبژی بکەم و خەم و مشوری خەلکی بێگانە بخۆم.

هەر کە گەیشتمە چێقیرمە دەست بەجێ تووشی بووم. چەند لایەنێکی جیاوازو بەگژ یەکتری دا چوو لەبەر دەمم قووت بوونەوە:-

قایقامی ناوچە، ئەرمەن و کەشیشەکەیان، ڕیش سپی گوندەکە، کوردو چەرکەسەکان.

ئەگەر لەهەندێ شتی لاوەکی و لایەنی بچوک چاوپۆشرێ، کێشەکە ڕووداوێکی گەورەو هەناو هەژێن بوو. گوایە کوردەکان (٦٠٠٠) سەرمەڕی چێقیرمەو گوندێکی دراوسێیان بەتالان بردووە.

قایقام دەیویست خۆی بنوێنێ و هێزو دەسەلاتی خۆی بەسەرناوچەکەدا پیادە بکات. بۆ ئەم مەبەستە دەیویست پەلاماری ئەرمەنەکان بدات و ئەمەی بۆ هەڵئەدەسووڕا چونکە ئەوهێزە چەکدارەی لەبەردەست دانەبوو ئەم کارە پیادە بکات. پێشتریش دەجەندرمەی چەکداری ناردبووە سەر کوردەکان، کوردەکان لێیان هاتبوونە دەست و شکاندبوویانن و دەریان کردبوون. وەک بۆم باسکرا لەم شەرەدا کەکوردەکان دەستیان کردۆتەوە ئەرمەنییەک و جەندرمەیەک کوژرابوون و یەکێکی تر بەسەختی بریندار بووبوو ئەوانی تر هەلاتبوونەوە.

قایقام دۆش دامابوو نەیدەزانی چی بکات و باروودۆخەکە چۆن ئاسایی بکاتەوە کێشەکە بەچ لایەکدا دەشکێتەوە؟!

ئەرمەنەکان لەترسان گوندو جێگاو ڕێگای خۆیان بەجێهێشتبوو پەنایان بردبۆ بەر چەر گکەسەکان و چەرکەسەکانیان بەسەرۆک و خۆیانیان بەمەسکێنی ئەوان

ناسـاندبوو بۆئەوەی بیـان پارێزن و ڕزگـاریان بکەن. لەوەش زیاتر ئەرمـەنەکـان ڕایانگەیاندبوو ئەگەر بێتو لەدەست کوردەکان قوتار بن و ڕزگاربکرێن ئەوا ئامادەن دەست لەئاینی خۆیان هەڵبگرن و ببن بە (پـسولمان)[1] . کوردەکان لەلای خۆیانەوە بەسوێندو قوورئان پاکانەیان ئەکرد و حاشایان لەو ٦٠٠٠ سەر مەڕە کردووە وتیان: ئەمە درۆو دەلەسەو بوختانە پێمان ئەکەن ئێمە شتی وامان نەکردووە ونایکەین، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تروە ئەم خاک ولاتە موڵک و مالی ئێمەیەو ئێمە خاوەنەکەین و ئەمەش ماف و هەقی ڕەوای ئێمەیە باج لەمەسکێن و ڕەنجدەرو ژێر دەستەکانمان بستێنین.

کاربەدەستانی تورک لاری یان لەمەنیەو بگرە دانیان بەو مافەی ئێمەدا هێناوەو

(١) ئوێنەری ئەرمەن و کەشیشەکەیان کەبەناوی ٢٠ گوندی ئەرمەنەوە قسەیان بۆ کردم، بەسەرهاتەکەیان لەنووکەوە بۆگێڕامەوەو ئینجا داوایان لێکردم یارمەتییان بدەم بۆ ئەوەی ببن بەپسولمان بەڵکو دەرگایەکی بەرەحمەتیان لێ بکرێتەوەو هیچی تر ڕاوو ڕووت نەکرێن و سزا نەدرێن. بەڵام جگە لەمسولمان خۆی و کاربەدەستانی ناوچەکە بەبێن داگرتن و سوورببوونەوە ئەم داواکارییەیان ڕەتکردەوە. چونکە ئەم لێبڕسراوانە ترسی ئەوەیان لەدڵدا بوو، هەواڵی بەکۆمەڵ پسولمان بوونی ئەرمەنی تورکیا لەولاتانی ئەوروپا بڵاوەبێتەوەو دەنگ ئەداتەوە و هەراو هۆریا بەرپانەکاو گێچەڵ و سەرێشە بۆ کاربەدەستان دەنێتەوەو ناویان بەخراپی دەزڕێ. کە گوێم لەم قسانە بوو دەمم بوو بەتەڵەی تەقیبوو، بەحەپەساوی سەرسوڕمانەوە لەکەشیشەکەم پرسی: دوای ١٥٠٠/ ساڵ مەسیحییەت، قوربانی دان، خۆڕاگرتن، کوێرەوەری و بەدبەختی تۆشبوون و سووربوون لەسەر باوەڕو بڕوای ئاینی باوو باپیران، دوای ئەو هەموو ئەهامەتی و دەردی سەریەی لەسەر ئەم ئاینە بەسەرتان هاتووە هەروا بەسووک و ئاسانی دەستبەرداری ئاینەکەتان دەبن و دەست لەداب و دەستووری خۆتان و باب و باپیرانتان هەڵدەگرن و دەچنە سەر ئاینێکی تر؟! ئایا من لەسەر هەق نیم ئەگەر بڵێم ئێوە زیندەوەرو ئاژەڵ و موڵک و ماڵتان لەئاینەکەتان خۆشتر دەوێ؟! کەشیشەکە سەری هەڵبڕی و تەماشایەکی کردم وتی: ئەوی ڕاست بێ، ئێمە ئێستا پتر لەجاران چارەمان کراوەتەوەو ئاقڵ و ژیرتر بووین ڕاستە وەک تۆ ئەڵێی خەڵک موڵکو ماڵی خۆش ئەوێ، بەڵام هۆی ئەم گۆڕانەمان ، ئەک گومڕابوونمان ، ئەمەیە: هەڵبەتە پێغەمبەر لە عیسا گەورەترەو خوای بەخشندەو میهرەبان یارمەتی و هیدایەتی ئەم گۆڕانەمان بدات و دەست بەپشتمانەوە بگرێ. ئێمە بەدرێژایی ئەو ١٥٠٠ ساڵە ئەرکی سەرشانی خۆمان بەرامبەر بەوکەسە جێ بەجێ کردووە کە گوایە کوڕی خوایە، لەمەش زیاتر ناکەین و تا ئێرە بەسە خۆ ئەگەر ئەو چاوەڕوانییە دووروودرێژە بێ هودەیەی ئێمە کردمان ئیرادەی خوای لەسەربووبێ ئەوا دیارە یان خوا خۆی ئەم لەرێ لادان و بەهەڵەچوونەی لەچارەمان نووسیوە یاخود عیسا کوڕی ئەو نییە. ئێمە ماوەیەکی دوورودرێژ پتر لەپێویست بەهەڵە چووین و سەهوو بووین. سووربوونیشمان لەسەر ئاین و بڕواکەمان وای لێ کردووین شایستە بێ بەوجۆرە سزا بدرێین کە ئێستا ئەدرێین. ئەوی ڕاست بێ من لەم قسانەدا جۆرە زیرەکی و مەنتیقێک دەبینم.

پێی رازین. تۆزێک رامام و لەدڵی خۆمدا وتم من هەقم چییە بەسەر ئەم بەڵای لابەلایەوە. بەخەڵکەکەم وت: من مافی ئەوەم نییە خۆم لەم شتە هەڵقورتێنم و باشتر وایە خۆتان کێشەکە لەنێو خۆتاندا بە لایەکدا بخەن.

وادیارە هیچ لایەنێکیان بەو قسەیەی من قایل نەبوون و وتیان:

نەخێر تۆ دەتوانی قسەیەکی خێر لەمەسەلەکەدا بکەیت ، وەک ناوبژی کارێک ناوێک بەئاگرەکەدا بکەیت و، بەڵکو خواو راستان و بەهۆی ناوچەوانی تۆوە ئاشتی و ئاسایش و مەسلەحەت جارێکی تر لەو دە گوندو ناوچەیە جێگیر بێنەوە.

ئەو خەڵکەی لەگەڵ خۆمدا بوون و کاروانچییەکەتش هەرهەمان بیرو بۆچوونیان هەبوو، بەلایانەوە وابوو کەمن دەتوانم شتێک بکەم. سەرم هێناو سەرم بردو امام کێشەکەم لەبیرو مێشکی خۆم داهێناو برد هیچم بۆ نەکرا. نەمتوانی قسەکەیان بشکێنم و لەم مەسەلەیەدا لاریی نیشان بدەم.

ئەوی راست بێ ئەم ناخۆشی و شەڕە، پێویستی بەکەسێک بوو کە ئەرکی بەلایەکدا خستنی نیزاعەکە بگرێتە ئەستۆو بێ لایەنانە بجوڵێتەوە هیچ لایەنێک کاری تێ نەکات و هەموو لایەنەکانیش پەسندی بکەن.

پەیداکردنی ئەم جۆرە کەسانە لەبارو دۆخی ئاوا ئاسازو ستەم و نالەبارەدا سوک و ئاسان نیە. هەموو لایەنەکان و قایقامیش بەتێکرایی لەو باوەڕەدان بوون کەمن شایستەی ئەم ئەرک و فرمانەم و ئەتوانم بەقسەی خێرو ئامۆژگاریی و ناوبژیی رەوا، خەڵکەکە رێک بخەمەوەو ئاگرەکە دابمرکێنمەوە. وەک بۆم ساخ بۆوەکاربەدەستە تورکەکان لەم کارە نائومێدبووبوون چونکە هەرچی هەوڵیان دابوو هەر کۆششێک لەم بارەوە کردبوویان نەک بێ ئەنجام بوو هیچی لێ نەکەوتبووەوە بگرە ئەوەندەی تر ئاگری ناخۆشییەکەی خۆش کردبووو بارودۆخەکەی گرژترو نالەبارتر کردبوو. قایقام دەستەو وەستان و بێ دەسەڵات بوو هیچی لەدەست نەئەهات و نەیدەزانی چی بکات و کارو پیشەی هەر پەکو پەکو و رامان و حەپەسان بوو. باشە نامە بنووسێ و کاربەدەستان لەم بارەیەوە ئاگادار بکات؟! نەخێر ئەمە نابێ چونکە بەزیانی خۆی ئەگەڕێ و بێ دەسەڵاتی و هیچ لەدەست نەهاتویی خۆی دەرئەخات و کاربەدەستانی دەوڵەت دڵیان لێ ی گرمن دەبێ و لێ ی نەکەونە گومانەوە. کوردەکان بەهیچ جۆرێک سەریان بۆ دانەئەنواند (یاخود وەک خۆی ئەیوت: عەلەل ئەمری نەبوون)

بەو (٥٠) سەربازەی قائیمقام هەیبوو ناوچەکە ئارام نەئەکرایەوە، نەئەهاتەوە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی کاربەدەستان. دەوڵەتیش ئامادەنەبوو جەندرمەو سەربازی تر بۆ قائیمقام و ناوچەکە بنێرێ. قائیمقام خاوەن ماڵ و منداڵ بوو لەوە ئەترسا کێشەکە تەشەنە بکات و بۆی ببێتە مایەی ماڵ وێرانی و وەزیفەکەی لەدەست بدات. لەوسەردەمەی ئەوسای تورکیادا دەرکردن و لەسەرکار لابردن و گواستنەوە شتێکی ئاسایی بوو، بێ گومان ئەمەش بەگشتی ماڵ وێرانی و بەدبەختی ئەو جۆرە مرچەخۆرانەی لێ ئەکەوێتەوە.

دوو پێشنیاز خرانە بەردەستم: یەکەم: کێشەکەو قسەی هەموو لایەنە بەشەرهاتووەکان و بیروڕای خۆم لەدەفتەری یادداشتەکانمدا بنووسمەوەو لەئەستەمبوڵ بیخەمە بەرچاوودەستی کاربەدەستان. من ئەمەم بەدڵ بوو. یاخود دووەم: من هەوڵ بدەم ڕێکیان بخەمەوەو هەموویان لەیەکتری خۆشبن و ئاشت بێنەوەو کێشەکە بەیەکجارەکی بەلایەکدا بخرێت.

دەبوو هەردوولا سوێند بە ئینجیل و قورئان بخۆن بۆ ئەوەی بێ زیادو کەم شتەکە چۆن قەوماوە لەنوکەوە بۆم بگێڕنەوەو، منیش بتوانم بڕیارو فرمانی ڕەواو عادیلانە بدەم و هیچ لایەک ناهەقی بەرامبەر نەکرێت و مەغدور نەبێ. لێرەوە نامەوێ هیچی تر خوێنەری خۆشەویست بەم ڕووداوە مێشک خۆرە سەرقاڵ و بێزار بکەم. ئەمە چارەنووسی خەڵکی ئێرەیەو بێ پسانەوە بەدەستیەوە دەناڵێنن و پێوەی دەتلێنەوە. ئەوەی من باسم کرد ئەکرێ بڵێی مشتێکەو نموونەی خەرواڵێکە، چۆن و بە چ شێوەیەک پەتریارک و کڵێسە لەو ناوچانەو لەناو ئەو خەڵکەدا هەڵس و کەوت ئەکەن و دەجوڵێنەوەو هەڵ ئەسوڕێن، چ جۆرە کاربەدەستێک لێرە کاریان بەدەستەو ئیشیان پێ سپێردراوە؟!

بڕوانە ئەم چارەنووسە نالەبارو ڕەشە:-

لەلایەکەوە تا دڵ حەز ئەکات خوا سروشتێکی جوانی ئەفساناوی بەتورکیا

بەخشیوە، لەلایەکی ترەوە حکومەتێک لەتورکیادا فەرمانڕەوایە لەیەککەوتەیی و لێ نەهاتوویی و خراپی دا لەرادەبەدەرەو بگرە لەهەموو سنورێکی تێ پەڕاندووە.

تەنانەت لە توانای دانیە هیچ جۆرە هارمۆنی و تەبایی و رێک و پێکی لەناو میللەتدا جێگیر بکات و دەستەبەری بین، بگرە خۆی هۆیەکە لەهۆیەکانی ئەم ناتەبایی و ئاژاوەو نارێک پێکی یە! خۆ ئەگەر باری سەرشانی خەڵک قورستر ئەکات ئەوا هەر نابێ بیر لەسوک کردنی ئەوبارەی سەرشانی میللەت بکرێتەوە تا ئەو حکومەتە فەرمانڕەوابێ!

## بەشی شانزە:
## •لەمەدراکەوە بە ئەرزە رۆم دا بەرەو تراپیزونت

### کۆتایی گەشتەکە

سێی تەموز لەگوندی مەدراک بارم خست و خێوەتم هەلدا. ئەم گوندە لە چاڵێکدایە لەسەر چیای پالانتۆکام بەتایبەتی لەبەری باکوری لوتکەکەیەوە کە وەک شورەو چەپەرێک ئەو رەشەبایە دەگێڕێتەوە کە بێ پسانەوە لەناوچەکە هەڵی ئەکات.

ئێرە نزیکەی ۱۰۰۰۰ پێ بڵندە بۆیە ئەوشەوەی لێرە بەسەرم برد زۆر ساردبوو هەروەختابوو لەسەرما رەق بینەوە ئەمە دواجارە لەجێگای وابڵند شەو بەسەربەرم چونکە لەمەولا ئەو شوێنانەی پێیاندا دەڕۆم و ئەو جێگایانەی باریان لێ ئەخەم بەگشتی ۶۰۰۰ پێ نزمترە لێرە. رۆژی دواتر واتە (٤)ی تەموز بە بڵندترین شوێنی پالانتۆکام دا تێپەڕیم (پالانتۆکام بەتورکی مانای زین[1] شکێن دەبەخشێ) هەردوو بارۆمەترە کەم بەرزترین شوێنی ئێرەیان بە ۱۰۸۰۰ پێ نیشان دا.

لێرە دەوڵەتیی تورک دوو قوڵلەی دروست کردووە هەریەکە کیلۆمەترێک لەوی تردوە دوورە، ساڵی ۱۸۹۳ ئەم دوو سەنگەرە تەواوکراون. ئەم دوو قوڵلەیە زۆر سەخت و قایمن لەلایانەوە چەند چاڵێک هەڵکەندراوە، چاڵەکان لەسەر شێوە خەندەقن و پتر قایمکاریی بە دوو قوڵلەکان ئەبەخشن. دەتوانم بڵێم ئەمانە بەگشتی سەخت ترین قایمە جێگاو سەنگەری شەڕکردن و داکۆکی کردنن لە جیهاندا. خۆ ئەگەر پیاو لەم قوڵلانەدا بەدڵسۆزی شەڕبکات و دەست نەدات، سەختە دوژمن زەفەر بەرێت و بەرەوپێش بێت. بۆ دروست کردنی ئەم دوو قوڵلەیە، جاددەیەک لە

---

١- زین لەعەتدی ئاژەڵە ئەلئاغی پێ ئەوترێ. لەسەر پشتی ئەسپ ئەبەستری و سوار لەسەری دائەنیشێ، وەرگێڕ.

ئەرزەڕۆمەوە ڕاکێشراوە بۆسەر بەرزاییەکانی پالانتۆکام و کەرەسەی پێویستی ی دروست کردنی ئەم دوو جێگا مەحکەمەیان پێ داهێنراوە. ڕاستە ڕاکێشرانی ئەم جۆرە شەقامە ڕێگایانە بە تایبەتی لەناوچەی سەختی وەک ئێرە شتێکی ئاسایی و باوێی یە لەتورکیادا، بەلام لەوەدەچێ گرنگی ی ناوچەکە بۆتە مایەی ئەوەی بێ درێغی و کەمتەرخەمی کردن ئەم جاددەیە دروست کرابێ.

لە دوا هێرشدا کە ڕوس کردوویەتە سەر ئاسیای بچوک و تیایدا لەهەندێ بەرەوە بەسوودو قازانجی تورک تەواو بووە، ئەرزە ڕۆم لە دەست دراوە. بەپێی قسەی باوێن، دوو بەرەکی ئێو لەشکری ڕوسی بۆ تەمایەی لەدەست دانی ئەرزە ڕۆم و لە شەڕی ناوچەی دێڤی بویوون (واتە ملە حوشتر) بەتەواوەتی کەوتۆتە دەست تورک بەیەکجاریی لەدەست ڕوس چووەو ئیتر تورک بەهیچ جۆرێک دەست بەرداری ئەم شارو ناوچەیە نەبۆتەوە. بەقسەی خەلک تورکەکان دوای ڕاوەستانی شەڕ دەستیان بەسەر شارو دەوروبەرو سەنگەرەکانی دا گرتووە. هەندێ بەلگە ئەم قسەیە پشت ڕاست ئەکەنەوە وەک:

دوای شەڕی دێڤی بویووم ئەرزە ڕۆم دڕاوە. ئەرزە ڕۆم دەروازەی ئاسیای بچوکەو زۆر جێگای سەخت و سەنگەری قایمکاری تیادایە خۆ ئەگەر لەشکرێکی چاکی شەڕکەرو ڕێکی پێکی تیادا مۆل بدرێت ئەوا ئاسان نی یە ئەم ناوچەیە لەلایەن ئەو دوژمنەوە بگیرێ کە لەقەفقاسەوە هێرش دەهێنێ. ئەم شارە دەروازەیە، شکانی ئەم دەروازەیە شکانی تورک و بگرە گیرانی ئەستەمبولیش لێوەی ئەکەوێتەوە. جابۆیە زۆر کەس دەلێ ئەرزەڕۆم بەشەڕ نەگیراوەو لەشکری ڕوسی لەناوخۆیدا ناکۆک بووەو تورک هەلەکەی قۆزتۆتەوەو دەستی بەسەرداگرتووە.

شورەیەکی قایم بەدەوری ئەرزە ڕۆم داکێشراوە، لەدوای شەڕی ناوبراوەوە هەشت قوللەی تر دروست کراوە. لەو شوێنەش کە ئەرزە ڕۆم بەسەر نشێوی پالانتۆکم دا دەڕوانی چەند ئوردووگایەکی ڕێک و پێک دروست کراوە بۆ ئەوەی شارەکە

ئەوەندەی تر قایم بکرێت. هەر لەسەر ئەو نشێوی یە کە کەوتۆتە نێوان ئەرزە رۆم و بەرزاییەکەی پالانتۆکام ئۆردوگای دێڤی بۆیوم هەیە ئەمەش پتر ترسی داگیرکردنی شار دەڕەوێنێتەوەو وەک پالپشتێکی پتەوو سەخت خۆی لەبەرامبەر هێرش کاراندا رادەگرێ.

ئەم قوللەو سەنگەرو ئۆردوگایانە بەجۆرێکی وەستایانەی ئەوتۆ دروست کراون ستەمە دوژمن بتوانێ هێرش بێنێ و خۆی رابگرێ. ئەم سەنگەرانە کە پشتیان بەپشتی یەکتری بەوەیەو لە دوای یەکتری دێن لەچەند لایەکەوە دەتوانن دەور بگێڕن و هێرشی داگیرکەرو دوژمن بشکێنن و بگرە پشتاوپشت بیرەڤێننە دواوەو مەترسی لە شار دوور بخەنەوە. خۆ هێرشێکی دوژمن کە لەباکوورەوە بێت ئەگەرچی بەهێزو تواناو ژمارە زۆر و پرچەکیش بێ و تفاقی مۆدێرنی جەنگی زۆرو زەبەندی پێ بێ لەکران نایەت ئەم هەموو قوللەو سەنگەرو قایم کاری یانەی ئەرزە رۆم و دەورویشتی بشکێنێ و خۆی نزیک بکاتەوە. بەواتایەکی تر، ئەرزە رۆم دەروازەو کلیلی چوونەناو ئاسیایی بچوکە بۆیە تورک چی لەدەست هاتووە کردوویەتی بۆ قایم کردنی ئەو شارەو لەشکان نەهاتنی. نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە سەنگەرو قایەکاری و قوللەکانی پالانتۆکام تا بڵێی سەخت و لەشکان نەهاتووەو لەتوانادا نییە بگیرێن یان بشکێن. بۆیە دەڵێم تورک کوششێکی فەرهادانەی لێرە داکردووەو بەمەش سەرنجی چاودێر کاران و پسپۆڕانی بۆلای خۆی راکێشاوە.

زەلامێکم نارد بۆ ئەرز رۆم لە رێگایدا بازێکی جوانی کوشتبو بۆی هێنامەوە منیش لە باڵی راستیەوە تاکۆتایی باڵی چەپی پێوام بۆم دەرکەوت کە ٤/٣-٧ پێ درێژە.

رۆژی چواری تەمووز گەیشتمە ئەرزە رۆم. ئەم شارە لەسەر ناوچەیەکی بەرز دروست کراوە کە نزیکەی (٦٠٠٠) پێ لەرووی دەریاوە بڵندە. ناوچەیەکی ساردو

سەرمایە. ئەوی راست بێ هەوا ساردەکەی بێزاری کردبووم.

کۆنسۆلی گشتی روسی ماکسیموف لە ئەرزە رۆم پیاوێکی سەروڕوو خۆش و میوان دۆست بوو. بانگهێشتی کردم. هەرچی کردم نەمتوانی داوایەکەی قبوڵ نەکەم. ئیتر پاش ماوەیەکی دوورو درێژ بۆیەکەم جار کاروان سەراکەم جێ هێشت.

ژمارەی دانیشتوانی ئەرزە رۆم (٥٠٠٠٠) کەسەو مەڵبەندو ناوەندێکی گرنگی بازارو بازرگانی و هاموشۆیەو ئەمەش لەزۆربەی زۆری ئینسکلۆپیدی یەکاندا باسکراوە. ئیتر هیچی تر بە پێویستی نازانم بەڤوونەو باسی رۆتینی و رۆتین ئاسایی بایەخی لەشکری و سیاسی ئەم ناوچەیە باس بکەم کە پڕ بەپێستی خۆی باسم کردووە.

دوای چوار رۆژ مانەوەم لەئەرزە رۆم رۆژی ٩ی تەمووز ئێرەم بەجێ هێشت و بەرەو ترابیزۆنت کەوتە ڕێ. ئەمەش دوا قۆناخی ئەو گەشتەمە کە تا ئێستا بە وشکانی و سەرزەویدا کردوومە. ئەو ڕێگایەی بڕیم راستە جوان و خۆش نەبوو، بەڵام تا رادەیەک شەقامە ڕێگابوو [1] لە ئەرزە رۆمەوە بە بایبورت دا تێپەڕی بەرەو ترابیزۆنت.

لەئەرزە رۆمەوە تاوەکو گەیشتمە دوا مەنزڵی سەرزەوی واتە ترابیزۆنت، لەم جێگایانە بارم خست: گوللابی قوم، مەنادین خانی، بایبورت، تورزقسوس، تاش کۆپری و چایرلیک . لە ١٠ی تەمووز سەر چیای کۆپ داغ کەوتم چونکە جا دەرێگاکە بەوێدا تێدەپەڕی بەفرێک کەبەباوە ئەباری بەتەواوەتی شەکەت و بێزاری کردم. بارۆ مەترەکەم ئەم بەرزاییەی بە(٩٧٠٠) پێ نیشان ئەم پێشوانەیەم

---

١– تورکیا کاتی شەرەکەی ئەم دواییەی لەگەڵ ڕوسدا ئەم جادەیەی راکێشاوەو بە دەستوبردی تەواوی کردوە، ئیتر پشت گوێ خراوو بایەخی پێ نەدراوەو بگرە هیچ خەمێکی پاراستن و قەیارکردن و چاک کردنەوەی نەخوراوە لەوشوێنانەی رووبارو ئاوی لافاو ئاوەست و پردەکانی بردووەو جارێکی تر چاک نەکراونەوە.

بەکەمتر دەرانی لەوەی کە هەیە، من بەگوێی خۆم لەئەرزە ڕۆم لەخەڵکی شارەزاو پەیوەندی دارم بیست کە کوپ داخ ئەوەندەی پالانتۆکام بەرزە واتە ١١ هەزار پێ.

هەروەها کونسولی ئینگلیز لەتەراپیزونت میستەر لۆنگەورت کە من دواتر پێی گەیشتم و بەیەکەوە لەم بارەیەوە قسەمان کرد، هەر لەوباوەڕەدا بوو کە کوپ داخ نزیکەی (١٠) هەزار پێ بەرزە. ئەم کۆنسولە سەرگەرمی کۆکردنەوەی بەڵگە و زانیاری بوو بۆ دروستکردنی نەخشەیەکی نوێ جوگرافیایی ناوچەکەو نیازی وابوو دواتر بەرزاییەکە بپێوێ.

لەباکوری تۆرژنوس بەرزاییەکی تری وەک: کوپ داخ دێتە بەردەم و بارۆمەترەکەم بە(٩٤٠٠) پێ نیشانی دا. چیای پۆنتی کەوتۆتە نێوان ئەرزەرۆم و دەریاوەو وەک زنجیرەیەک ولەرۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا بەرزو نزم ئەکشێ و سوارو پیادە ئەگەر پیایدا بڕۆن ئەبێ بێ پسانەوە لێرە سەرکەونە سەرەوەو لەسەرەوە جارێکی تر بێنە خوارەوە ئیتر بەرزی ونشێوی و پێچ و گەوەو لۆفەی بێ پسانەوە ئەم زنجیرە چیایە پێک ئەهێنێ.

ئەو زەوی و زارەی کەوتۆتە نێوان ئەرزە رۆم و دەریاوە ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت و جوان و رەنگینەو دۆڵ و نشێوەکانیش پڕ لەداری بەرن.

دەربارەی دانیشتوانی ناوچەکە دەتوانم بڵێم: ئەگەر مرۆڤ ئەرزە رۆم جێ بهێڵێ و ڕوویکاتە باکور وردە وردە کوردو ئەرمەن نامێنن و خێڵی (لاس) بەرچاوەدەکەوێ کەلەم ناوچەیە نیشتەجێن. خێڵییەد چەموش، دڕو شەرکەرو شەرفرۆش و خوێنڕێژ رێگرو چەتە. کوشتن و بڕین و تالان شتێکی ئاساییە بەلایانەوە بگرە ئیش و کارو خەمی ژیانی ڕۆژانەیانە.

ئەوەی لەمە پتر سەرنجی راکێشام هەڵوێستیانە بەرامبەر بەژن.

ژن لەلای پیاوی ئەم خێڵە بەگشتی هیچ رێزو حورمەت و پلەو پایەیەکی نییە. ئەوان ژن بەبەڵایەکی ناچاری دائەنێن کە بۆ منداڵ بوون و زاوزێ و ئیش و کاری

ناوماڵ ناکرێ پیاو دەست بەرداری بێت.

لەنێو خێڵی لاسدا هەروەک لەئەلبانیادا وایە، شەرمە ئەگەر کورە لاوێک حەز لەکچێک بکات یان بەسەریدا هەڵبڵێ یان ناوی بهێنێ. کەچی زۆر ئاساییەکە پیاو لەلایان نێربازێت! ونێربازیی و سێکس لەگەڵ مێیر منداڵێکی نێردا جۆرە ئازایەتیەکە بەهیچ جۆرێک لەشەڕی بەرەو ڕێگریی کەمتر نییە. پەسندکردنی نێربازیی لەلای خێڵی لاس و ئەلبان و سەرانسەری ڕۆژهەڵات شتێکی باوو ئاساییە و هیچ ئەنگییەکی تێدانییە.

ئەوی ڕاستی بێ من ئەمەوێ لێرەدا قسەی دڵی خۆم بکەم. خەڵکی ئەورووپا لەو باوەڕەدان کە نێربازیی لەرۆژهەڵاتدا باوو ئەمەش کارێکی پڕ شوورەیی و شەرمەزارییەو بگرە ئەخۆشیەکی تایبەتی کۆمەڵایەتی خۆرهەڵاتانە. من ئەم ڕاو بۆچوونە بەراست نازانم و ئەو حوکمەی ئەورووپا داویەتی لەجێگای خۆیدا نییە. من لەگەشت و سەفەرەکانم دا بەچاوی خۆم دیتم بەگوێی خۆم بیستم و بۆم ساخ بۆوە کە لە کۆڕو کۆمەڵە پێشکەوتوو بڵندەکانی تورک و لەنێو عەرەبدا بەتایبەتی بنەماڵەی پێشکەوتووەکان، نێربازی شتێکی شوورەیی و ناڕەوایە و بەهیچ جۆرێک ڕێگای نادرێت.

کە ڕۆژی (١٥)ی ئەمووز پێم خستە ناو ئاوزەنگ و سواری ئەسپەکەم بووم، دڵم پڕبوو هەرچەندی کردم خۆمم پێ نەگیرا. دوای (١٨٠) ڕۆژ کاروان کەلە دیەمشقی شامەوە دەستم پێکرد وا دوایی دێت و ئەمە دوایی گەشتەکەمە.

خێوەت و چادرەکان بەیەکجاریی پێچرانەوەو لێک تران و ئیتر جارێکی تر ناکرێنەوەو هەڵنادرێنەوە. لەمەولا دەبێ لەئوتێل بنووم و پابەندی داب و دەستوورو ڕێ و شوێنی بەڕێوەبەرایەتیەکەی بم. ئەو دەشت و بیابان و چیایەی پێیاندا تێپەڕیم و بڕێن ئەودنیا ئەفسانارییەی ئەو ماوە دوورو درێژە تیایدا ژیام و بەسەرم برد کەهەروەک سوڵتان و شاهێک کەدەسەڵاتەکەی بێ سنووربێ هەڵس و کەوتم دەکردو فرمانم دەردەکردو بڕیارم ئەدا چی بکرێت و نەکرێت! ڕێ

و شوێنم دائەناو ڕەنگی نەخشەم ئەڕشت، چەند سەعاتێکی تر کۆتایی دێت، بەسەر ئەچێ، لەیادگارو وێنەی مێشک و دەروون بەولاوە شتێکی لەپاش بەجێ نامێنێ.

دڵی خۆمم بەوە دەدایەوە کەمن هەتا سەر هەرلەنێو خەڵکی ئاسۆ تەسکی ئەوروپاییدا ناژیم و ناوبەناو نەک هەمیشە وەک دەست و پێوەند یاخود وەک میوانێک لەسایەی سێبەری دەوڵەتێکی پۆلیسیدا دەمێنمەوە، ئەو دەوڵەتەی کە جوان ڕێک خراوەو پەرەی سەندوەو شارستانییەو خواست و ئیرادەی تاکە کەسانی سنور دارکردووە.

ئەمجار من وا بەزوویی ناگەمەوە ئەوروپاو ئەم گەیشتنەوەیەم ماوەیەک دەکێشێ . جارێ لەپێشەوە دەبێ بچمە پایتەختی تورکیا . ئەم شارەش زۆر لەو ئەوروپا پەرەسەندوە شارستانیەوە نزیک نییە. دوا ڕۆژی گەشتەکەم ڕووبەڕووی شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوومەوە.

دنیام زۆر دیوە، زۆر گەڕاوم ، توشی خۆشی و ناخۆشی هاتووم، پەپشک پێم هەڵپڕژاوەو دنیام بەقوونەکەو کردۆتەوە، بەڵام ڕێگای سەخت و ناخۆش و ترسناکی وەک ئەمجارەم نەدیوە، ڕێگایەکی پشت و مل شکێن و وڵاخ بەزێن. زۆرجار دەمگوت هیچ نییە ، من ڕێگای سەختم بڕیوەو ترس و ناخۆشیم بەزاندوەو ئەمجارەش هەروەها بەسەر ئەم کۆسپ و تەگەرەو ناخۆشییانەدا زاڵ ئەبم و بەڕێ تەنگانە کورتە و ئێستا ئاتێستا دەرگایەکی بەرەحمەت دەکرێتەوە... کەچی وابوو واش نەبوو. من لێرە بەڕاشکاوی دەڵێم: هەرکەسێک هەمان ناخۆشیی نەدیبێ و ئێش ئازارەکەی نەچێشتبێ و بەهەمان بارودۆخدا تێنەپەڕیبێ و بەچاوی خۆی شتی وەک ئەمەی نەدیبێ لەوانەیە بەتەواوەتی لەمن تێنەگات هەست بەوەنەکات چیم بەسەر هاتووە. دوێنێ شەو بەلێزمە باران باریی و دنیا هەمووی بەتەواوەتی تەڕبوو. دەبوو بەڕێگایەکدا بڕۆم سەخت و هەڵدێر تەم تەم و بەردایی هەندێ جار خزو لوس هەندێ جار زەوی خوساوو نەرم.

لەهەندێ شوێندا ڕێگاکە لەتوولە ڕێگایەکی ۲ /۱ - ۲ پێ بەرین تر نەبوو لەپڕ بەرداویی و تەم تەم و ئەسپی تاین ساقەی ئەکرد و هەندێ جار لەپەو ڕووو هەندێ جاری تر بەسەر پشت دا ئەکەوت و ئەگەوزی. زۆرجار ناچار دەبووم دابەزم و لەسەر خۆ جڵەوەکەی ڕاکێشم بەڵکو بەبێ نارەقە لێرە دەربازبی، کە لەتەنگژە تێدەپەڕین، دەستم دەخستە سەر دڵم و دەم وت ئۆخەی ڕزگارم بوو . سوار ئەبوومەوەو توزێکی تر دەڕۆیشتن ، ڕێگاکە وا خزوو لوس بوو دەتوت سابونت لێداوە.

ئەسپ بەزەحمەت نەبێ بڕی نەئەکرد دیسان دائەبەزیەوەو جڵە و بگرەو ئەسپ ڕابکێشە و ئیتر بەم جۆرە. ئەم ڕێگاوبانە بەسە بۆ ئەوەی پیاو بەئاسانی و لەئەنجامی دڵە خورپێوە تووشی نەخۆشی دڵ ببێ.

ناچار بووم پەنابەرمە بەرپیاوێکی خەڵکی ناوچەکە بۆ ئەوەی وەک چاوساخ و ڕێ نیشاندەر لەگەڵماندابێ و کۆمەکمان پێ بکات و بەکەمترین زیان و نارەقە و سەرێشە دەربازبین. هێسترێکم خستە بەردەستی وێ سێ ودوو لێ کردن سواربوو کەوتە پێشمانەوەو ئێمەش بەدوایدا کەوتینە ڕێ. لەدڵی خۆمدا وتم لەوە ئەچێ ئەمجارە باشترین وردە وردە لەتەنگانەوە ناخۆشی دووركەوینە. ئەوەندەم زانی کوڕە لاسی چاوساخ تەپ ها لەسەر هێسترەکەی بەربۆوە ئیتر خزی و بەلاداهات کەسەرنجی ئەم لاو ئەولام داچی ببینم لەلای چەپەوە هەڵدێرێکی هەزار بەهەزار و لای ڕاست بەردەڵان و تاشەبەردی لوسی زلی لوت لەئاسمان هەڵچو ئەسپەکەم ساقەیەکی کرد و خزی و هەر چۆنێک بێ خۆی گرتەوە.

بەڵام دڵنیام هەردووکمان سەرمان سوڕاو گێژبووین، چار نییە هەر ئەبێ بڕۆین و بەردەوام بێن لە ڕۆیشتن بۆ ئەوەی بگەینە مەنزڵ. جاروبار بەپارێزەوە سەیری دەوروپشتی خۆمم ئەکردو ئاوڕم لەدواوەم ئەدایەوە کاروانەکە م. ۱۰۰ هەنگاوێک لەپشتمەوە بوو خەڵکەکە دابەزیبوون و بە پیادەی سەرنجیان ئەدات چۆن من و چاوساغە لاس و هێسترەکەی ئەسپەکەی من پێکەوە وەک

قاپقاپمان لەبن بن بەتەقە تەق بەسەر ئەو تووڵە ڕێگایە تەم تەم و بەردینە سەختەدا هەنگاو ئەنێین و بەسڵ و پارێز پێدادەنێین و بەرەوپێش ئەچین. ئەوتاشە بەردانەی لەسەر ئەم ڕێگایە بوون هەر ئەتوت سەریانن و بەدەست دروست کراون. سواری ماینە هێمن و لەسەر خۆکەم بووم کەناوی لەیلایە.. وردە وردە بەهێمنی هەنگاوی ئەناو بەپارێزەوە سەیری پێش خۆی ئەکرد و جاروبار پرمەیەکی لێوە ئەهات. پاش تۆزێک دیسانەوە ڕێگای سەخت هاتەوە پێشمان . ماینی بەستەزمان لەهەموو هەنگاوێکدا هەڵئەخلیسکاو ئەخزی و جارنەبوو لووت و لمۆزی بەر زەوی ئەکەوێ . پیاو چی بکات باشە؟

دڵمان بەخۆماندا گرت و خوا بەتۆکەم هەنگاومان هەڵگرت.. لەناکاوو بێ ئەوەی بڕوا بەچاوم بکەم تەم تەم و ڕێگای سەخت تەواو بوو ئۆخەی سەدجار سوپاس خوایە گیان، ڕێگاکە پێچی کردەوە جارێکی تر هاتینەوە سەر زەوی و خاک و بەردو هەڵدێرو خلیسکان نەما . بەباوەڕی من ئەو ڕێگا پرمەترسییەی بەترس و لەرزەو خوایە هاوار بڕیمان ٤٠٠-٥٠٠ هەنگاو درێژەی کێشاو وایزانم زۆربەی هەرە زۆرمان لەترسان بەحاڵ گیانی تیا مابوو. ئەوی ڕاست بێ من لەم شوێنە تا گەیشتمە ئەوسەری و دەربازم بوو هەموو ساتێک خێوی مردن و ترس و لەرزی ژیان لەدەستدان لەبەرچاوو لەدڵم دابوو.

ترابیزونت ، چ سروشت و چ ناوچە، تابڵێی جوان ورەنگین و دڵگیرە خاکێکی بەپیت و بەرەکەت ئاووهەوایەکی خۆشی سازگار. پڕە لەدارو درەخت ومیوە جگە لەدارو دەوەنی سروشتی . هەوای زستانانی دڵگیرە بۆیە بەراشکاویی دەڵێم: ئەم ناوچەیە ناوچەیەکە لەهەرە جوان و دڵگیرەکانی سەر زەوی . چەند سەعاتێک لەولای قەراخ دەریاوە ناوچەکە بەشەختەو سەهۆڵ دادەپۆشرێ.

لەناوەندی ناوچەکەوە بەدرێژیی ٢٠ کیلۆمەتر تا ئەگەیتە سەردەریا ناوچەیەکە زۆر لەبەهەشت ئەچێ باخ و باخچەو دارستان و شینایی و گوڵ و ڕیحانە.

جوانترین داری بەرو میوەم لێرە دیوە. سوار بەسەعات بەنێو باخ و ڕەزوداری میوەدا ئەروات و تا دڵ حەز ئەکات ئەم بەرو ئەبەر دارو درەخت و سێبەرە. داری کەستانە، گوێز، هەڵوژە، سێو، قۆخ، هەرمێ، بەهێ، گێلاس، بادام، جگە لەرەزە ترێ و رەزی مێوژ. ئێمە لەئەوروپا وامان دیوەو وارائەاتووین کەداری میوە بەجیاو لەنزیک یەکتری یەوە ئەنێژرێن و شین ئەبن.

واتە سێو لای سێو هەڵوژەلای هەڵوژەو ئەبێ تۆزێکیش لەیەکتری یەوە دوور بن و هەموو ساڵێک ڕێک و پێک لقەکانیان ببڕدرێن. کەچی لێرە وانییە داری کەتەو زل و قەوی و بەتەنیشت یەکەوەو تێکەڵاو چڕوپڕ کەپتر لەدارستانی چڕی خڕسک وکێوی دەچن لەگەڵ ئەو نارێک و پێکییەشدا ئەو بەری جوان و دڵگیر دێتە بەرچاو و دڵ.

ئەوی لێرە سەرنجی منی ڕاکێشاو بۆم روون نەبۆوە ئەمە بوو: ساڵانە ترا پیزۆنت بایی چەندین ملیۆن دارو درەخت و تەختە بەئەوروپا دەفرۆشێ کەچی لێرە شوێنەواری داری براوو دارستانی کاول بوو، باخی تێکچوو نەهاتە بەرچاووم باشە ئەم دارانەی بۆ ئەوروپا دەنێردرێن لەچ جێگایەکەوە هاتوون؟

جێگای داخە پیاوی ئەوروپایی ناتوانێ وەک گەڕیدە بێتە ئەم ناوچەیەو وەک هەوار تیایدا ماوەیەک بحەسێتەوەو چێژ لەجوانیی و ڕەنگینی سروشت و هەواکەی وەربگرێ چونکە جێگایەکی پڕ مەترسییەو پیاو تیایدا ئەمین نییە ئایا شتی بەسەر نایەت! لەلایەکی تریشەوە خان و ماڵەکانی بۆ ئێمە جێگای حەوانەوەو تیادا ژیان نین و ئێمە ناتوانین لەم جۆرە خانوو ژوورانەدا بژین.

ترابیزونت شارێکی گرینگ وزیندووە ژمارەی دانیشتوانی (٥٠٠٠٠) کەسە ناوەندێکی بازار و بازرگانی و کارو کاسبیی. وەک بۆم باسکراوەو بەپێی ئەو راپۆرتانەی کەوتوونەتە بەرچاوم داهاتی ساڵانەی ئەم شارە خۆی لە

٨٠ ملیۆن مارک[1] ئەدات.

سامسۆن و بۆتان دوو شاری ترن لەکاروکاسبی و بازرگانی و کڕین و فرۆشتنیدا رقەبەری ترابیزۆنت ئەکەن. بەڵام ترابیزۆنت بەندەرێکی دەریایی باشی هەیەو ئەگەر بەرێگای ئاسن(شەمەندەفەر) بەئێرانەوە ببەسترێتەوە ئەوابێ هیچ دوو دڵی کردنێک هەرچی کڕین و فرۆشتن و بازارو بازرگانی و شت هێنان و شت ناردنە دەرەوە هەیە بەلای خۆیدا ئەیانهێنێ. دوای ئەوە ڕوس جارێکی تر گومرگی لەسەر ئەو شتانە دانایەوە کەبۆ ئێران دەچن ئەوشتانەو ئەوانەی بۆ دەرەوە دەنێردرێن و ئەهێنرێن بەترابیزۆنتدا تێدەپەڕن و ئەمەش جۆرە داهاتێک دابین دەکات. جگە لەو دارو تەختەیەی کەباس کردن و ئەم شارە بەدەرەوە دەیفرۆشێ ئەوا هەر ترابیزۆنت پێستەو قەرووو کەوڵ و خوری و تۆچی زیندەوەرو بەرووبوومی چێڵ و ئاژەڵ و مەڕو ماڵات دەنێرێتە دەرەوە و بەپارەی باش دەیان فرۆشێ.

دەبوو لێرە ڕۆنە کەرە( نیڤیشک) زۆرو زەبەندو هەرزان بێ . کەچی وانییە چونکە کوردو ئەرمەن تابڵێی دواکەوتوون و ئەو ڕۆنە کەرەیەی بەرهەمی ئەهێنن ئەوەندە ناجوان و پیس و پۆخڵە ناکڕێ و ناشێ بۆ هیچ جێگایەک بنێردرێ چ جای بۆ ئەستەمبۆلی پایتەخت، هەربۆیە ئەم بەرهەمە هەر لەناو خۆیاندا دەیخۆن.

وەک بیستومە لە ١٨٩٤ بەولاوە بەپاپۆڕ هێلکەو مریشک بۆ دەرەوە دەنێردرێ.

لەولاتانی ئەوروپاوە شتی تایبەتی دەهێنرێ بۆ ترابزونت بەتایبەتی شەکی لۆکسوس، گەنم و جۆو دانەوێڵە چونکە کوردستان و ئەرمەنستان لەساڵانی ئاساییدا بەشی پێویستی خۆیان دەغڵ و دان ناچێنن بگرە ئەوەی دەشی چێنن

1- ڕاستە ئێستا مارکی ئەڵمانیایی ئەماوەو بوە بە پارەیەکی تر، بەڵام من وای بۆ ئەچم کە مارکی سەردەمی نووسەر کەمتر بووبێ لەمارکی پێش ی ساڵی ٢٠٠٠ کە لەئەڵمانیا کاروباری پێ ئەکرا.
وەرگێڕ

بەشی پێویستی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان ناکات تا بەرهەمی نوێ دێتەوەبەر ئیتر خەڵکەکە چێڵ و مەڕو ماڵاتیان ئەفرۆشن و بەپارەکەی گەنم وجۆی پێویستی خۆیان ئەکڕنەوە. ئەوکاتەی من لێرە بووم گرانیەکی خراپ وڵاتەکەی گرتبووەوە. من بیستم کە گەنم و جۆو نان سێ بەرانبەرو چوار قات گران بوو بوو ئەوەی باری سەرشانی خەڵکی قورستر کردبوو ئەو هەنگاوەی دەوڵەت بوو کە بەپارەی باش دانەوێڵەکەی ئەکڕی و عەماری دەکردو لەچاڵە گەنمی تایبەتیدا بۆ لەشکرو سوارە چەکدارەکانی هەڵی ئەگرت. ئەم کارە نابەجێیەی کاربەدەستانی تورک بوو بەمایەی پتر گرانکردنی دانەوێڵەو دەغڵ و دان لەسەرانسەری وڵاتدا.

ئەوکاتە برسێتی و گرانی و قات وقڕیی لە ئەرمەنستان هەر بەردەوام بوو شتومەک و پێداویستی ژیانی ڕۆژانە بەدەگمەن دەست ئەکەوت. ئەگەر دەستیش بکەوتانە ئەوەندە گران بۆ هەموو کەسێک لەکڕین نەئەهات. لەوەش نەئەچوو شتێک بکرێت بۆ ئەوەی ئەم قات و قڕییە چارەسەربکرێت . کەس نازانی ئەم بارودۆخە بەچ لایەکدا دەشکێتەوەو گرانییەکە چیتری بەدەمەوەیەو چیتری لێ ئەکەوێتەوە؟!

چاوەڕێی هاتنی پاپۆڕێک بووم لەفەرەنساوە. بۆ بەدبەختی لەناوچەکە پەتاو نەخۆشی وڕشانەوەیەکی ڕەش بڵاوببووەوە وکاربەدەستان ناچاربوون هەموو ڕێگایەکی هام و شۆی زەوی دەریا ببەستن و قەدەغە بکەن. ئەمەش بووە هۆی دواکەوتنی ئەو پاپۆڕەی من چاوەڕێم ئەکرد.

پاش چەند ڕۆژێک چاوەڕێ کردن پاپۆڕی تایبەتی لەفەرەنساوە گەیشتە جێ و خۆشبەختانە ئەو فارگۆنانەشی هێنابوو کەمن لەمارسیلیاوە بۆ ئەسپەکانم بەکرێم گرتبوون. بەبێ ئەم فارگۆنانە نەدەکرا ئەسپەکانم لەگەڵ خۆمدا ببەمەوە.

هەر پاش نیوەڕۆی ڕۆژی هاتنی پاپۆڕەکە بارم کردو سواری پاپۆڕبووم و بەرێگای دەریادا بەرەو ئەستەمبوڵ کەوتمە ڕێ.

**کۆتایی گەشتەکە**

# ناوەڕۆک

بابەت


وێنەی نووسەر ٣
- نەخشەی کوردستان بەئەلمانی ٤
- پێشەکی دەزگاو چاپ و بلاوکردنەوە- ١٨٩٥ ٧
- نۆیەم: ٨
درێژەی گەشتەکە
شەری تورک و هەمەوەند
- دەیەم: ١٧
لەقەرەتەپەوە بۆ کەرکوک
- یانزە: ٢٩
لەکەرکوکەوە بۆ موسل
- دوانزە: ٤٠
مانەوەم لەموسل
- سیانزە: ٤٩
لەموسڵەوە بۆ بتلیس
- چواردە: ٦٤
مانەوەم لەبتلیس لەتەپۆلکە بەرزەکانی ئەرمەنستانەوە بۆ فورات
- پانزە: ٧١
کوردە رێگرەکان و خواست و بۆچوونیان
- شانزە: ٨١
لەمەدراکەوە بەئەرزەرۆمدا بەرەو ترابیزونت
- کۆتایی گەشتەکە
-- ناونیشانی چاپی ئەلمانی کتێبەکەو

هەولێر 2004